# کورد لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت

## Die Kurdin in Frankfurter Buch Messe

**یووسف ئەحمەد مەنتک**

2017

ناوي پەرتووک: **كورد لە پێشانگەی کتێبی فرانكفۆرت**

**نووسەر**: یووسف ئەحمەد مەنتك

پیتچنین : نووسەر

نەخشەسازی ناوەرۆك و بەرگ: شێروان فاروق

چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری

تیراژ: 500 دانە

نرخ: 3000 دینار

چاپی یەكەم – 2018 - هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەكان/ هەرێمی كوردستان

ژمارەی سپاردنی ( 57 ) ساڵی (2018)ی پێدراوە

# پێشەکی

بەشداری کورد لەپێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی فرانکفۆرت بۆ ساڵەکانی (١٩٩٠) دەگەڕێتەوە، ئەو کات هەوڵەکان لەسەر ئاستی تاکەکەسی و چەند دەزگەیەک بوون. لەسەر ئاستی دەزگەدا هەردوو دەزگەی (میزۆپۆتامیا)ی سەر بەپەکەکە و (نودەنگی کۆمکار) بوون. سەبارەت بە بەشداری کۆمکار "مام حسەین گولەر" گوتی: "ئەم زوو بەشدار دەبووین، جار هەبوو لەگەڵ چەپی توورکان، جاریش بوو ساڵ نا ساڵێک بەشدار دەبووین. واتە چەند ساڵێک بەشداربووین، لەبەر هەر هۆیەک بێت چەند ساڵێکە بەشدار نابین." دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامیای نزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە، لەوەڵامی پرسیارێکمدا، بەڕێوەبەری ستاند گوتی: "هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٨)ەوەساڵانەبە بەردەوامی و بە بەرنامەی داڕێژراو بەشداردەبین. هەر ساڵێکیش چەندین ناونیشانی بەرهەمی نوێی کتێب دادەنێن." دەتوانین بڵێین میزۆپۆتامیا توانیویەتی بگاتەئاستی پەیوەندی نێودەوڵەتی و ئامانجەکانی وەک پێویست پێکابێت، بەرهەمەکانیان بە زمانەکانی : کوردی، تورکی، ئینگلیزی، عەرەبی، ئەڵمانی، ئیسپانی و چەند زمانێکی تر پێشکەش دەکەن.

هەرچی هەوڵی تاکەکەسییە "د.جەزا چنگیانی" لە وەرامی پرسیارێکمدا گوتی: "من لە ساڵی (١٩٩٠)ەوە بۆ ماوەی حەوتساڵ بە هەوڵی برادەران و دڵسۆزان بەشداریم کرد.مەبەستمان تەنیا پیشاندانی کتێبی و کلتووری کوردی بوو، کەکتێبەکانیشمان لە کوردانی دانیشتووی ئەڵمانیا وەگرتبوو." بەپێی لێدوانێکی "پ.جەمال نەبەز" بۆ بەندە،ئەویش تەئکیدی لە هەوڵەکەی "د.جەزا"وەکو کارێکی کوردانە کردەوە. هەروەها ڕۆماننووس "یاسین بانیخێلانی" لە گفتووگۆیەکدا ئاماژەی بەم

بەشداریکردنەی "د.جەزا" کردۆتەوە. دواتر لەبارەی هەوڵەکانی "د.جەزا" بە نامە و دیکۆمێنت پتر دەخوێنیتەوە.

## بەشداری وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

بیرۆکەی بەشداری وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمبۆ ساڵی-(٢٠٠٣) دەگەڕێتەوە. ئەویش بە هەوڵی ئەندامانی ناوەندەکەمان، چەند کەسێک(ناوەندی زانین و ڕۆشنبیریی کوردی)مان لەشاری مانهایم لە ئەڵمانیا دامەزراند، لە پێناو خزمەتی کلتووری کوردی. دوای ئەوەی بڕیاردرا سەردانی پێشانگەی کتێب لە فرانکفۆرت بکەین. بانگەوازێک بە ناوی ناوەند بڵاوکرایەوە، بە ئامانجی بەشداری و سەردانی کوردانی دانیشتووی شارەکانی مانهایم و لودڤیگسهافن و دەوروبەری بۆ پێشانگەی کتێب. ڕۆژانی پێشەنگەی کتێبی فرانکفۆرت لە ساڵی (٢٠٠٣)دا ، لە (٨_١٣/١٠/٢٠٠٣) بەردەوام بوو، ڕووسیا میوانی ساڵ بوو. ئەوە بوو گرووپێک لەئەندامانی ناوەند لە بەڕێزان: پارێزەر فەرهاد، فوئاد، ئاسۆ، خەبات، یووسف، ئەردەلان، سۆران، ئامانج، هێمن، محەمەد هەولێری، لە ڕێکەوتی (١٢/١٠/ ٢٠٠٣) سەردانی پێشانگەمان کرد. لەڕێی گەڕانەوەدا لەناو شەمەنەدەفەر گفتوگۆیەک سەبارەت بە گرنگی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت و سەفەری گرووپەکەمان کرا. دواتر قسەوباس هاتە سەر ئەوەی، کەکار بۆ ئەوەبکرێت حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشدار بێت. "ئەردەلان عەبدوڵڵا" ئەم پێشنیازەی کرد. ئێمەیش بە باشمان زانی کارێکی لەم جۆرە بکەین و بیکەینە بڕیاری فەرمی لە کۆبونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی زانین و ڕۆشنبیریی کوردی.

دوای کۆبونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەند بڕیارەکەمان دا، نامەی یەکەم لە ڕێکەوتی (٦/٢/٢٠٠٤) نووسرا، بۆ وەزیری ڕۆشنبیریی "فەتاح زاخۆیی" ئیدارەی سلێمانی نێردرا، تێیدا باسی بایەخی پێشانگە و گرنگی

بەشداری کورد کرابوو. بەڕێزیان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی بەپێی نووسراوی ژمارە(418) لە ڕێکەوتی (2004/9/15) بە واژووی وەزیری ڕۆشنبیریی "فەتاح زاخۆیی". نامەی دووەمی ناوەند بۆ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریی لە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/٤/٦) بوو. تێیدا باس لە شێوازی بەشداریکردن چەند تێبینی و سرنجێک سەبارەت بە بەشداریکردن. ئەوە بوو بۆ یەکەم جار وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٤) بەشداریکرد.

لە ساڵی(٢٠٠٤)ەوە وەزارەتی ڕۆشنبیریی بە بەردەوامی بەشدارە، تەنیا ساڵی-(٢٠٠٨) بەشدار نەبوون، لەم ساڵەدا بەشی چاپەمەنی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ک) بەشداربوون. لە ساڵی (٢٠٠٩ )وە وەزراەتی ڕۆشنبیریی ڕۆڵی سەرەکیی لە بەشداریکردندا بینیوە. بەم ساڵەیشەوە (٢٠١٥)پانتایی ستاندی کوردستان لەنێوان (٤م، ١٦م،٢٠ م، ٢٤م، ٤٨م، ٦٤م،-١٢٠م) بووە.

لە ئاستی دەزگەی سەربەخۆدا، لە باشووری کوردستان، لە ساڵی (٢٠٠٧)دا دەزگەی (خاک) لەلایەن کارگێڕی پێشانگە داوەتکرابوون. لەم چەند ساڵانەی دواییشدا چەند دەزگەیەکی دیکەیش وەکو دەزگەکانی: بەدرخان، تێنووس، کوردستان٢١، ڕووداو، هیڤی گروپ- کوردەواری، ڕادیۆی کورد ئێف.ئێم لە ئەڵمانیا، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ماد، پارێزگاری هەولێر بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار، ڤی گروپ بۆ گەشتوگوزار، کۆمپانیای وشە – بزوتنەوەی گۆڕان، چاپەمەنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک)، تەفسیر بەشداربوون.

ئەوەی جێی گوتنە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت ساڵانە لە مانگی ئۆکتۆبەر دەکرێتەوە، ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگە بە ئامادە بوونی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و سەرۆکی وڵاتی میوان، یان باڵوێز و وەزیری دەرەوە و سەدان کەسایەتی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و بەشداربووانی پێشانگە، ڕۆژێک بەر لە کردنەوەی پێشانگەکە ئەم ئاهەنگە بەڕێوەدەچیت. وڵاتی میوان لە هۆڵی (پاڤلیۆن) هەر پێنج ڕۆژی

پێشانگەکە باشترین و جوانترین و سەرنج ڕاکێشترین بەرهەمی کلتووری وڵاتی خۆی پێشکەش بە میوانان دەکات. ئەم پێشەنگەیە ساڵانە دەروازەییەکی گرینگی کلتووری و فەرهەنگییە بۆ کورد، لەوێوە کورد دەتوانێ نووسەران و بەرهەمی ئەدەبی و کلتووری خۆی بە دنیا بناسێنێت.

## میوانی ساڵ:

وەک نەریتێک ساڵانە وڵاتێک بە مێوان دەستنیشان دەکرێت. ئەم وڵاتە بەرهەمی کلتووری و چاپەمەنییەکانی خۆی لە ڕۆژانی پێشانگە پیشاندەدات. مێژووی میوانی ساڵ بۆ ساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە. سەرەتا دووساڵ جارێک ئەم یوانە دیاری دەکرا، بەڵام لە ساڵی-(١٩٨٨)ەوە ساڵانە وڵاتێک وەکو میوان دیاری دەکرێت.

## خەڵاتی ئاشتی:

خەڵاتی ئاشتی لەلایەن ڕێکخراوی بۆرسەی بازرگانیی کتێبی ئەڵمانی دەبەخشرێت. خەڵاتێکی ناسراوی کلتووریی جیهانییە. لەساڵی (١٩٥٠)ەوەداهێنراوە. بۆتەنەریتێک ساڵانەلەپێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرت لەکڵێسەی (پاول) مانگی ئۆکتۆبەر لە دوا ڕۆژی پێشانگە دەبەخشرێت. لەبەرئەوەی یەکەم جار ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی گەلی ئەڵمانی لەساڵی (١٨٤٨) لەم کلێسایەدا کۆبۆتەوە. بەو کەسە دەبەخشرێت، کە دیاری کراوە.

چالاکییەکانی هەر پێنج ڕۆژی پیشانگەی کتێبی فرانکفۆرت ساڵانە (هەرچەندە ڕێژەکە گۆڕانکاری تێدەکەوێ) بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت. دوو ڕۆژی کۆتایی لەهەموو ساڵێک دەکەوێتەڕۆژانیی پشووی هەفتهوەنرخی پلیتیش هەرزان دەبێتتا هاووڵاتیان بتوانن سەردانی پێشانگە بکەن،

١ـ پانتایی ڕووبەری پێشانگە لە نێوان (١٧٢٠٠٠ تا ١٧٨٠٠٠) مەتر دووجا دەبێت.
٢ـ سالآنە نێزیکەی (١٠٢ تا ١١٢) ولآت بەشدار دەبن.
٣ ـ سالآنە نێزیک (٧٠٠٠) دەزگەی چاپەمەنی (سالٚ هەیە پتریش) بەشدار دەبن.
٤ ـ سالآنە نێزیکەی (٣٠٠،٠٠٠) میوان (سالٚ هەیە پتریش) بەشدار دەبن.
٥ ـ نێزیکەی (١٠،٠٠٠) ڕۆژنامەنووس (سالٚ هەیە زیاتریش) بەشدار دەبن.
٦ ـ نێزیکەی ( ١٠٠٠) نووسەر (سالٚ هەیە زیاتریش) بەشدار دەبن.
٧ ـ بە بەشداری (٣٥٠،٠٠٠ تا ٤٠٠،٠٠٠) ناونیشانی کتێب دەبێت.
٨ ـ نێزیکەی (٢٥٠٠ تا٣٠٠٠) سمینار و وۆرکشۆپ و نماییش (سالٚ هەیە زیاتریش) ئەنجام دەدرێت.
ئادرێسی پێشانگە: ( Ludwig_ERHARD_ANLAGE 160327 Frankfurt am main)

شوێنی وەستاندنی ئۆتۆمبیل لە: (Parkplatz Rebstock gelände) لەوێوەبەپاسی تەرخانکراو میوانەکان بۆ شوێنی پێشانگە دەگوازرێنەوە.
ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ بە ئەرشیفکردن و بڵاوکردنەوەی چالاکی و بەشداری دەزگە حکوومی و سەربەخۆکانی کوردستان ساڵ بە ساڵ، لە هەر ساڵێکد زانیاری و وێنەی بەشداربووان هەیە، ماوەی سێزدەساڵە، من سالآنە وەک ڕۆژنامەنووس و هاوکارێکی ستاندەکوردییەکان و چەندین ڕۆژ جاری وا بووە یەک هەفتە ڕێی دوورم بڕیوە تا بەشداری ڕووداوەکانی ئەم کەرنەڤاڵە کولتوورییە جیهانییە بکەم. وێنەم گرتوون، یاداشتم نووسیون، لە گۆڤار، ڕۆژنامە و سایتە کوردییەکاندا بە پێی کات و توانا، هەواڵ و ڕاپۆرت و وتارم بڵاوکردۆنەتەوە، بە پێویستمزانی لە دوتوێی کتێبیکدا و وردتر بە چاپی بگەیەنم بۆ کتێبخانەو ئەرشیفی کوردی. هیوادارم توانیبیتم خزمەتێکم بە

کتێبخانەی کوردی کردبێت، سەرنج و تێبینییەکانی خوێنەرانیش زیاتر بابەتەکە دەوڵەمەند و پڕ بایەختر دەکات.

## خەڵاتی ئاشتی

خەڵاتی ئاشتی، لەلایەن ڕێکخراوی- بۆرسەی بازرگانیی کتێبی ئەڵمانی- سالآنە دەبەخشرێت. خەڵاتێکی ناسراوی کلتووریی جیهانییە، لەساڵی ١٩٥٠داهێنراوە. بۆتەنەریتێک سالآنەلەپێشانگەی نێودەوڵەتی پەرتووکی فرانکفۆرت لە کڵێسەی (پاول)-مانگی ئۆکتۆبەر لە دوا ڕۆژی پێشانگەدادەبەخشرێت. خەڵاتەکەدەدرێ بەو کەسانەی لە یەکێک لە بوارەکانی: ئەدەب، لێکۆڵینەوە، هونەردا بەهرەمەندن. لە یەکێک لەم بوارانەی سەرەوەدا بەپێی داهێنان و هەڵسەنگاندن بەرهەمەکانیان دەستنیشان دەکرێن. بەهای بەخشینی خەڵاتەکەش لەلایەن ڕێکخراوی بۆرسەی بازرگانیی (کتێبفرۆشانی) ئەڵمانی دابیندەکرێ. ناوبانگی ئەم خەڵاتەسنوورەکانی وڵاتانی جیهانی بڕیوە، دەدرێ بە هەموو کەسانێک لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانهدا، بەبێ جیاوازی ڕەگەزی و ئایینی. بە مەرجێک، مەرجەکانی پێدانی خەڵاتەکەی تێدابێت. خەڵاتی ئاشتی پێکهاتووەلە: خەڵاتێک و (٢٥٠٠٠) یۆرۆ.

ساڵی (٢٠٠٩) بەڕۆژنامەنووس و نووسەر و وەرگێڕ "کلآودیۆ ماگریزی" ئیتاڵی بەخشرا. ئەم نووسەرە ساڵی (١٩٣٩) لە شارێکی ئیتاڵی بەناوی (تریستە)لەدایکبووە. خوێندنی لەبواری زمان و ئەدەبی ئەڵمانی لەئەڵمانیا تەواو کردووە. ماوەی چەند ساڵێکلەیەکێک لە زانکۆکانی شاری تریستە مامۆستای زمان و ئەدەبی ئەڵمانی بووە. هۆکاری بەخشینی خەڵاتەکەش، ئەم نووسەرە لە نووسینەکانیدا باسی لەگرفتەکانی پێکەوەژیان و کارلێکردن و کاریگەری کلتوورە جیاجیاکان لەسەر یەکدی و ژیانی تەبایی و لێبوردەیی کردووە. لەڕێکەوتی- ٢٠٠٩/١٠/١٨- لەکڵێسەی پاول لەفرانکفۆرت بەئامادەبوونی(١٠٠٠) میوان، "کارل شلۆگلی" مێژوونووس وتاریکی بەنرخی پێشکەشکرد، پاشان "کلاودیۆ"ی بەئامادەبووان ناساند. دواتر "کلاودیۆ ماگریزی"ش

وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، کەتیایدا باسی دیموکراسی و ئاشتی و ژیانی تەبایی و پێکەوەژیانی کرد.
لە ساڵی-(٢٠١٥)دا خەڵاتی ئاشتی بە ڕۆژهەڵاتناس و نووسەری ئەڵمانی "ناڤید کێرمانی" بەخشرا. ساڵانە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی لە ڕۆژانی کۆتایی پێشانگە کاتژمێر ١١ی بەیانی لە کڵیسەی پاول – فرانکفۆرت، بەڕێوە دەچێت. مێژووی بەخشینی خەڵاتی ئاشتیی دەزگەی چاپەمەنی و کتێبفرۆشانی ئەڵمانی بەم شێوەیە بووە:
١٩٥٠: ماکس تاو، باوکی بازرگانێکی جوو بوو، نووسەری ئەڵمانی.
١٩٥١: پرۆفیسۆر ئەلبێرت شڤایتزر، ئەڵمان، نووسەر، مامۆستای ئایین، لێکۆڵەری مۆسیقا، ساڵی-(١٩٥٢) خەڵاتی نۆبێڵی ئاشتیی وەرگرت، نەخۆشخانەیەکی لە گابۆن دامەزراند.
١٩٥٢: ڕۆمانۆ گواردینی، نووسەر، ئیتاڵی.
١٩٥٣: فەیلەسووف مارتین بوبەر، نەمسا.
١٩٥٤: کارل یاکۆب بورکهارت، دیپلۆمات و مێژونووس، سویسری.
١٩٥٥: هێرمان هێسە، ئەڵمان، نووسەر و شاعیر.
١٩٥٦: ڕاینهۆلد شنایدەر، ئەڵمان، نووسەر.
١٩٥٧: تۆرنتۆن وایڵدەر، ئەمریکی، نووسەر.
١٩٥٨: فەیلەسووف کارل یاسپرس، ئەڵمان.
١٩٥٩: تیۆدۆر هۆیس، ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار، لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی لەساڵی (١٩٤٩) بە یەکەم سەرۆکی ئەڵمانیا هەڵبژێردرا، تا ساڵی ١٩٥٩ بەردەوام بوو.
١٩٦٠: ڤیکتۆر کۆلانچ، ئینگلیز، داکۆکیکار لەمافی مرۆڤ، دانەری دەزگای بڵاوکردنەوەی کتێبی ئینگلیزی.
١٩٦١: سارڤێپالی رادها کریشنان، فەیلەسووف، پرۆفیسۆری دیانەتی ڕۆژهەڵاتی هیندستان، سەرۆک کۆماری هیند.
١٩٦٢: پاول یۆهانس تیلیچ، پرۆفیسۆر، ئەڵمان.
١٩٦٣: کارل فریدریش فۆن، فەیلەسووف و دەروونناس، ئەڵمان.
١٩٦٤: گابریل مارسێل، فەیلەسووف، درامانووس، ڕەخنەگری شانۆ، فرەنسی.

١٩٦٥: نێلی ساش، نووسەر و شاعیر، ئەڵمان.
١٩٦٦: کاردینال ئەوگۆستین بیا، زانای ئایینی، ئەڵمان، لەگەڵ ویسێر ویلیام ئاهوفت، بەهاوبەشی وەریان گرت.
١٩٦٧:ئێرنست بلۆخ، نووسەر و فەیلەسووف، ئەڵمان.
١٩٦٨: لیۆپۆلد سێدار سێنگۆر، شاعیر و سیاسەتمەدار، سەرۆک کۆماری سەنیگال.
١٩٦٩: ئەلیکساندەر مێچەرلیچ، نووسەر، زانای دەروونناسی، ئەڵمان.
١٩٧٠: گونار میردال لەگەڵ ئالڤا میردال، کۆمەڵناس و سیاسەتمەدار، سویدی.
١٩٧١: ماریۆ گرێڤین دۆنهۆف، ڕووناکبیر، ئەڵمان.
١٩٧٢: یانوس کورجاک، نووسەری کتێبی منداڵان، پۆلەندی، بۆ ڕزگارکردنی منداڵانی جوولەکەساڵی (١٩٤٣) گیانی خۆی بەخشی.
١٩٧٣: ڕۆما کلوپ، یانەیەکی جیهانی ناسراوە، لەسەردەستی سیاسەتمەداران و پیشەوەران و لێکۆڵەرانبۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و پاراستنی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ و ژینگەلەجیهان دامەزراوە.
١٩٧٤: فرێری ڕۆجەر، سویسری، خواپەرستێکی مەسیحی، داکۆکیکار لەمافەکانی مرۆڤ.
١٩٧٥: ئەلفرێد گرووسەر، ڕووناکبیر، کۆمەڵناس، لێکۆڵەری سیاسی، ئەڵمان.
١٩٧٦: ماکس فریش، نووسەر، سویسری.
١٩٧٧: لێزتسێک کۆلاڤسکی، ڕووناکبیر، فەیلەسووف، پۆلەندی.
١٩٧٨: ئاسترید ليندگرێن، نووسەری سویدی، ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی منداڵان.
١٩٧٩: یەهوودی مێنۆهن ، مۆسیقار، نووسەر، سیاسەتمەدار، ئەمریکی .
١٩٨٠: ئێرنستۆ کاردینال، قەشە، شاعیر، وەزیری ڕۆشنبیریی نیکاراگوا بوو،ماوەی چەند ساڵێک.
١٩٨١: لیڤ کۆپێلیڤ، ئۆکرانی، نووسەر، ئەنتی کۆمۆنیست بوو، بۆیەلەئەڵمانیا دەژیا.
١٩٨٢: گیۆرگ.ف.کێنان، دیپلۆمات و مێژونووس، یەهوودی ئەمریکی.

١٩٨٣: مانێس سپێرپەر، نووسەر و فەیلەسووف، ئۆکرانی.
١٩٨٤: ئۆکتاڤیۆ باز، نووسەر، مەکسیکی، ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبی وەرگرت.
١٩٨٥: تێدی کۆلێک، یەهوودی لە هەنگاریا لەدایک بووە، کاری خۆبەخشانەی کردووەلەچەندین ڕێکخراوی مرۆیی (١٠) ساڵ سەفیری ئیسرائیل بووەلەئەمریکا، پارێزگاری ئورشلیم بووە، لەساڵی (٢٠٠٧) مردووە.
١٩٨٦: ڤلادیسلاف بارتۆسزێڤسکی، مێژوونووس وسیاسەتمەدار، پۆلۆنی.
١٩٨٧: هانز یۆناس، فەیلەسووف، ئەڵمان.
١٩٨٨: زیگفرید لێنز، نووسەر، ئەڵمان.
١٩٨٩: ڤاسلاڤ هاڤێل، نووسەر و سیاسەتمەدار لە ساڵی (١٩٨٩) بوو بە سەرۆککۆماری چیکۆسلۆڤاکیا تا ساڵی (١٩٩٢)، دوای دابەشبوونی ئەم وڵاتە، لە ساڵی (١٩٩٣) تا ساڵی (٢٠٠٣) بوو بە سەرۆککۆماری چیک، دوای چەندین جار لە ساڵی (٢٠٠٤) کاندیدکراوەبۆ خەڵاتی نۆبێڵی ئاشتی، بەڵام پێی نەبەخشرا.
١٩٩٠: کارل دسیوس، نووسەر، وەرگێر، پۆلۆنیا.
١٩٩١: گیۆرگی کۆنراد، نووسەر، هەنگاری.
١٩٩٢: ئامۆز ئۆز، نووسەر، ئیسرائیلی.
١٩٩٣: فریدریش شۆرلێمەر، قەشە، ئەڵمان.
١٩٩٤: خۆرخەسێمپرۆن، نووسەر و وەزیری ڕۆشنبیریی ئیسپانی بووە، ساڵی ١٩٨٨ تا ساڵی (١٩٩١).
١٩٩٥: ئاناماری شیمێل، ڕۆژهەڵاتناس، ئەڵمان.
١٩٩٦: ماریۆ ڤارگاس یۆسا، نووسەر، پیرۆ.
١٩٩٧: یەشار کەمال، نووسەری کورد، تورکیا.
١٩٩٨: مارتین ڤالسەر، نووسەر، ئەڵمان.
١٩٩٩: فریتز شتێرن، مێژوونووس، یەهوودی ئەڵمانی، ئەمریکی.
٢٠٠٠: ئاسیا جەبار، نووسەر، ژنەجەزائیری.
٢٠٠١: یۆرگن هابەرماس، فەیلەسووف، کۆمەڵناس، ئەڵمان.

٢٠٠٢: چینوا ئەچێبە، نووسەر، نێجیریا.
٢٠٠٣: سوزان زۆنتاک، نووسەر، ئەمریکا.
٢٠٠٤: پیتەر ئێستەرهازی، نووسەر، هەنگاریا.
٢٠٠٥: ئۆرهان پامۆک، نووسەر، ساڵی -٢٠٠٦- خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبی وەرگرت، تورکیا.
٢٠٠٦: ڤۆلف لێپێنیز، پرۆفیسۆر لەبواری کۆمەڵناسی، ئەڵمان.
٢٠٠٧: ساول فریدلێندەر، مێژوونووس، ئیسرائیل.
٢٠٠٨: ئانسێلم کیفەر، هونەرمەندی شێوەکار، ئەڵمان.
٢٠٠٩: کلاودیۆ ماگریز، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، وەرگێڕ، ئیتاڵیا.
٢٠١٠: داڤید گرۆسمان، نووسەر، ئیسرائیلی.
٢٠١١: بوالم سانسال، نووسەر، جەزائیر.
٢٠١٢: لیاو یوو، نووسەر، چین.
٢٠١٣: سویتلانە ئەلیکسی ویتچ، نووسەر، ڕووسیای سپی.
٢٠١٤: یارۆن لاینەر، نووسەر، مۆسیقی، ئینفۆرماتیک، ئەمریکی.
٢٠١٥: ناڤید کێرمانی، ڕۆژهەڵاتناس و نووسەر، ئەڵمان.

سەرچاوە:
ماڵپەڕی فەرمی ڕێکخراوی بۆرسەیبازرگانیکتێبی ئەڵمانی.

# بەشداری کورد لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت

**دکتۆر جەزا چنگیانی بەناوی کوردستان**
**لە (٤٢)هەمینی ساڵی(١٩٩٠) تا (٤٨)هەمینی ساڵی (١٩٩٦) پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت**

سەرەتای بەشداری کورد بە بەڵگە و دیکومێنت، کە تا ئێستا لەبەردەستان بێت، بۆ هەوڵی تاکە کەسی بەڕێز "د.جەزا چنگیانی" دەگەڕێتەوە. لە چەندین کەسایەتی کورد وەک بەرێزان "پ. د.جەمال نەبەز" و "یاسین بانیخێلانی"مان بیستبووە، کە "د.جەزا" یەکەمین کەسێکە وەک کورد بەشداری کردووە. خۆشم بۆ ئەم مەبەستە چەند جار قسەوباسمان سەبارەت بەم بابەتە کردووە، کاتێک بڕیارم دا ئەم کتێبە بنووسم، داوای یارمەتیم لە "د.جەزا" کرد، بە نووسین و بەڵگەنامەکان و وێنە هاوکاریم بکات، بەڵێنی پێدام، گوتی: من لە ڕووسیام لە چەند مانگی داهاتوو دێمەوە بەسەر چاو بۆتی دەنێرم. منیش بە ئەمانەتەوە لێرە دەیخەمە بەردیدی خوێنەرانی ئازیز.

**نامەی "د.جەزا چنگیانی" سەبارەت بە بەشداربوونی لە پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی فرانکفۆرت:**

سڵاو براکەم! دەستی ماندووبوونت دەگوشم، وەڵام و داخوازییەکەت کەمێک دواکەوت. بەرێزتان دەزانن سەرکێشەی پیرۆکراتی ئەڵمانیا چۆنە. لە یادم بوویت. بڕیارمدابوو داخوازییەکەت وەک بتوانم جێبەجی بکەم. ئەم کارەی تۆ لەبارەی مێژووی هاوبەشی پەرتووکی کوردی لە پێشانگای جیهانی پەرتووک کاریکی بە پێزە. دەبێ هەموو چالاکییەکان

خاوەنی ئەرشیفی خۆیان بن. بەکورتیەکەی و بە پوختە ئەرشیفەکەمت پێشکەش دەکەم. بیرۆکەی هاوبەشی پەرتووکی کوردی لە گەورەترین پێشانگای جیهانی پەرتووک. دوای کارەساتی هەڵەبجە ١٩٨٨. گرفتی کورد لە میدیای جیهاندا تەکانێکی بەرکەوت. ئەو ساتە من لە شاری فرانکفۆرت............ تەنیا بووم. (کرێکار) بووم. وەک تاقە کوردێک لە شارۆچکەیەکدا ( Bad Soden am Tauns) گیرسابوومەوە. ووردە ووردە ترازامە کۆمەڵگای ئەو شارەوە. خانمێکی زۆر بەرێزم لە خێزانێکی زۆر بەرێز ناسی بەناوی (کریستینا) ئەو ساتە بزوتنەوەی چەپ (سەوزەکان) لە فرانکفۆرت و دەورووبەری زۆر چالاک بوون. بە سروشتی من لە تەکیاندا تێکەڵاو بووم. سوپاسیان دەکەم بە سنگێکی فراوانەوە لە ماوەیەکی کەمدا وەک هاورێیەکی خۆیان پەسەندیان کردم. پەیوەندیەکەم لەتەک (کریستینا)دا گۆڕا بۆ خۆشەویستی. پێکەوە لە چالاکی بۆ پاڵپشتی دۆزی کورد زۆر چالاک بووین و کۆمەڵێ هاورێی خۆی خستە پاڵ چالاکیکەمان. لە ساڵی (١٩٨٨) کارەساتی هەڵەبجە ڕوویداو ئێمە واتە (هاورێیانی ئەڵمانی) مانگرتن و چالاکیمان لەوبارەیەوە کرد. ساڵی (١٩٨٩) لەتەک هاورێکەمدا (کریستینا) بۆ یەکەمجار سەردانی پێشانگەی جیهانیی پەرتووکمان کرد. بۆ من جیهانێکی نۆی و زۆر گرنگ بوو. دوای گەڕانێکی زۆر، بینیم هەموو میللەتانی جیهان لەو پێشانگەیەدا بوونیان هەیە، تەنیا کورد نەبێ. لەتەک هاورێکەمدا داوام کرد دەکرێ ساڵی داهاتوو، (ئێمە) بتوانین بەشێک بۆ پەرتووکی کوردی لەم پێشانگایەدا مسۆگەر بکەین؟ پێکەوە چووین بۆ بیرۆی پەیوەندییەکان و داخوازی خۆمانمان پێڕاگەیاندن.

لە سەرتادا گوتیان: کورد دەوڵەتی نییە.

منیش گوتم: فەلەستینیەکانیش بێ دەوڵەتن و لێرەدا بوونیان هەیە.
گوتیان: باشە ئێوە دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردین؟
گوتم: نا!
گوتیان: ئەی کێ کرێ و نرخی پێداویستیەکانی دەدا؟
گوتم: من. لەوێدا دوکۆمێنتی هاوبەشیم پڕکردەوە. پاش ماوەیەک و دانی پارە واتە کرێی هاوبەشی.
لە ساڵی (١٩٩٠) بۆ یەکەم جار بە یارمەتی هاوڕێیانی ئەڵمانی دڵسۆزم (کریستینا و هایکە و چەند هاوڕێیەکی تر) بەسداری پێشانگەی پەرتووکمان کرد. جێی ئاماژەیە ئەوساتە ڕێکخراوە کوردییەکانی باشوور لە ئەورووپا کۆ نەبوون. تەنیا کۆمکاری باکووری کوردستان چالاکیان لە ئەڵمانیادا هەبوو. پەیوەندیم پێوەکردن و زۆریان لاباش بوو. کۆمەڵێ پەرتووکیان پێدام. بۆ نمایش و دوای پێشانگەکە بۆم بردنەوە. "ماموستا جەمال نەبەز"یش یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر بە دڵسۆزییەوە کۆمەکی پێکردین و هات بۆ پێشانگەکە. تا ساڵی (١٩٩٦) من بەتەنێ ئەرکی ئەم پێشانگەیەم خستە سەرشانی خۆم شایانی نووسین بێ. دوای چالاکی پێشانگەی جیهانی پەرتووک لەتەک هاوڕێیانی ئەڵمانی بیرمان لە کردنەوەی مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری کوردی کردەوە. دوای گفتوگۆ و دانیشتن و لەیەک تێگەیشتن لە (١٩٩٢/٣/٤) ڕێکخراوێکمان دروستکرد بە ناوی (مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردستان) ئەندامانی سەرەکی پێک هاتبوون لە کوردی گشت بەشەکانی کوردستان و چەپەکانی ئەڵمانیا. ئەم هاوبەشی لە پێشانگەی جیهانیی پەرتووک بوو بە چالاکییەکی سەرەکی. لێ دەوڵەت کۆمەکی دارایی پێنەدەکردین. منیش بڕیارمدا تێچوونی ئەو پێشانگەیە لەسەر من بێ.

ئەم چەند ڕستەی دوای بە هەڵە تێمەگە بۆ کەشخەکردن و خۆ بە زلزانی نییە، لە نووسینەوەی مێژوودا دەبێ ڕاستگۆ بین.


بە هیوای ئەوەی توانیبێتم توینێتی پرسیارەکەتم شکاندبێ، بە هیوای ئەوەی لە کارەکاندا سەرکەوتوو بی.

**برات د. جەزا چنگیانی**
**٢٠١٦/٥/٢٤**

فۆتۆ : د. جەزا چنگیانی




كريستينا



42. Frankfurter Buchmesse 3.–8. Oktober

42nd Frankfurt Book Fair 3-8 October

42e Foire du Livre de Francfort 3-8 octobre

1990

Rechnung
Invoice
Facture

Bestätigung der Standgröße und Standnummer
Confirmation of Stand Size and Stand Number
Confirmation de la Dimension et du Numéro de Stand

182 200 989 991
900 0

| Kunden-Nr. Customer No. Client No. | Rechnungs-Nr. Invoice No. Facture No. | Datum Date |
|---|---|---|
| 62715 | 105049 | 5.07.90 |

Bitte bei Zahlung angeben
Please quote ref. with payment
Prière d'indiquer avec paiement

A.H. Jaza
Birkenstrasse 12

6232 Bad Soden

JAZAAM

Wir haben Ihnen folgenden Stand reserviert:
Stand-Typ 1/1 A = 2 x 02 m. Variation 0

Ihre Stand-Nummer lautet: Halle 4.2 A 955

| Text | Einzelpreis D M | Gesamtpreis D M |
|---|---|---|
| 1 x 1/1 Typ A | 825.00 | 825.00 |
| 1 x 1/1 Elektroanschluß - Typ A - | 85.00 | 85.00 |
| 1 x Werbekarten DIN A6 a 500 Stück | 32.00 | 32.00 |
| | | 942.00 |
| 14 % Mehrwertsteuer | | 131.88 |
| Gesamtbetrag | | 1.073.88 |

Überweisung rein netto ohne Abzug nach Erhalt.
Payable on receipt strictly net.
Payable après réception.
Virement net sans escompte.

Postgiro (CCP-No.):
Frankfurt (Main) 1021-601
(BLZ 500 100 60)
Bank: Dresdner Bank AG
Frankfurt (Main) 901 891
(BLZ 500 800 00)

Ausstellungs- und Messe GmbH des Börsenvereins des Deutschen Buchhandels
Reineckstr. 3, D-6000 Frankfurt (M) 1
Telefon (069) 2102-231/232
Telex 4 16 265 buchm d · Telefax (069)-2 10 22 27
Telegramm: Buchmesse



## * پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت/ ساڵی ٢٠٠٣ (٨ تا ١٣ی ئۆکتۆبەری-٢٠٠٣)

-

**میوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی ڕووسیا**
بەشداری وڵاتی ڕووسیا بە (٢٠٠) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە، (١٠٠) نووسەر، (٢٥٠٠) ناونیشانی.
ساڵی (٢٠٠٣) بە بەشداری (٦٦٣٨) دەزگەی چاپەمەنی لە (١٠٢) وڵاتەوە، نێزیک لە (٢٨٨٨٨٧) میوان سەردانیان کردووە. پانتایی پێشانگە نزیکەی (١٧٨،٠٠٠ مەتر چوارگۆشە) بوو، سەرجەم دەزگەکان بە (٣٥٠،٠٠٠) ناونیشانی کتێب بەشداریان کردبوو. (٢٥٠٠) سیمینار سازکرا. (١٠،٠٠٠) ڕۆژنامەنووس بەشدار بوون.

**بەشداری کورد:**
١ ـ دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامیای نێزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە لە ئەورووپا.
٢ ـ کۆمکار (دەزگەی نوودەنگ).

لە ڕێکەوتی ١٢/١٠/ ٢٠٠٣ ڕۆژی شەممە، گرووپی ناوەندی زانین و ڕۆشنبیریی کوردی لە دە ئەندام پێکهاتبووین سەردانی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرتمان کرد.

فۆتۆ: یووسف مەنتک


12 10 2003


12 10 2003

## * ٥٦ هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەولەتی فرانکفۆرت-(٦ تا ١٠ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٤)

**میوانی شەرەفی ساڵ: کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی.**
بە بەشداری(٦٦٩١) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە (١١١) وڵات، (٣٥٠٠٠٠) ناونیشانی کتێب، ئامادەبوونی(١٠٠٠) نووسەر و(١٠٠٠٠) ڕۆژنامەنووس، (٢٧٠٤١٣) میوان سەردانیان کرد، پانتایی پێشانگە (١٧٢،٧١٧م چوارگۆشە) بوو.

**بەشداری کورد:**
هەردوو دەزگای کوردستانی باکوور لە ئەورووپا مێزۆپۆتامیا و کۆمکار، بە ستاندی خۆیان بەشدار بوون.
بۆ یەکەم جار وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان/ ئیدارەی سلێمانی بەشدار بوو. ئەویش بە هاوکاری ناوەندی زانین و ڕۆشنبیریی کوردی– ئەڵمانی لە مانهایم.
شاندی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریی "فەتاح زاخۆیی" و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن "هەڵگورد عەبدولوەهاب" و چەند کەسایەتییەک بەشداربوون.
دەزگەکانی بەشدار بوو: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، خانەی وەرگێڕانی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. دەزگەی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)، دەزگەی سەردەم، چاپخانەی ڕەنج، بەشی چاپەمەنییەکانی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک)، شارەوانی سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی لە بۆن/ ئەڵمانیا، دەزگەی هاڤیبوون لە بەرلین و یەکێتیی ژنانی کورد لە بەرلین.
چەندین کەسایەتی و سیاسەتمەدار و هونەرمەندی دیار و ناسراوی جیهانی سەردانی ستاندی کوردیان کرد، وەک: ئەمینداری گشتی


کۆمکاری عەرەبی "عەمرو موسا" سەردانی ستاندەکەی کرد، خۆشحاڵی خۆی بە بەشداری کتێب و فەرهەنگی گەلی کورد لەم پێشانگەیهدا دەربڕی. وەزیری ڕۆشنبیریی سودان "عەبدولباست عەبدولماجید" چەند پەیڤێکی جوانی لەدەفتەری یاداشتنامەی ستاندەکەدا نووسی: زۆر دڵخۆشبووم سەردانی پێشانگەی پەرتووکی کوردیم کرد ....... و ڕێز و سڵاوم بۆ برایانم لەکوردستان و عێراقدا هەیە،هیوادارم هەردەم لە خۆشی و ئاسایشدا بژین. مۆسیقاری کوردی جیهانی "نەسیر شەمە"، شانۆکار "عەزیز خەیون"، کۆمیتەی ڕیفراندۆمی بادن ڤورتنبێرگ، هونەرمەندی شێوەکاری کورد "جەعفەرکاکەیی" لەجیاتی نوسین وێنەیەکی چیا و ڕۆژ و پردێکی لەیاداشتنامەکەدا کێشا، ئەوەی جێی باسە هونەرمەند "جەعفەر کاکەیی" شیعرەکانی شاعیری عەرەب ئەدۆنیسی وێنەکێشابوو لە کتێبێکی گەورەدا لە ستاندێکی تایبەتدا نمایش کرابوو، بەندە چووم سەردانم کرد و بینیم کاریکی زۆر نایاب و دانسقەی کردبوو، کە گوتم کوردستان بەشدارە ئەمساڵ لە خۆشیان شاگەشکە بوو، ئەوە بوو لەگەڵ خۆمدا هێنام بۆ ستاندی کوردستان. شانۆکار "هاوڕێ زەنگەنە" و چەندین کەسایەتی دیکە بەشداربوون. هاووڵاتیانی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا و نووسەران، هونەرمەندان، کتێبدۆستان بە گەرمی و پەرۆشییەوە سەردانی ستاندی کوردستانیان کرد.

**فۆتۆ: یووسف مەتتک**






Neu bei STEIDL
in 18 Bänden



*** ٥٧ هەمین پیشانگەی کتێبی فرانکفۆرت (١٩ تا ٢٣ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٥)**

**میوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی کۆریا.**
بە بەشداری (٧٢٢٣) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە (١١٠) وڵاتەوە، (١٠٠٠٠) ڕۆژنامەنووس و نێزیکەی (١٠٠٠) نووسەر، (٢٨٣٢٩٣) میوان سەردانیان کردووە، پانتایی پێشانگە (١٦٣،٨٨٣م چوارگۆشە) بوو.

**بەشداری کورد:**
١ ـ لە ئەورووپا دەزگای مێزۆپۆتامیا نێزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە.
٢ ـ کۆمکار.
٣ ـ بەشداری وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان/ئیدارەی سلێمانی، بە هاوکاری ناوەندی زانین و ڕۆشنبیریی کوردی_ ئەڵمانی لە مانهایم. لەم ساڵەدا بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و چالاکی زیاتر وەک پیشکەشکردنی سیمینار بەشداربوون، ئەویش لەلایەن نووسەری نەمساوی "فردیناند هێنەر بشلەر" لەبارەی کتێبەکەی (کوردەکان)، "د.فریاد فازیل"، "شێخمحمد سۆلەیی" نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕەوشی چاپەمەنی کوردستان، "مستەفا سالح کەریم"، "نزار خەیلانی"، "کاوە محەمەد". چەندین کەسایەتی تر و میوانی وڵاتەکانی تر سەردانی ستاندی کوردیان کرد.

فۆتۆ: سۆران یابە / یووسف




E.946




22 10 2005

## * ٥٨ هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت (٤ تا ٨ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٦)

میوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی هیندستان، بۆ یەکەم جار دەستنووسی برامی هیندی کۆن پێشان دەدرێت، کە مێژووەکەی بۆ (٥٠٠) ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.
بە بەشداری (٧٢٧٢) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە، لە (١٠٠) وڵات، ئامادەبوونی (١٠٠٠٠) ڕۆژنامەنووس و زیاتر لە (١٠٠٠) نووسەر، (٢٨٦٦٢١) میوان سەردانیان کردووە. (٢٥٠٠) سیمینار پێشکەش کراوە.

بەشداری کورد :
١ ـ دەزگەی میزۆپۆتامیای نێزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە لە ئەورووپا.
٢ ـ وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی_ ئەڵمانی لە مانهایم. چەندین کەسایەتی بڕیاربوو لەکوردستان بێن وەک: فەلەکەدین سابیر، حەمید ئەبوبەکر: سەرۆکی دەزگای بەدرخان، عەزیز ڕەشید، حمەساڵح صادق فەرهاد، جەعفەر حەسەن، لەتیف مەحموود، لەیلا عەلی ساڵح، موسلیح عەبدولقەهار، ئەم بەڕێزانەنەگەیشتن لەبەر هێندێک هۆکار و دەرنەچوونی فیزە، تەنها ئەڵماس حەسیب و عەلی مەندەلاوی گەیشتن. کتێبی ژمارەیەکی بەرچاو لە دەزگە چاپەمەنییەکانی باشووری کوردستان بە بەرهەمەکانیان لە ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان بەشداریان کرد.
لە چالاکییەکانی ئەم ساڵەدا لە ستاندی کوردستان، چەندین سیمینار پێشکەشکران، لەلایەن: شەفیقی حاجی خدر، شوێنەوارناس کۆزاد ئەحمەد، جەمال خەزنەدار، ڕۆشنا مەحموود، گۆنا جاف.

چەندین کەسایەتی و نووسەری کورد لەئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەورووپا هاتبوون، زۆرێک لەئەندامانی ستاندەکانی وڵاتانی بەشدار سەردانی پەرتووکخانەی کوردیان کردوو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی.

**نوێنەری نابەرپرس:**

ئەمساڵ لە دواڕۆژی پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت لە ستاندی کوردی وەستابووم، پیاوێک جلوبەرگێکی بایەری لە بەردابوو، بە ڕوویەکی خۆش و هێمنانە هاتەنێو ستاندی کوردی، لەلای من وەستا، سڵاوی کرد، خۆیناساند (د. لۆتەر بێکل)*، بەندەش خۆم پێناساند، چەند کارتێکی لە باخەڵی دەرهێنا، ناونیشانی چەند کەسێکی لەسەربوو، پرسیاری ناوی یەکێکیانی**لە من کرد، ئەو کەسە ساڵی ڕابردوو واتە ساڵی(٢٠٠٥) بە نوێنەرایەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی – سلێمانی ها تبوو بۆ بەشداری پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبلە فرانکفۆرت، "د.لۆتەر" سەبارەت بە چاپکردنی ئەتڵەسی کوردستان قسەی لەگەڵ کردبوو، پێیگوتبوو: ئەو ئامادەیە ئەتڵەسی کوردستان چاپ بکات، ئەگەر ئێوە وەکو ئیدارەی کورد هاوکاری بکەن، بە تەکنەلۆجیای نوێ کاری چاپکردنی ئەتڵەس دەکەم.

چەند نموونەیەکی لە ئەتڵەسی وڵاتانی دیکەی چاپی کردبوو، بە جەنابی نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیریی–سلێمانی دابوو، تا لەگەڵ خۆیدا بیانباتەوە بۆ کوردستان، پیشانی بەرپرسانی بدات، پێیان ڕابگەیەنێ، کە پڕۆژەیەکی لەم شێوەدا لە ئارادا هەیە، بۆ بە چاپ گەیاندنی ئەتڵەسی کوردستان، ئەو کۆمپانیایە تایبەتە چاپکردنیئەتڵەس، فەرموون ئەوە ناونیشان ئەگەر دەخوازن ئەتڵەسی کوردستان چاپ بکەن. کەچی بەداخەوە ساڵ سووڕاوە، جەنابی نوێنەر سەروسەدای بزربوە و بگرە لە هیچ شوێنێک، نە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، نە لەڕاپۆرتی سەفەرەکەیدا بۆ وەزارەت، بە فەرمی باسی لەم بابەتە نەکردووە.

له کاتێکدا کابرای بیانی ئەمساڵ هاتبوو سۆراخی ئەو کەسەی دەکرد و دەیگوت فلان کەس لە کوێیە سەبارەت بە ئەتڵەسی کوردستان قسەم لەگەڵی کردوە، بەڵام بەرپرسانی ئێمەی کورد هەمیشە زۆربەیان هەروان هیچ کاتێک جیدی نین لە بابەتە نەتەوەیی و شتە سەرەکییەکاندا، تەنها بەرژەوەندی تایبەت خەمی سەرەکییانە، سەرڕای دروستبونی بێباوەڕی لای هاووڵاتیانی ئەورووپی و خوێندنەوەیەکی خەراپ بۆ کورد، وێنەیەکی نەگونجاو لەسەر کورد دەدەن بە دۆست و نەتەوەکانی تری کورد، لە ئەنجامی نابەرپرسیارێتی نوێنەران و نەشارەزایی و نەزانین و خەراپ هەڵسوکەوتکردنی ئەم جۆرە کەسانە، کاتێک ئەمانە تەمسیلی کورد بکەن، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حیزبایەتی، ئامادەن‌ناوی کوردیش بزڕێنن و ناشرینی بکەن.
"د.لۆتەر" نەخشەی کوردستانی پێدام، کەمەبەستی ئەوەبوو لەسەر ئەو نەخشەیە ئەتڵەسی کوردستان دروست بکات، دواتر دوونمونەی ئەتڵەسی دیکە، کە دروستی کردبوون بۆ وڵاتی سووریا و ئەتڵەسی قوتابخانە دایە دەستی هونەرمەند و نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان "عەلی مەندەلاوی"، نەخشەکەش پێشتر من وەرم گرتبوو ئەویشم پێدا، خۆشی قسەی لەگەڵ "د.لۆتەر"دا کرد، بەو نیازەی بیباتەوە بۆ کوردستان و گوتیشی :"پیشانی وەزیری ڕۆشنبیریی دەدەم و قسەی لەسەر ئەو بابەتەدا لەگەڵ دەکەم ".
با چاوەڕێ بین و بزانین نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چی دەکات؟ هیوادارم ئەویش لە بیری نەچێت و بەدەردی ئەو بـــــــــــرادەرەی ئیدارەی ســــــــــــلێمانی‌نەبات.
ئەمڕۆ ئەتڵەسی کوردستان بۆ خوێندکاران، بایەخی خۆی هەیە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، بۆ هووشیاریی نەتەوەیی، بۆ زانیاری گشتی لەبارەی جوگرافیای کوردستان، بۆ داهاتووی دەوڵەتی کوردستان. دەبێ ئەوە باش بزانن کە کۆبوونەوە و بەشداربوون لە پێشانگەی جیهانی کتێبی فرانکفۆرت، یان بەشداری لە هەر پێشانگەیەکی

تـری  نێونەتـەوەیی بـۆ هەر شـتێک، ئەوا کۆمـەڵێک ئامـانجی لە دواوەیە وەک: ئـابووری، سیاسـی، کلتـووری، پەیوەنـدی، کەچـی زۆر بەداخـەوە ئەم جـۆرە بەشـداربوونانە  بـۆ موجـامەلەی یـەکتری و بەرژەوەنـدی تەسکی حیزبایەتی، پارەی هەژارانی کورد تێدا بەخۆرایی خەرج دەکرێ، بێ ئەوەی هەسـت بە بەرپرسـیارێتی بکرێـی. بە بـێ ئامـانج و بەرهەم سـەفەری دەرەوەی وڵات دەکەن. هەمیشـە بەرژەوەنـدی خۆیـان و حیزبەکانیـان لە پـێش بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی دادەنـێن.

*(D.LOTHAR BECKEL)

** ناوی لای من پارێزراوە.

**دیدار لەگەڵ مامۆستا کۆزاد ئەحمەد:**

لە پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی فرانکفۆرت، لە ستاندی کوردی لە ڕێکەوتی(٢٠٠٦/١٠/١) کۆڕێکی پێشکەشکرد، بە ناونیشانی (پێشینە مێژوویەکانی ئەنفال). ناوەڕۆکی بابەتی کۆڕەکە باسی لەو سیاسەتانە کرد، کە دەوڵەتە دراوسێ دێرینەکانی کوردستان، لە ماوەی ململانێیاندا لەگەڵ گەلانی کۆنی کوردستان پیادەیان کردووە. دەکرێت وەک پێشینەیەکی ئەنفال لە قەڵەمیان بدەین، وەک کردارەکانی کۆمەڵکوژی و گۆڕینی ناوی شارەکان و دیمۆگرافیای ئەودەمەی کوردستان، بە ناوی بێگانە و جەنگی ئابووری و بڵاوکردنەوەی تۆڕی سیخوڕی وهەواڵگری لە کوردستان. ژمارەیەکی بەرچاو لە میوانان ئامادەی ئەم کۆڕەبوون .

لە وەڵامی چەند پرسیارێکمدا:

*** سەبارەت بە گرینگی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی فرانکفۆرت و بەشداری کورد چۆن دەنرخێنن؟**

م. کۆزاد: بە لای منەوە پێشانگەی کتێب یەکێکە لە پێشانگە هەرە دڵخۆشکەرەکانە، کە ئەو هەموو کلتوورە تیایدا بەیەک دەگەن و شتێکی پیرۆزی وەک کتێب کۆیان دەکاتەوە، بەشداری کوردیش زۆر گرینگە، هەر لەم چەند ڕۆژە کەمەدا چەندین کەسی بێگانە هاتوون بۆ لای بەشی کوردستان و لەبەردەم ئاڵا و نەخشەی کوردستاندا وەستاون و پرسیاریان لەسەر کورد و وڵاتەکەی و مێژوو وکلتوورەکەی کردووە.

*** سەبارەت بە ڕووبەڕووبونەوەی سیاسەتی جینۆساید و ئەنفالی کوردان، دووبارە نەبوونەوەی چی بکرێ باشە؟**

م. کۆزاد: ئەم بابەتە زیاتر وانەیەکە بۆ دووژمنان و داگیرکاران، کە هیچ کاتێک لە سیاسەتەکانی قەڵاچۆکردن و کۆچاندن و وێرانکاری سوودی نییە، بۆخۆشمان دەبێ ئەم وانانە بەکار بهێنین بۆ دروستکردنی بنەمایەکی ئایدیۆلۆجی لەناو خۆماندا، کە هەموو ڕێگایەک بگرینەبەر بۆ دووبارە نەبوونەوەیان. بەپێداگرتن لەسەر داواکارییە سیاسییەکانمان، لە پێشیانەوەش قەوارەیەکی سیاسی بۆ خۆمان. سەرجەم گەلی کورد خوازیاری پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسییە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دووژمنان و داگیرکەرانی کوردستان نەتوانن سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و ئەنفال دووبارە بکەنەوە، هەرچی زووە مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکرێ، شوێنە دابڕێنراوەکانی کوردستان بلکێندرێنەوە بە باوەشی نیشتمانی کورد. تاوانباران بدرێنە دادگا، ئاوارە و دوورخراوەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ زێدی باب و باپیرانیان و قەرەبوو بکرێنەوە. ئەمانە ئەرکە هەنووکەییە هەرە گرنگەکانی ئەمڕۆی دەسەڵاتدارانی کوردستانن، هیوادارین بە جیدی کار بۆ جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتانە بکەن.

**فۆتۆ: یووسف مەنتک**






08.10.2006




18:12


8 14:56




عەلی مەحمود

## * ٥٩هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت (١٠ تا ١٤ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٧)

**میوانی شەرەفی ساڵ: هەرێمی کەتەلۆنیا ـ ئیسپانیا**
بە ئامادەبوونی (١٣٠) نووسەری کەتەلۆنی. بە پێشاندانی کلتووری کەتەلۆنی، لەلایەن (٣٠٠٠) دەزگەی چاپ لە (٢٧) وڵات، زیاتر لە (١٠٠٠) ناونیشانی کەتەلۆنیان وەرگێڕابوو. بە بەشداری (٧٤٤٨) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە (١١٠) وڵاتی جیهان، بە (٣٩٠٠٠٠) ناونیشانی کتێب. بە ئامادەبوونی (١١٠٠٠) ڕۆژنامەنووس. نێزیکەی (٢٨٣٢٩٣) میوان سەردانیان کردووە، ژمارەیەکی بەرچاو لە میدیای ئەلکترۆنی بەشداریان هەبوو، (٢٠٠٠) ناونیشانی نوێ. کۆی گشتی (٢٠٠٠٠) کتێبی دەنگ لەلایەن (٥٠٠) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادەکرابوو. پانتایی پێشانگە (١٧٢٠٠٠ م چوار گۆشە) بوو.

**ئەم ساڵ سێ ستاندی کورد هەبوون:**
١ ـ وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
٢ ـ دەزگەی میزۆپۆتامیا لە ئەورووپا.
٣ ـ دەزگەی خاک.

بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی ستاندی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، لەلایەن چەندین ڕیکخراوی کوردی لە ئەڵمانیا و نوێنەرانی وەزارەت، لێژنەیەکی هاوبەش پێکهات. بۆ ئەم مەبەستە کۆبونەوەیەک لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٧/٧) لە شاری لایبزیکی ئەڵمانیا، بە بەشداری نوێنەرایەتییەکان بەسترا. ئەنجام بەرنامەی کار دیاری کرا، وردەکاری زیاتر لە یەکەم بەیاننامەدا هەیە. ڕۆژانی پێشانگە هەواڵی چالاکییەکان لە ڕۆژنامەکانی: کوردستان ڕاپۆرت، کوردستانی نوێ، هەواڵ، ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاودەکرانەوە. ڕاپۆرتی کۆتایی لە هەردوو ڕۆژنامەی کوردستان

ڕاپۆرت و هەواڵ بڵاوکراوەتەوە، لەڕۆژانی پێشانگەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو میوانانی بیانی و کورد سەردانی ستاندی کوردیان کرد. مدالیا و نەخشەی کوردستان و ئەتڵەسی کەرکووک و چەندین بەڵگە و وێنەی کوردستان، سیدی فلیمی پێشەوا قازی محەمەد، کەبۆ ئەم مەبەست ئامادەکرابوون، بەو میوانانەی سەردانی ستاندی کوردستانیان دەکرد، دەبەخشران.

*** ڕاگەیاندنی ستاندی باشووری کوردستان لەپێشانگەی نێودەوڵەتی پەرتووکی فرانکفۆرت/- ئەڵمانیا**

ئەمساڵ زیاتر لەسەد وڵات و(٧٠٠٠) کۆمپانیا و دەزگەی ڕاگەیاندن بەشداری ئەم پێشانگەیەدەکەن، کوردیش وەک هەر یەکێک لەم دەزگەیانەبەشدار دەبێت، ئەم پێشانگەیەمەبەستی کلتووری و ئابووری و دبلۆماسی بەداوەویە. بەشداری کورد لەپێشانگەی نێودەوڵەتی پەرتووک لەفرانکفۆرت تەنها ئەم ساڵ نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوەبۆ چەندین ساڵ بەر لە ئێستا. لە سالەکانی (١٩٩٠)ەوە دەزگەکانی نوودەنگ و میزۆپۆتامیا و بەڕێز د.جەزاچنگیانی بەشداربوون. بەشداری لەساڵەکانی (٢٠٠٤، ٢٠٠٥،-٢٠٠٦) و ساڵی (٢٠٠٧) کورد وەک دەزگەیەکی پەرتووک بەشدارە بە یارمەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەنددەزگەیەکی کلتووریی کوردی لەئەڵمانیا

**بەشداری وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان:**

کۆمەڵێک لاوی خۆبەخشی کورد لەشاری مانهایم ـ ئەڵمانیا، لەناوەندی زانین و ڕۆشنبیریی کوردی _ئەڵمانی لەمانهایم سەرەتا لە ڕێی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریی ئیدارەی سلێمانی بەم کارەهەڵسان و پڕۆژەیان بە

وەزیری ڕۆشنبیریی لە ساڵی (٢٠٠٣) دا. ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی، لەساڵی (٢٠٠٤) وەزیری‌ڕۆشنبیریی "فەتاح زاخۆیی" و "هەڵگورد عەبدولوەهاب" بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنی دیوان هاتن، بە هاوکاری ئەندامانی ناوەندی زانین و ڕۆشنبیریی کوردی_ ئەڵمانی بەشداربوون، دواتر سەنتەرەکە ناوی بوو بەناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی –ئەلمانی لەمانهایم. ساڵی (٢٠٠٥) بە هاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی_ئەڵمانی لە مانهایم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەشداریان کرد، ساڵی ( ٢٠٠٦) بەهاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی_ئەڵمانی لە مانهایم. وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێم بەشدار بوون. ساڵی (٢٠٠٧) وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەهاوکاری دەزگەکانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی _ئەڵمانی–لە مانهایم، ئەکادیمیای زانست بۆ کوردۆلۆژی لەبەرلین، دەزگەی هاڤیبوون لەبەرلین، سەنتەری ئەرشیفی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەهانۆڤەر بەشدارن. لە کوردستان نزیکەی پانزەدەزگەی پەرتووک هاتن، لە ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەرهەمکانیان نمایش کرد، وەک دەزگەکانی: ئاراس،–هەردوو بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر و سلێمانی، ڕۆژنامەی خەبات، ئەنستیتوتی کورد/ سلێمانی، هەردوو لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەولێر و دهۆک، دەزگەی شەفەق، بنکەی ژین، دەزگەی مەتین، خانەی سمۆرە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، پۆستەر دیاری دەزگەی بەدرخان بوو. نەخشەی هەرێمی کوردستان لەلایەن "سەردار محەمەد عەبدوڵڵا"وە نێردرابوو، بەدیاری دابەش دەکرا.

چەندین چالاکی ڕۆشنبیریی ئەنجام دەدرێت وەک کۆڕ و سیمینار لەلایەن بەڕێزان:

١ ـ جەلیلی جەلیل: ڕۆشنبیری کوردی لە چاپەمەنیەکانی یەکێتیی سۆڤیەت.

٢ ـ فەرهاد شاكەلی: باسێكی ئەدەبی.
٣ ـ د.هانا كویشلەر: دیكۆمێنتی كورد لەمێژوودا.
٤ ـ د. نەجاتی عەبدوڵڵا: باسێك.
٥ ـ د.زوهدی داودی: چاپەمەنی كوردی.
٦ ـ د. ئەحمەدی مەلا: بابەتێكی ئەدەبی
٧ ـ د. زۆرابی ئالیان: ڕاگەیاندنی كوردی لە باكووری كوردستان.
٨ ـ د. جەبار قادر: مادەی (١٤٠) لە دەستووری ئێراقدا.
٩ ـ جەمال خەزنەدار: بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردی لەگەرمیان و كەركووك.
١٠ ـ ڕۆژنامەنووس یووسف مەنتك: ڕاپۆرتی كۆتایی پێشانگە.

خانەی كوردی A 967، Halle 5.0
Frankfart Book Kair
Ludwig- Erhard Anlaga 1
10.10.07 – 14.10.07

٢٠٠٧/١٠/٣
لیژنەی ڕاگەیاندنی ستاندی كوردی
لەپێشانگەی نێودەوڵەتی پەرتووكی فرانكفۆرت/ئەڵمانیا

**سیمینارەكانی ستاندی كوردی:**

لەسەنتەری بەیەك گەیشتنەوەی چاپەمەنی و ڕووناكبیرانی جیهانی، لەپیشانگەی نێودەوڵەتی پەرتووكی فرانكفۆرت، شاندی كوردستان و نووسەران و ڕووناكبیرانی كوردیش لە وڵاتانی ئەورووپی گەیشتن، بە مەبەستی پێشكەشكردنی چەندین سیمینار و بابەتی جیا، جێگەی خۆشحاڵییە،كەكوردیش لەم كۆبونەوەكلتووریەئامادەدەبن هەم بۆ

گەیاندن و ناساندنی پەیام و کلتووری کوردی، هەم بۆ سوودمەندبوون لەکلتووری نەتەوەکانی جیهان و شارەزابوون لە ئەزموونییان و تێکەڵی و قازانج لەپرۆژەی ئابووری و داهێنانی ئەدەبی و پەرەپێدان و دروستکردنی پەیوەندی. لە کۆتایی سیمینارەکاندا لە کەشێکی ئارام دیموکراسییانەدا دەرگەی گفتوگۆ و پرسیارکردن دەکرایەوە، بابەتی سیمینارەکە دەوڵەمەندتر دەبوو.

١ – دکتۆر زوهدی داودی

لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١٠/١١، کات پێنجی ئێوارە)

"د.زوهدی داودی" لەستاندی کوردستان سیمینارێکی بە ناوی: ڕۆشنبیر ودەسەڵات پێشکەشکرد. ژمارەیەکی بەرچاو لەهاووڵاتیانی کورد و ئەندامانی هەڵسوڕێنەری ستاندی کوردی ئامادەی کۆڕەکەبوون. دکتۆر لەبابەتەکەیدا باسی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتی کرد، دەسەڵات وەکو سیاسی چ ڕۆڵ دەبینێ؟ ڕۆشنبیریش وەک ڕووناکبیر چ دەور دەبینێ لەژیانی ڕۆژانەدا؟ لەپەیوەندیەکاندا تا چەند ئەم دوولایەنەکۆک و تەبادەبن لەگەڵ یەکتری، نموونەی لەسەر دیستۆڤسکی هێنایەوە کاتێ سەرنووسەری گۆڤارێک بووەباری ژیان و گوزرەانی چۆن بووە، لەم کاتدا هەڵوێستی لەبەرامبەر دەسەڵات چی بووە.

لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١٠/١٢) شاندی بەشداربووانی کورد گەیشتن، پێکهاتبوون لەشاعیر "دڵشاد عەبدوڵڵا" ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی جێگری سەرۆکی هەرێم و سەرنووسەری گۆڤاری ئایندە و ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگەی چاپ و پەخشێ سەردەم، "حەمید بەدرخان" سەرۆکی دەزگەی چاپ و پەخشی بەدرخان.

میوانانی لەئەورووپاوەهاتبوون: دکتۆر فەرهاد شاکەلی/سوێد، ئەحمەدی مەلا/ئەسپانیا، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا/فرەنسا، دکتۆر زۆراب بۆدی ئالۆیان/ئەڵمانیا. بەشێک لەم نووسەرانەی بەرنامەیان هەبوو، هەمان ڕۆژ چالاکیان هەبوو ئامادەبوون وەک: دکتۆر هەنە کویشلەر،

پرۆفیسۆر جەمال نەبەز، نووسەر و سیاسەتمەداری کورد کەمال بورقای .
ڕۆژی شەممەڕێکەوتی(٢٠٠٧/١٠/١٣) ئەم سیمینارانە پێشکەشکران:
١ ـ دکتۆر فەرهاد شاکەلی، دەسەڵات و ڕۆشنبیر.
٢ ـ ئەحمەدی مەلا، شیزۆفرینای شارستانییەتی کوردی لەنێوان ڕۆشنبیریی گەردوونی و ڕۆشنبیریی تایبەتدا.
٣ ـ دکتۆر زۆراب بودی ئالۆیان، کوردی جۆرجیا، دانیشتووی ئەلمانیا، خاوەنی دوو بڕوانامەلەبواری مێژوو و مێژووی ئاین، بابەتی کۆڕ: ڕێکخستنی ڕۆشنبیریی کورد لەمەیدانی نێونەتەوەییدا.
٤ ـ دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، سەفەرنامەی
گەڕۆکەڕۆژهەڵاتناسەفرەنسییەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ مێژووی کورد.
٥ ـ دکتۆر هەنە کویشلەر، دیکۆمێنتی کورد لە مێژوودا.
٦ ـ کەمال بورقای، چەند وشەیەک سەبارەت بەرەوشی ڕۆشنبیریی کوردی.

دیداری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ خودانی سیمینار و بەشداربووان. پرسیارەکان بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە بابەتی کۆڕ و پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت و گرینگی بەشداربوونی کورد و چاپەمەنی کوردی بوو:
ڕێکەوتی: ٢٠٠٧/١٠/١١
١ ـ دکتۆر زوهدی داودی گوتی: ناونیشانی کۆڕەکەم دەسەڵات و ڕۆشنبیرە. باسی پەیوەندی نێوانیان دەکەم. دەسەڵات شتێکی سیاسییە، بەڵام ڕۆشنبیر کەسێکە پەیوەندی بە هزر و بیرکردنەوە هەیە، ململانێیەک لەنێوانیاندا هەیە، باسی ئەو ململانێیە دەکەم، هاوکات پێوەندی ئەو ململانێیە بە دیموکراتییەت و بە زامنی حووکمی سیاسی. چەندێک کەسی سیاسی پەیوەندی بە ڕۆشنبیرییەوە هەیە، چەندێکیش

ڕۆشنبیر پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە، واتە دەسەڵات ناتوانێ بەبێ ڕۆشنبیر کار بکات، باسی ئەوشتانە دەکەم.

ڕێکەوتی:١٣/١٠/٢٠٠٧
٢ ـ پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز:- لە دوای تەواوبوونی کۆڕەکەی "دکتۆر هەنە کویشلەر" لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا سەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتیسیمینارەکەی "هەنە" و بەشداری کورد لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت"پرۆفیسۆر جەمال نەبەز"گوتی: پاش سێ کارەساتی ژێر و ژوورکەر لەماوەی سەد ساڵدا، ئایا پیاڵەکەبۆ کورد تا نیوەی پڕە یان تا نیوەی بەتاڵە؟ پیشاندانی چەند نەخشەیەکی مێژووی کوردستانی سەردەمی عوسمانی، قاجاری، ئیمپراتۆری قەیسەری ڕووسیا، کەئەو سەردەم کوردستان سەر بەچەند وڵات بووە، لەساڵی( ١٩١٨) بەپێی پەیمانی (بریست هیتۆڤیس) کوردستان دابەشکراوە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم چەند دەوڵەتێکی ناسیونال لەناوچەکەدروستکران، بڕیار بوو کوردستانیش ببێت بەدەوڵەت، بەڵام نەبوو.
"پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز" بەردەوامی بە قسەکانی دا و گوتی: چۆن کوردستان لەتوپەتکراوە، پاش ئەوەی چەند دەوڵەتێکی ناسیونال لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دامەزران. یەکێک لەو دەوڵەتە ناسیۆنالانە ئیسرائیل بوو. پاش ئەوەی عەرەبەکان دەوڵەتی ناسیۆنالی سونییان بۆ دروستکرا، بەتەمابوون لوبنانیش بخەنە سەر سوریا، دوایی نەخرایە سەر سوریا. ئەوان هاتن کێشەی کوردیان وەک کێشەی ئیسرائیل لە قەڵەمدا. چۆن دوژمنایەتیان لەگەڵ ئیسرائیل کردووە، چەند زەوی ئیسرائیلیان بە خاکی خۆیان دەزانی، سەرزەوی کوردستانیشیان بە وڵاتی خۆیان دەزانی.
"هەنە کویشلەر" لە سیمینارەکەیدا، باسی ئەوەی کرد دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، خۆیان بە خاوەنی ماڵ دەزانن، کورد بە میوان دەزانن، لەبەرئەوە ناوی ئەو لەتانە نرا دەوڵەتە میواندارەکان، کە

کورد میوانە. پاشان باسی ئەوەی کرد سەیری مەسەلەی چیک لە ساڵی (١٩٩٩/١٩٩٨) بکەی و بە ئەمرۆشی بەراوورد بکەی، گەلێک شت ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوکاتە جیاوازە. مرۆڤ ناتوانێ بڵێ بەراستی پاشەڕۆژی کورد تا چ ئەندازەیەک بە بەرژەوەندی کورد ئەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا گوتی: من ناتوانم بڵێم ئێستەی کورد یان پاشەڕۆژی کورد هەرچییەک بێت لە ڕابردووی خراپتر دەبێت، بەمەرجێک کورد لەگەڵ ئەم بارودۆخە بچن بەڕێوە و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی لە جیهاندا ڕوودەدات.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە بە تەکنیکی کوردەوە خەریک بووین (مەبەستی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز لە کێشە و ڕێکخستنی کارە تەکنیکییەکانی سیمینارەکە بوو)، هەتا کێشەی کۆمپیوتەرەکە و دەزگەی بیمەرەکەیان هێنا، بە نیوسەعات توانییان بیخەنەوەکار، لەبەرئەوە سیمینارەکە کاتەکەی کەم بوو، زۆر شتی دیکە هەبوو دەیتوانی بیڵێ، بەڕاستی بێبەرنامە بوو، ئەو بێبەرنامەیە هەر لێرە نییە ئەو دوو برادەرەی، کە بەڕێزت( مەبەستی لە من) خزمەتی زۆر کراوە، بەڵام ئەوەیە خەڵکی کە یارمەتی نادەن.

یووسف: ئێمە بەرنامەمان دانابوو بەپێی لێژنەکان، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە هێندێک کارمان کرد، نەچووینە ژێرباری هێندێ فەرمانی حیزبی و کەسایەتییەوە، کە لە هەولێر و کوردستانەوە گەیشتنە ئێرە وایان کرد، وەزارەت و هەندێک برادەرانی تر بەرنامەکەیان تێکدا، ئەو بەرنامەی خۆیان دایان نابوو ئەویان چەسپاند، ئەوە وەزعەکەیە.

"پ.جەمال نەبەز" بەردەوام بوو گوتی: شتەکە ئەوەیە بۆ خۆت دەیزانی من بۆخۆم جۆرە هەستدارییەکم هەیە بەرامبەر بە حیزب و حیزبایەتی، پێموایە حیزبایەتی شتێکە، خزمەتی زانست یا خزمەتی بێژەر یا خزمەتی مێژوو یا هەر خزمەتی کۆمەڵایەتی بکا، ئەمە بابەتەکەیە، پێوەندیان نییە بە حیزب و حیزبایەتی تەنانەت ئەگەر تۆ کاری ڕامیارییش بکەی دەتوانی بەبێ حیزبایەتی بیکەی. حیزبایەتی بەو

جۆرەی مرۆڤ، کە پێیوایە هەر خۆی شتە! هەر خۆی ڕاستە! کە نە شت و نەڕاستن، ئەمە شتێکی خراپە، ئەمە تووشی چینی خوێندەواری کورد بووە ئەوە نزیکەی پەنجا ساڵە. لە بیرتان نایە ئەو سەردەمەی پەنجا ساڵ هەرچی سەلاواتی لە گیانی لینین و ستالین و ئەوجۆرە کەسانە نەدایە، پیاوی خراپ بوو، پیاوی کۆنە پەرست بوو، نۆکەری ئەمریکا و ناوێکیشیان لێ دەنا. ئێستاش شتەکە بەلایەکی دیکەدا پێچەوانە بۆتەوە، ئێستاش پێیان وایە هەرشتێ ئەمریکا نەیکا و نەیلێ، شتەکە سەر ناگرێ. ئەمە ڕاست نییە، ئەبێ مرۆڤ لەخۆیەوە بڕواتە ڕێ، بزانێ خۆی چەندی لەباردایە، چەند دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ دەوروپشت، چەند دەتوانێ کار بکاتە سەر دەوروپشت، ئەمانە دەورێکی ڕندی ڕامیارییە، ئەگەر مرۆڤ بەو شێوە نەیتوانی بڕوات بەڕێوە لە ڕامیاریا پێش ناکەوێ، یانی بەبیری تەسک و تروسکی حیزبایەتی مرۆڤ ناتوانێ پێشانگەیەکی کلتووریی کوردی خوێندکاری یا خوێندەواری پێشکەش بکات. ئەمە کتێبن؟ زۆربەی زۆری ئەم پەرتۆکانەی، کە پیشاندراون شتێکی وانییە، کە لێکۆلینەوەیەکی بەڕاستی مێژوویی، زمانەوانی زانستانە، ئینسکلۆپیدیایەک، لیکسیکۆنێکی گەورە، شتێکی وا زۆر کەمە، ئەوا خۆتان ئەی بینن لە کتێبەکانا تەماشای کەن، ئەوە نییە، کە مرۆڤ بتوانێ دڵی خۆش بێ، لەگەڵ ئەوەشا دامەزراندنی ئەم جۆرە پێشانگەیانە زۆر زۆر پێویستە. یەکەم جار ئەم پێشانگەیە ئەزانن کێ داینا؟ (مەبەستی نەبەز لەو کەسەی یەکەم جار وەک کورد بەشدار بوو). ئەو برادەرە "دکتۆر جەزا چنگیانی" داینا (بەدەست ئیشارەی بۆ لای کرد تۆزێک لەم لاوەتر وەستا بوو).

یووسف: من لە نووسینەکانمدا ئاماژەم پێکردووە، بۆ زانیاریت.

"پ. جەمال نەبەز: بەڵێ ڕاستە. زۆر کەس باسی ئەو ناکا، ئا "جەزا چنگیانی" کاتی خۆی چەندین  ساڵ لەمەوبەر تەلەفۆنی بۆ من کرد، گوتی: من بیرێکی وام هەیە تۆ ئەڵێی چی؟ منیش گوتم: زۆرباشە زۆرچاکە، هەندێ کتێب و ئەمانەم بۆ نارد، خەڵکی دیکەش کتێبیان

بۆنارد، من خۆشم هاتم بۆ ئێرە بۆ لای، تەماشام کرد کتێبی کوردی داناوە و شوێنێکی گرتووە و ماڵی ئاوابێ. بەڵام بێتە سەر حیزب حیزبێنەکەرەکان، بێنە سەر باسی مێژوو، وادەزانن چوار ساڵ لەمەوبەر ئەمە دامەزراوە، نەخێر "جەزا چنگیانی" ئەم شتەی دامەزراند، ئێمە ئەگەر ڕاست بکەین لەگەڵ خۆمان نابێ ڕەنجی کەس بەخۆڕایی بدەین. هەر کەسێ خزمەتی کرد، یا کارێکی کرد بنووسە ئەوە کردوویەتی. "حوزنی موکریانی" یەکەمین کەس بوو، کە چاپخانەی بۆ کورد داناوە. "جەلادەت بەدرخان" یەکەمین کەس بوو، کە چوو نووسینی لاتینی خستە زمانی کوردی. ئیتر تۆ هەزار جار شتیک ئەکەی، بەدڵتە بەدڵت نییە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە، ئەبێ دان بەوەیا بنێی کە ئەو شتە بووە، ئەوانەی کە ڕێچکە دەشکێنن.

یووسف: ئەوانەی سەرقافلەی ئیشەکەن، باسی ئەوەش ناکرێت، کە میزۆپۆتامیا و کۆمکار بەشدار بوون پێش ئەو چوار ساڵە!

"پ.جەمال نەبەز": بەقوربان پێویستە ئەوە بڵێین، باسی ئەوە بکەین، چۆنییەتی ئێستا، شتێکی خراپە، ئەمانە شتێکی باش نییە. ئێستا لێرە کابرایەک هاتووە دەڵێ من بۆ تەلەفزیۆنی ڕۆژتیڤی کاردەکەم، وەرە لەبارەی "محەمەد ئۆزون"ەوە قسەم بۆ بکە، گوتم: بابە من لەگەڵ تەلەفزیۆنی حیزبدا کارناکەم، یەکسەر ڕۆیی بێ ئەوەی قسە لەگەڵ من بکا، چییە؟ بۆچی؟ چونکە ئەمن خۆم "محەمەد ئۆزون"م زۆر لا بەنرخە. ئەگەر تۆ لە گۆڤارێکا لە ڕۆژنامەیەکا باسێکی لەسەر ببێ قسەی لەسەر دەکەم، بەڵام چەندجار لەگەڵ هەندێک تەلەفزیۆن قسەم کردووە کۆن، ئێستا نا لەگەڵ هەندێک ڕۆژنامەدا چوون شتەکانییان گۆڕیوە، هەرچەندە لەوەوپێش بەڵێنیان بەمن داوە بڕیاریان داوە نووسینەکانم نەگۆڕن، شتەکان وەکو خۆی بڵاوبکەنەوە، بەڵام درۆیان کردووە لەگەڵم، جا پاش ئەو ئەزموونە خراپ و ترش وتاڵە، بڕیارم داوە لەگەڵ هیچ تەلەفزیۆنێک وتووێژنەکەم، هەر تەلەفزیۆنێک حیزبی بێت وتووێژی لەگەڵ ناکەم، ئەوە ئارەزووی خۆمە چیت دەوێ بیکە، تێگەیشتی

بەقوربان، ئەگەر تۆ ڕۆژنامەنووسی بڕیارماندا چم وتوە ، چم نووسیوە وای بڵاوبکەرەوە یان مەیکەرەوە، یا کە بڵاوی دەکەیتەوە وەک خۆی بڵاوی بکەوە.
یووسف: ڕۆژنامەنووس دەبێت ڕاستگۆ بێت، ئەوە یەکێکە لە پرنسیپەکانی ڕۆژنامەنووسی.
"پ.جەمال نەبەز": یەک شت حەز دەکەم بیڵێم ئەو شتە، بۆچی تەنیا لە ڕۆژنامەی میدیا بڵاودەکەمەوە؟ چونکە پاش ئەوەی شتەکانم نووسی، ڕۆژنامەی میدیا تایپی ئەکەن و بۆمی ئەنێرنەوە. ئەگەر "کاک ئاکۆ" شتێکی بەلاوە جۆرێکی کە بێ، پێشنیازێک ئەکا دەڵێ: تۆ ئەڵێی چی بەرامبەر ئەو شتە؟ زۆرجار پێی ئەڵێم: تۆ ڕاست دەکەی هەقتە، بەڵام نەک ئەو ناچێ لەخۆیەوە شتەکە بگۆڕی نەء، پێم ئەڵێ، پرسم پێ ئەکا، پاش ئەوەی کە ئەوەی کرد، ئەڵێم ماڵت ئاوا بەخوای قسەکانی تۆ ڕاستن وای لێکە، تێگەیشتی بەقوربان ئەمە هینی تایبەتمەندی ڕۆژنامەنووسی ئازادە، ڕۆژنامەنووسێکە بەڕاستی ببیەوێ خزمەتی خەڵک بکات، نەک ڕۆژنامەنووسێکی بەکرێ گیراو، جا خۆ بەکرێ گیراو ئەوە نییە بەپارە گیرابێ حیزب پێی بڵێ برۆ ئەوە بکە جوان نییە ئەو شتە!
بەقوربان پێم خۆشە کە ئەو پێشانگەیانە هەن، پێمخۆشە کە ئەمساڵ ئەوانە خەریکی ئەمە بوون، حیزب حیزبێنە ناکەن چ جەمال خەزنەدار، چ دکتۆر سەروەر، چ تۆی بەڕێز، چ ئەوانی دیکەی وا لێرە بوون بەڕاستی، بەڵام هەر ئەوەندەیان لە دەست دێ، لەوە زیاتر ناتوانن.
بەڵێ جارێ ئێمە هێشتا فێر نەبووین، خۆمان بگونجێنین لەگەڵ تەکنیکی نوێ، کە ئێمە دەڵێین سەعات چوار دەست پێبکەین موشکیلە نییە سەعات شەش بێ، جا لەبەرئەوە من زۆرجار دەڵێم: کە من سیمینار ئەکەم، ئەگەر لە سەعات شەشدا بیکەین دەلێم لە چواردا ئەیکەین، بۆ ئەوەی لە پێنج ونیو شەشدا خەڵک ئامادەبێت تێگەیشتی بەقوربان( بە پێکەنینەوە قسەی کرد)، جا حەز ئەکەم هەر شتێکت بۆ بگێرمەوە

ئەوەش هەر بنووسە، جارێکیان سیمینارێکی گەورە هەبوو لە نزیک بۆنەوە، پرۆفیسۆرێکی ئەڵمان لێرە لە حیزبی (ف.د.پ) کاردەکات، ناوی "پرۆفیسۆر شێلکەیە"، ئەو سیمینارەی دەبرد بەڕێوە خەلکێکی کورد و عەرەب و فارس و هەر لەسەر بابەتی کوردبوو هاتبوون بۆ ئەویٚ، منیش هاتبووم منیش لەبارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە قسەم کرد، خەڵکی کە لەبارەی شتی کەوە، جا زۆرجار کە کۆبونەوە ئەبوو کوردەکان زۆر درەنگ ئەهاتن، ئەیگوت: ئەریٚ تووخوا بەڕای ئێوە کوردەکان لە کوێن؟، ئیٚ گوتم: کاکە تەماشای کاتی کورد بکە. کوڕە ئەی گوت: بەپێی کاتی کوردیش درەنگە، بەپێی کاتی کوردیش درەنگە. (ئەوەی ناوکەوانەکان من نووسیومە.)

٣ـ سیاسەتمەدار و نووسەر کەمال بورقای گوتی: ئەو پێشانگە نموونەیەکی دەلالە بۆ پێشڤەچوونا ڕەوشا ڕەوشنبیریا کوردی بە چاغی کوردا، تەبعەن گەلەک ساڵ کۆمکار وەک ڕێکخستنەکی کوردی، وەشانخانیٚ خۆ هەنە تێدا کتاب چاپ دکەن، لەو پێشانگەیە بەشدار بوون.
ئەم ساڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریی و چاندی کوردستانیٚ ئەو کارەی ئامادە کردووە، دەزگا چاپەمەنی کوردیش تێدا بەشداربوون، ئەو شتێکی گەلەک باشە، ئەو جیٚ دڵخۆشییە، ئەو پێشانگەیە بۆخۆی پێشاندانەک بوو.
لە چاپەمەنی کوردیدا لە بواری ڕەوشنبیرییدا گۆڕینەکی دەلال هەیە، لەم سیی چل ساڵانەی دواییدا، لە هەموو پارچەکانی کوردستان باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاڤا، بۆ هەموو کوردان، لە ئەورووپاش کار و خەباتی ڕەوشەنبیریی کوردان هەیە، لە بواری ئەدەبیات، زمان، دیرۆکدا، لە بواری هونەریشدا وەک دەرهێنانی فیلم، نووسین، هونەرمەندی کوردان لەواریٚ نێونەتەوەیی خۆیان پیشان دەدەن.

تەبعەن من هێڤی دەکەم لە بواری ئەدەبیشدا، مرۆڤی بەرهەمدار پێ بگەن، لەوارێ نێونەتەوەییدا بەناوودەنگ بتوانن خەڵاتێ جیهانی بەدەست بهێنن. ئەوانەیش بە پرسی ئازادی گرێدراوە، زمانی کوردی زمانێکی کەونە وەک میللەتێ دن، لە دیرۆکا مەدا زمانەکی دەوڵەمەندە، بۆ گەشەدانی زمان و پێشڤەچوونی زمان، ڕەوش لازمە، ئیمکان و فرسەت لازمە، ئەو فرسەتەش تێری ناکا، هێڤیا مە کە ئیرۆ کوردستانا باشوورە، ل سەر پێیا خۆ ڕاوەستیێت بسکنە، خورت بە، گەش بە، پێش ڤەبچی، هەروەساش هەڵبەت کارو خەباتی ئێمە بەردەوامە بۆ ئازادیی لە هەموو بەشێ کوردستانێ. کوردستانی باکووریش هەتاکو میللەتی مە ڕزگار نەبێت، زمانی ئێمەش ڕزگار نابێ، لە سیمینارە کورتەکەم ئەوەشم گوت، سوپاس، گەلەک سوپاس.

٤ـ دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا گوتی: کۆڕەکەی من لەبارەی: سەفەرنامەی گەڕۆک و ڕۆژهەڵاتناسەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ مێژووی کورد. بەتایبەت سەدەی(١٧،١٨،١٩) لەم باسەدا لەبەرئەوەی کاتەکە زۆر کەم بوو، هەوڵمدا وێنەیەک پێشکەش بکەم، کە لەبارەی ئەو گەڕۆکەکانی هاتوونەتە کوردستان و بە کوردستاندا هاتوون، هاتوون شتیان لەسەر کورد نووسیوە و لەکتێبەکانیاندا مەتریالیان تێدایە، بایەخم بەو شتانەدایە کە تایبەتن بە کورد، بەڵام زۆر بە کورتی کاتەکە کەم بوو.
بەڵام هیوادارم بتوانم باسەکەم وا دەوڵەمەند بکەم و بەشێوەی کتێبێک بڵاوی بکەمەوە. لەبارەی پێشانگەکە، پێشانگەکە شتێکی زۆر نایاب و زۆر نازدارە، بەڵام بەداخەوە تۆزێک بێبەرنامەیی پێوە دیارە، بەڵام لەبەرئەوەی شتەکە نوێیە بۆ کورد زۆر گرنگە، ئەمە هەبێت و بەردەوام بێت، هیوادارم ساڵی دیکە باشتر بەرنامەڕێژی بۆ بکەن.

٥ـ دکتۆر زۆرابی ئالۆیان گوتی: بەڵێ ئەو پێشانگەی فرانکفۆرت یا ناڤدەوڵەتی، بێگومان مەزنترین پێشانگەیا وەسایە ل جیهانێ ئەو جێی

کەیفخۆشییە کو ئەم سال حکوومەتا کوردستانێ پێشانگەی خۆی لەم چوارچێوەیەدا ڤەکرد، وەشانخانێ کورد و کوردستانێ بەشداربوون. بێگومان یەکەم جار، گەلەک تشت نەهاتییە زانین و دڵخۆشکرن. دڤێ دەم، وەلاتێ دن، دەولەتێ دن، وەشانخانێ دن فێر ببن، ل داهاتوودا پێشانگەی کوردان هێژا و شایان بی.

لەم چوارچێوەیەدا گەلەک سیمینار هات پێشکەشکرن، لە بەشی کوردیێ پێشانگەیێ دا، وەکی دن منیش (١٥) خولەک سمینارەک پێشکەشکرد، بەخێرهاتنا هەرکەسی کرد. بابەتی من (ڕێکخستنا ڕەوشەنبیرییێن کورد ل مەیدانا نێونەتەوەیی) بوو، چەند خالێن گرنگ من هانین زمان، یەک ل وان: سازیا ڕەوشەنبیرێن کورد دەبێت نوێنەرایەتی تەواویا کوردستانێ بکەت، نە بەشێک نەزاراڤەیەک نەتەوەێن کوردستانێ، ژ بۆ ویێ کێ ژی پێویستە کو نوێنەرێ هەموو بەشێ کوردستانێ تێدا بەشدار ببن سازی ڕەوشەنبیراندا، سەرپەرشتی وان سازیان یانی کو کەسێن سەرپەرشتی وان سازیان دەکەن گەلەک باش و بە هەردوو زاراوەیان بزانن. خالەکی دن هەبوو، کەسێن کو لڤر کاردکەن لەبوارێ (مەنجمەندا) ئیدارە، هەتا بێژم بیرۆکراتیکدا، ل بوارێ ئۆرگانیزاسیۆندا، ل بوارێ زانینی زمانی بیانی گەلەک زیرەک بن. خالێ دوایی پەیوەندی ڕەوشەنبیرێن کورد، سازی ڕۆشنبیرێن کورد، ل گەل حکوومەتا کوردستانێ، سازیێن پارتییا کوردستانێ. من گۆت کوو دوو نەڕینێن ئێکستریم دەناڤ کوردان دا هەنە، یەک دبێژی کو ڕەوشەنبیر پێویستە نزیکی سیاسەتێ بی و کارێ سیاسی بکە، یێ دن دبێژن ڕەوشەنبیر پێویستە گەلەکی دووری سیاسەتێ بن، هەتا دووژمنێ سیاسەتێ بی و دووژمنی پارتیا کوردان بی و حکوومەتێ کوردان بی. دیتنا من پێویستە ئەم نموونەیێن ئەوروپی و ئەمریکی ژ خۆ ڕا وەربگرن، ل ئەورووپا و ل ئەمریکا سازییێن ڕەوشەنبیران نە گەلەکی دووری سیاسەتینە و نە ژی نزیکی سیاسەتینە، یانی ئەو نەیەک جار دۆستی سیاسەتینە و نەدووژمنێ سیاسەتینە ئەو خال من ئانیین زمان. ئەز حەز د کەم هەموو بابەت بێتە

گفتوگۆکرن، ژ بەر کو یا بەشێن پیرۆز پرسگرییەکی پیرۆز نینە، هەر تشت دڤێ ببێتە گفتوگۆکرن و چارەسەرکردن.

٦ـ دکتۆر ئەحمەدی مەلا گوتی: بابەتی من (شیزۆفرینای شارستانییەتی کوردی لەنێوان ڕۆشنبیریی گەردوونی و ڕۆشنبیری تایبەتدا). تەبعەن ئەم بابەتە لەسەر سێ چەمک گیرساوەتەوە:
یەکەم: شیزۆفرینی، کە تێرمێکی دەروونناسییە، بە کارمهێناوە لە باسکردنی کەلەپووری شەخسییەت لە سارستانییەتی ئێمەدا.
دووەم: تێرمی شارستانییەت بە مەعنایەی کەوا ئیمڕۆ دنیا دابەش دەبێتە سەر پێنج شارستانییەت، کە ئێمە بەشێکین لە شارستانییەتی عەرەبیی ئیسلامی.
سێهەم: تێرمی ڕەوشەنبیریی گەردوونی ڕەوشەنبیریی تایبەت، کە تێرمێکە لە میشێل فۆکۆ وەرم گرتووە.
ئیتر بەکورتی باسی ئەوە دەکەم، کە ئێمە ژیان و ممارەسە و بەرهەمی کولتووریمان دابەش دەبێتە سەر کولتووری جیهان، تاکو ئێستاش شکلێکی تایبەتمان نەداوە بە شێوەی بەرهەم هێنان، ئەمەش ئیشی ڕۆشنبیرانە ئیشەکە جێبەجێ بکەن.
سەبارەت بە پێشانگەکە پێشانگەیەکی جیهانییە، کە هەموو ساڵ لە فرانکفۆرت دەکرێت، شوێنێکی زۆر تایبەتە. بەشی کوردی کتێب و نووسینێکی زۆریان لە کوردستانەوە هێناوە، چەندین دەزگا بەشداری تیادا کردووە، ئیتر بەشی چیرۆک و شیعر و ڕۆمان و دیراسات و ئەمە کۆمەڵێک شتی تێدایە، بەڵام بەکورتی دەتوانین بڵێین بەرهەمی ئەدەبی و ثقافییەکەی ئێمە هێشتا زۆر کاڵ وکرچە، پێویستیمان بەوەیە سەدەیەکی تریش هەر بنووسین، بۆ ئەوەی ببین بە خاوەنی ستیل و شەقلی تایبەت بە خۆمان.

٧ـ دڵشاد عەبدوڵڵا گوتی: بوونی ئەم جۆرە پیشانگەیانە بێشک کاریگەری زۆر باشی دەبێت، بۆ ئەوەی بینینی بەرهەمی توانای بیرکردنەوەی ئەو نووسەر و خەڵکانەی بواری بەرهەم هێنانی کتێب و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبدا کاردەکەن، هەم بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و شارەزایی لەنێوان دەزگاکانی بواری چاپ و بڵاوکردنەوە. بەشداربوونی ئێمە لەو جۆرە پێشانگەیانە، بێشک بۆ سوود وەرگرتنە، لە هەمان کاتدا بۆ ناساندنی میللەتەکەی خۆشمانە بە میللەتانی دنیا، دیارە کورد میللەتێکی لەبیرکراو و پشتگوێ خراوبووە لە هەموو سەردەمەکانی پێشوودا، بەڵام لەسەردەمی ئێستا و سەردەمی نوێدا، کە بەسەردەمی کرانەوەی هەموو دەرگاکانی جیهانە بۆ میللەتانی ژێردەست و میللەتانی بچووک دادەنرێت، ئەو میللەتانەی با بڵێین خاوەنی دەوڵەت یان قەوارەی نەتەوەکەیان بچووکە نەیان توانیوە جێگای خۆیان بکەنەوە لەناو پانتایی، ئێستا ئەو هەلانە باشتر گونجاو بووە، بۆ ئەو جۆرە میللەتانە، دیارە ئەمڕۆش نامەی یا پردی پەیوەندی لە نێوان میللەتان لە ڕێگای فیکرەوە باشتر دەگات پەیامێکی ڕاستەقینە ترە، بۆیە ئە جۆرە پێشانگەیانە دەبنە مایەی ئەوەی ئەو جۆرە کرانەوانە ئەو جۆرە پردانە بەهێزتربن.

هیوادارم لە ساڵی داهاتوو بەرنامەیەکی باشتر و تۆکمەتر دابنێن، هەرچەندە ئەوجارەش ئەوساڵەش ئەوە چەند ساڵێکە هەوڵێک دەدرێت، کۆشش دەکرێت، کۆمەڵێک برادەر هیلاک بوونە توانیویانە ماڵێکی بچووک چەترێکی بچووک یان کەپرێکی بچووک دروست بکەن، بۆ ئەوەی کوردیش بەشێک لەبەرهەمەکانی خۆی تێدا پیشان بدات. بەڵام بەڕاستی لەو پێشانگەیەی هەستم دەکرد، کە هەمیشە ئەو میللەتانەی وەک ئێمەن بەداخەوە قەدری ساحێبی قەڵەم و ساحێبی نەزەرەکانی خۆیان نازانن.

لەناو میللەتاندا بڕۆ تەماشابکە هەموو پۆستەری نووسەر و هونەرمەند و بیرمەندەکانی خۆیان گەورە کردووە و هەڵیان واسیوە،

بەرهەمەکانییان زۆر بە جوانی بڵاوکردۆتەوە و بە چەندەها چاپ، و کەچی ئێمە وەک خۆمان ئیمکانییەکی هەژار، چونکە خۆمان میللەتێکی هەژارین کتێبخانەشمان هەژارە، کارەساتەکەی تریش ئەوەی ناخۆشە کەمترین خەڵک لەناو کورد دەخوێننەوە، لەبەر هەندێ تەماشای ئەو جەناحەی کورد بکە، لەگەڵ هەموو شوێنەکانی تر هەست دەکەی کە خوێندەواری لەناو کورد چەندە لە ئاستێکی نزمە، خەڵکی کورد چەند نامۆیە لەگەڵ کتێب، چەند دۆست نییە لەگەڵ کتێب. ئەو خەڵکانەی کە خاوەنی شارستانیین خەڵکانی تر چۆن تەعامول لەگەڵ کتێب دەکەن، چەند قەدری کتێب دەزانن. هیوادارم ئەو بۆنەیە ببێتە بۆنەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی جارێکی تر کتێب ببێتە ئەوەی گەیاندنی پەیامی بەرزی ئینسانی، پەیامی برایەتی نێوان میللەتان، وە ئێمەش پشکێک لەو خۆشەویستی لەو مەزنییەمان بەر کەوێت.

"دکتۆرەهەنە کویشلەر" دۆست و دڵسۆزی گەلی کوردە، تا ئێستا چەندین بابەت ولێکۆڵینەوەی لەبارەی کوردەوە نووسیوە و خزمەتی زۆری بەکلتووری کوردی کردووە. دکتۆرانامەکەیشی لەسەر گەلی کورد نووسیوە. باسێکی سۆسیۆلۆجییە، دوو بەشەبە ناوی: بیروڕای گشتی. سەرنجدانێکی تیۆریانەو میتۆدۆلۆژیانەیە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەک وەک نموونە لەبارەی لەخۆ تێگەیشتنی کورد( کورد خۆیان چۆن خۆیان دەبینن).

دەیان دیکۆمێنتی بە کار هێناوەبەزمانەکانی: ئینگلیزی،-فرەنسی،-ئەڵمانی،- کوردی. بەتایبەت چۆتەڕووسیا بۆ فێربوونی زمانی ڕووسی، شەش مانگ لەئەنیستیتوتی پوشکین، زمان و ئەدەبیاتی ڕووسی خوێندووە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو پەرتووکانەی لەسەر کورد نوسراون بەڕووسی سوودیان لێ وەربگرێ.

"د.هەنە" وەک ڕۆژنامەوانێکی چالاک کار دەکات. تائێستا چەندین بابەتی لەسەر کورد و کوردستان لەڕادیۆکانی ئەڵمانیدا بڵاوکردۆتەوە. لەساڵی (١٩٩٦) دا بۆ ماوەی پەنجا دەقیقە بابەتێکی بەناوی (تینی

ڕۆناکیەک پاش پەنجا ساڵ، کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦دا)، لەڕادیۆی(دۆیچلاند فونک) بڵاوکردۆتەوە. ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١٠/١٣) لەپیشانگەی فرانکفۆرت، لە ستاندی کوردیسیمینارێکی لەژێر ناوی دیکۆمێنتی کورد لەمێژوودا پێشکەشکرد.

*** خەڵاتی ڕێزلێنانی دەزگەی بەدرخان:**

دوای تەواوبوونی سیمینارەکەی "د.هەنە کویشلەر"، لەلایەن دەزگەی بەدرخان خەڵاتکرا، سەبارەت بەم خەڵاتکردنەسەرۆکی دەزگای بەدرخان "حەمید بەدرخان" گوتی: لەبەرئەوەی دکتۆرهەنە کویشلەر لەبواری ڕۆژنامەوانی و کوردناسیدا، لێکۆلینەوەی سەبارەت بە کلتوور و دۆزە ڕەواکەی، پێشکەش بە گەلی کورد کردووە، بۆیەئێمەوەک دەزگای بەدرخان بەپێویستمانزانی مەدالیای ڕێزلێنان بدەین بەخاتوو "هەنە کویشلەر"ی دۆستی کورد و "پرۆفیسۆر جەمال نەبەز"، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە میوانانی پێشانگە و ستاندی کوردستان.

*** دەزگەی خاک**

دیدارێک لەگەڵ "لەیلا عەلی" لەناو ستاندی خاک لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١٠/١٣)

سەبارەت بە بەشداری دەزگەی خاک، لەدیدارێکدا لەگەڵ جوانەمەرگ "لەیلا عەلی" لە وەڵامی چەند پرسیارێکمدا گوتی:

ئەو کوڕەی بەم کارەهەڵساوەناوی (تەها کەریم)ە، من لە سلێمانی بینیم، لەفیستیڤاڵیمنداڵانی کوردستان، زانی کە من لەدوو شوێن ئیشەکەم، یەکێکیان دەزگای خاکە، ئەوی تریان بەڕێوەبەرایەتی دەزگەی سمۆرەیەبۆ چاپی بەرهەمی منداڵان، دەعوەتنامەکەی بۆ ناردم. لێرەلەگەڵ ئەوان قسەی کردبوو، کەپێویست ناکات هەمووجار

ئەوکەسەی دێت بۆ ئێرەبە دەعوەت دێت، شەرت نییە لە بەغدا یا لەجنووبی عێراق بێت، با ئەم جارەلەکوردستانی عێراقەوەبێت، دەعوەتنامەکەیان بە ڕەسمی بۆ ناردم، کەئەمان لێرەپێیان خۆشەئەمن وەکو کەسەکی سەربەخۆ ئیشەکەم لەو چاپەمەنییانەکەمن بێم بۆ ئەڵمانیا، تەبعەن بەچەند ئیمێلێک نزیکی بە مانگێک لەگەیشتنەوە، ناوت چیە؟ تۆکێیت؟ سەر بەکوێیت؟
ئەوانەی ناردوومەبەمستەمسەکەکانەوەماومە، هەردوو شوێنەکەم ناردووە، جارێک وەک خانەی( سمۆرە)، کەئەمنئەو خانەیەدەبەم بەڕێوە،کەعیلاقەی هەیەبە چاپی بەرهەمی منداڵەوە، جارێکیش وەکو دەزگەی( خاک)، کە من یانزەساڵەلەخاکدا ئیش دەکەم، ئەوەدەزگەیەکی سەربەخۆیەعلاقەی نییەبە هیچ کەسێکەوە، چەند ئیشێکی تری هەیەتەلەفزیۆن، ڕادیۆ، گۆڤار، گۆڤارێکی کاریکاتێریە و بڵاوکراوەیەک بەئینگلیزی و لەگەڵ پاپلیشەرێک، (ئەوان جوابییان دابووینەوەکە(خاک) تەجرووبەیەکی نادرەبۆ ئێمە، لەبەرئەوەی ئێوەئەڵێن ئێمەپێویستیمان بەقازانج نییە، پێویستیمان بەوەهەیە،کەحیفاز بە دەستنووسەوەبکەین و حیزب و حکوومەتیش دەستی نییەتیایا، تکایەئەگەر ئەفەرموون وەکو دەزگەی خاک وەرن).
**پرسیار: چەندجار پەیوەندیتان کرد؟ لە کوردستان کێ یارمەتیدان؟**
لەیلا: بە چەند پەیوەندیەکی تر و تۆ کێیت؟ لە کوێیت؟ ئەو شتانە،شتە ڕۆتینەکانی تر، بەڵێ هەموو داتا و سیدیەکانی خۆمانم بۆ ناردن، بەڕەسمی دەعوەتیان بۆ کردین، ئەوەی کە مایەوە، ئێمەداوای دەعممان لەحکوومەتی هەرێم کرد، لەشەخسی کاک(عومەر فەتاح) کرد، تەبعەن ئێمەئەوەندەداوای یارمەتیمان کرد، کەئێمەکتێبێکی زۆرمان هەیەنزیکەی (٢٠٠) کیلۆ بۆمان بگوازێتەوە، کاک (عومەر فەتاح) گوتی:"بە سوپاسەوە، یارمەتیتان دەدەم، بەڵام پارەیەکی زۆر تەرخانکراوەبۆ پێشانگەی فرانکفۆرت، کەکوردستان بەشدارە و دەڕوا، ئێوەئەتوانن

لەگەڵ ئەوانا ڕێککەون بۆ ئەوەی ئەوان کتابەکانتان بۆ بگوازنەوەناو فرانکفۆرت.

پرسیار: باشەئێوە دواتر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەچیتان کرد؟

لەیلا: من خۆم پەیوەندیم پێوەکردن، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرێکم لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیریی، من پەیوەندیم بە کاک "فەلەکەدین" کرد، گوتی: زۆرزۆر ئیحتیادیە، برادەرانی ئێرەگوتیان: ئێمەلەو بودجەیەلادەدەین کە دانراوەبۆ ئێرە. کاک "فەلەک" گوتی: هیچ پێویست ناکات(٢٠٠) کیلۆ کتێب بگەڕێنینەوە بۆ بەردەمی حکوومەت و بڵێن وەڵڵا وەزارەتی ڕۆشنبیریی نەیتوانیوەبۆیان ببات، من لەسەر بوودجەی وەزارەت هەموو کتێبەکانی دەزگای (خاک) دەگوازمەوە بۆ ناو فرانکفۆرت. لەسەر وەعدی خۆشی، تەواوی کتێبەکانیشمان گەیشتبووەدەستی کاک "قادر" لێرەوەری گرتبوو، (٤)ی مانگ کتێبەکانی تەسلیم کردینەوە،بەسوپاسەوە، هەموو کتێبەکانمان تەواوەلە جێگای خۆیانن.

**پرسیار: باشەتەواوی مەساریفی هاتنی ئێوە و گرتنی جێگا و ئەوانەی لەگەڵتن و ئوتێل کێ کردوویەتی؟**

لەیلا: مەساریفی گرتنی ستاند و هاتنی من و وەرگرتنی فیزە و مەساریفی ڕێگە و ئوتێل و گرتنی ئەم شتانە، بە کوردیەکەی کاملی مەساریف لە سەر حیسابی ئیدارە و ڕێکخەرانی پێشانگەی فرانکفۆرتە، پارەی گیرفانیشمان وەرگرتووە لە پەنایا.

**پرسیار:هاوسەفەرەکەت کێبوو؟**


لەیلا: کاک "ئاگری"م لەگەڵدایەخەڵکی سلێمانییە، خۆی لە دایکبووی سویدە، ئەندامێکی چالاکی خاکە، لە سۆما ئیش دەکات، وەک موترجمێکی باش، منداڵێکی زۆر زیرەکە، هەر لە سوید قانونی نێودەوڵەتی خوێندووە، دواتر لە فرەنسا ماجستێری تەواو کردووە، ئەو لەبەرئەوەی هیچ جنسییەی ناوێ، لەسەر حیسابی کۆمپانیاکەی خۆمان بوو بە ڕەفیقی سەفەرەکەم، (هەولێریانی لای خۆمان گوتی): حیکایەتی هاتنی من ئەوهەیە.

له کۆتاییبیدا پێمگوت: زۆر سوپاست دەکەم تۆ معلوماتی تەواوت دا بە دەست، لەبەرئەوەش ئەو پرسیارانەم لێ کردی، تا لە دواڕۆژدا کەسی لابەلا خۆی نەکا بە خاوەنی ئەو پێشانگەیە، بلێ ئێمە وامان کرد و وامان کرد، ئەو زانیاریانەپێویست بوو.
لەیلا: تەنها ئەوەماوەبلێم ئەو ڕۆژەش کاک "عومەر فەتاح" پێی باش بوو کتێبەکانی خاک لەگەڵ کتێبەکانی وەزارەت بنێردرێ، لەگەڵ هی حکوومەت پێکەوەبڕوا، چونکەهەرچی هی کوردەلەسەر مەسرووفی حکوومەتە، ڕێکخەرانی لێژنەکەی فرانکفۆرت لەکوردستان گوتیان: ئێمەحسابمان نەکردووەلەبوودجەبۆ ناردنی (٢٠٠) یا (٣٠٠) کیلۆ کتێب، کاک "فەلەکەدین" گوتی: من ئەو (٣٠٠) کیلۆیەلەسەر بوودجەی وەزارەت دەگوازمەوەناو فرانکفۆرت، ڕاستیکرد، کاک "قادر"یش لێرەیارمەتیان داوین کتێبەکانی گەیاندەناو ستاندی خاک لە فرانکفۆرت، ڕێو شوێنی خۆمان دۆزیەوە، ئێمەلەپێنجی مانگەوەلێرەین، هەموو وۆرکشۆپەکان بەشداریمان کردووە، سەردانی مەیدانییمان کردووەبۆ مەکتەبەگەورەکانیان، ناومان چۆتەناو لیستی ڕیکۆردی ساڵانەیان کە هەیانە، کەشفی خۆی لەگەڵ هی کۆمپانیاکەتقدیم دەکەی، یەکسەر چەند کۆمپانیایەک دەستنیشان دەکەن، بۆ ئەوەی ساڵەکی دی ئۆتۆماتیکی بێت، ساڵی پار(٢٥) کۆمپانیا لێرەبووە، بەتەنها کۆمپانیایەکی بەڕازیلی و کۆمپانیایەکی بچووکی ئێرانی کۆمپانیایەکی پەنەمادەعوەتکراونەتەوە، هەر پێیان گوتون لەو ساڵەوەخۆتان حازرکەنەوەبۆ ئەوەی ساڵەکیتر بێنەوە، یەک لەو کۆمپانیایانەی ئەمساڵ پێیان گوتراوەبۆ ساڵەکی تر خۆتان حازر کەن کۆمپانیای( خاک) بوو یا شەخسی من بوو.
پێمگوتن: ئەگەر من بۆم نەکرا بێمەوە دەکرێ یەکێکی تر بێتەوە؟ ئەوان مانعیان نییەیەکێکی تر بێتبەڵام دەبێ زانیاری خۆتیان هەموو بۆ بنێری.

**پرسیار: یانی ساڵەکی تر خاک بەشدار دەبێتەوە؟**
لەیلا: بەڵێ ئەگەر خاک بیەوێ بەشدار دەبێتەوە.
من: خۆشحاڵ بووم بەم دیدارە، هیوادارم هەموو ساڵێک بەشدار ببنەوە،زۆر سوپاس.
لەیلا: بژی گیان بژی گیان بەخێر بێن سەرچاو.

**دەزگەی خاک لە گرێبەستی وەرگێڕاندا**
دەزگەی خاک ئەمساڵ لەمیانی بەشداریکردنی لەپێشانگەی نێودەوڵەتی پەرتووکی فرانکفۆرتدا توانی چەند بۆندێک لەگەڵ دەزگە چاپەمەنییەجیهانییەکانی ئەمریکی و بەریتانی و ئەڵمانی ئیمزا بکا، ڕێکبکەوێ بۆ کاری هاوبەش.
دەزگەیەکی ئەمریکی ڕۆمانی (ژانی گەل) دەکا بەئینگلیزی، لەگەڵ خاک بۆندیان ئیمزاکردوە و لەسەر چەند مەرجێک ڕێککەوتون وەک: دانی برێک پارە لەلایەن کۆمپانیاکەوەبۆ نووسەر یان کەسوکارەکەی، چەند ژمارەیەک لەپەرتووکەدەدرێ خاوەنی نووسین، تەنها دەزگەکەمافی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەیە.
دەزگەیەکی بەریتانی داوای چەند چیرۆکێکیان کردووەبیکەن بەئینگلیزی، وێنەخۆیان دایدەنێن.
دەزگەیەکی ئەڵمانی داوای چەند ڕۆمانێکی کوردی کردووەبەئینگلیزی، ئەوان خۆیان دەیکەن بەئەڵمانی، تا کۆتایی ساڵ چاوەڕوانن تا بۆ ساڵی داهاتوو چاپی بکەن، بەڵام تا ئێستا لەسەر وەرگێڕان ڕێکنەکەوتوون.
چوارەمین ساڵەوەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی کلتووری کوردی لەئەڵمانیا بەشداری پێشانگەی پەرتووکی فرانکفۆرت دەکات. سەرەتای بیرۆکەی بەشدار بوونەکەدەگەڕێتەوەبۆ سەنتەری ناوەندی زانین و ڕۆشنبیریی کوردی- ئەڵمانی، ساڵی یەکەم سەنتەرەکەبەم ناوەبوو، (بەڵام دواتر ناوی سەنتەرەکەبوو بەناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی/ئەڵمانی)، ناوەندی ڕۆشنبیریی لەلایەن چەند

کوردێکی دڵسۆزی دانیشتوی شاری مانهایم و لودڤیگس هافن لەساڵی (۲۰۰۳ مانگی ئۆکتۆبەر) دامەزرێندراوە. بەپێی پرۆتۆکۆلی کۆنفراسی دامەزراندن ناوەکانی تێدایە،بەندەش یەکێکەلەدامەزرێنەران، چەند ڕۆژێک دوای دامەزراندنی ناوەند گروپێک لە ئەندامانی ناوەند سەردانی پێشانگای فرانکفۆرتیان کرد. لە گەڕانەوەدا بەباشیانزانی کوردیش بەشدار ی بکات، دیارەچەند ساڵ پێشتریش چەند کوردێکی وەکو "د.جەزا چنگیانی" و دەزگای نوودنگی کۆمکار و میزۆپۆتامیا بەشداریان کردبوو، کەئێستاش دەزگاکان ساڵانەبەشدار دەبن.
من لێرەدا چەند پرسیارێک ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریی دەکەم:
١- بۆچی لێنەگەران لێژنەی ڕاگەیاندن لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بێت؟
٢- بڕیار بوو ڕۆژنامەیەک دەر بکەین بۆچی ڕەتتان کردەوە؟
٣- بۆچی ڕێزتان لەئیمزا و بڕیارەکانی لێژنەی سەرپەرشتی نەگرت و بەپێی ئەو بەر نامەیەی دانرابوو ڕێگەتان نەدا کاری پێبکریَ؟
٤. ئایا دوای ئەو فەوزا و پشێویەی کەبە پێی بەرنامەکەی ئێوەدروست بوو لەستاندەکەدڵتان خۆشە؟ یا کەم دەرامەتی و بیَ کادری وای کردووە؟
گەورەترین کەموکوڕی نەبوونی سەرچاوە و پەرتووک و ڕێکلام بەزمانەزیندووەکانی وەک ئینگلیزی، فرەنسی، ئەڵمانی لەسەر کورد و کوردستان. یەک لەمەبەستەکانی ئەم پێشانگەیەتێکەڵبوون و ناساندنی کلتووری نەتەوەییەبەنەتەوەکانی تری جیهان، زۆر لەمیوانانی بیانی داوای ئەم جۆرەسەرچاوانەیان دەکرد لەسەر کورد. بەڵام کە نەبیَ چی بکەین، من خۆم ساڵانەوەک ڕۆژنامەنووس دەچم بۆ پیشانگای فرانکفۆرت، زۆربەی ستاندەکانی تر دەگەڕێم جۆرەها شتی هەمەجۆر بە زمانەجیاجیاکان دەبەخشنەوەبۆ ئەو میوانانەی سەردانی ستاندەکەیان دەکەن.



Kurdistan Regional Government

Presidency of Council of Ministers
Ministry of Culture
G.D of Administration & Finance
D.of Administrative &Personnel

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی ودارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە: ٨٦٤٧/١٥/١ — ڕێکەوت: ١٦/١٢/2007

بۆ/ ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی - مانهایم/ئەلمانیا

ب / ڕێزو سوپاس

زۆر خۆشحاڵ و شادمانم کە ڕێزو سوپاسی خۆمتان ئاراستە بکەم ، سەبارەت بە هاوکاریکردن ، و دڵسۆزیتان سەبارەت بە ئەنجام گەیاندنی ( پێشانگای نێو دەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرت ) ، بە ناردن و بەخشینی کتێب و گۆڤار و بەرهەمە چاپکراوەکانتان ، ئەوەش مایەی خۆشبەختی و سەرفرازی و ئەمەك داری بەڕێزتانە بۆ بەرزڕاگرتن و پیرۆزی ئەدەب و فەرهەنگ و زمان و کلتوری ئەتەوەکەمان لەبەرامبەر گەلانی تری جیهان ، شاد و سەرفراز و سەرکەوتووبن لە پێناو بەرز ڕاگرتنی فەرهەنگ و کولتوور و زمانی ئەتەوەیمان .

فەلەکەدین کاکەیی
وەزیری ڕۆشنبیری

وێنەیەك بۆ :
- خۆیەتی
- دۆسیەی تایبەت / لەگەڵ هاوپێچ
- سوڕاو

جەمال : ٢٠٠٧/١٢/٥

خ : جەمال

هەرێمی کوردستان- هەولێر/ شەست مەتری/ چوارڕیانی عیزەدین فەیزی
Kurdistan Region- Erbil
Tel: +964 66 2272791 – +964 66 2233586

سپاسنامەی وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز "فەلەکەدین کاکەیی" بۆئەندامانی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی – ئەڵمانی ـ مانهایم:

فۆتۆ: یووسف مەنتک



ستافی بەڕێوەبردنی ستاند



دیمەنێك لە ستاندی کوردستان و کۆمکار


د. زوهدی داودی


کەمال بورقای


بژار کەریم
ئاسۆ خانەقینی
عەبدوڵلا دارتاش
ئیدریس لاوە
جەمال خەزنەدار
یووسف مەتتك
ئەحمەد جەمیل
دلشاد عەبدوڵلا
فەرهاد شاکەلی
حەمید بەدرخان


یووسف مەلك
د. نەجاتی عەبدوڵڵا
سەروەر عەبدوڵڵا
حەمید بەدرخان


دیدار لەگەڵ لەیلا عەلی


A
Halle 5.0
تامان شاكر
هەنە كویشلەر


ئەدیب چەلكی
د. زۆرابی ئالویان
kurdsat

## * ٦٠هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت -١٥ تا ١٩ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٨

**میوانی شەڕەفی ساڵ: وڵاتی تورکیا.-**
بە بەشداری (٧٣٧٣) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە (١٠١) وڵات، (٤٠٠،٠٠٠) ناونیشانی کتێب، (١٠،٠٠٠) ڕۆژنامەنووس، پێشکەشکردنی (٢٧٠٠) سیمینار، پانتایی پێشانگە (١٧٢،٠٠٠م چوارگۆشە) بوو. (٢٩٩١١٢) میوان لە ماوەی هەر پێنج ڕۆژدا سەردانییان کردووە. ئەمساڵ ئەدەبی منداڵان بابەتی سەرەکی پێشانگە بوو. قسە و باسی زۆری لەسەر کرا، ئامانج لێی تێکەڵبوونی کلتووری نەتەوەکانە، هەردوو نووسەری بەناوبانگی جیهانی "ئۆرهان پامۆک" وەرگری خەڵاتی نۆبڵی (٢٠٠٦) و خەڵاتی ئاشتی کۆمەڵەی چاپەمەنی بازرگانی کتێبی ئەڵمانی ساڵی (٢٠٠٥)، نووسەری ناسراوی جیهانی "پاولۆ کۆیلۆ" بەشداری ئەم پێشبرکێکلتووررییەجیهانییەبوون، لەم ساڵەدا پێشانگە لەساڵی (١٩٤٩) وەتا ساڵی ( ٢٠٠٨)، بوو بە (٦٠) هەمین پێشانگەی کتێب، لەم ساڵەدا میدیای ئەلیکترۆنی بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو.
لە ساڵی (٢٠٠٨)دا وڵاتی تورکیا بۆ پیشانگەی نێودەوڵەتی پەرتووکی فرانکفۆرت وەک میوان بانگهێشت کرابوو، بەبەشداری(٢٨٠) نووسەر و (١٥٠) دەزگەی چاپەمەنی بەرهەمەکانی خۆیان پێشان دەدەن و بەشداری چالاکییەکانی پێشانگە بوون، بە بەشداری هونەرمەند کچە گۆرانیبێژی کورد "ئاینور دۆغان" و چەندین چالاکی کلتووری هەمەجۆر پێشکەشکران. تورکیا بۆ پروپاگەندە و چاونووساندن پێنج نووسەری کورد و دووی ئەرمەنی هێنابوو، هاوکات بیست نووسەری توورک هەڵوێستیانوەرگرتو و بەشدارنەبوون گوتیان: تورکیا ئەم بەشدارییەی بۆ مەبەستی سیاسی بەکار هێناوەنەک کلتووری.

له هۆڵی سەنتەری کۆنگرەی پێشانگەدا له ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٠/١٤، کات پێنجی ئێوارە) ئاهەنگی کردنەوەی پییێشانگه دەستی بەکارەکانی کرد، به ئامادەبوونی وەزیری دەروەی ئەڵمانیا "فرانک شتاینمایەر" و هەریەک لەسەرۆکی تورکیا "عەبدوڵلا گویل" و "ئۆرهان پامۆک" قسەیان کرد. "پامۆک" لەوتەکەیدا ڕەخنەی توندی له وڵاتی تورکیا گرت گوتی: ئازادیی دەربڕین و چاپەمەنییەکان له تورکیا سنوردارکراون، بەرهەمی نووسەران قەدەغه دەکات، هەر کەسێک پابەند نەبێت به یاساکانی تورکیا بەپێی یاسا سنووری بۆ دیاری کراوە، بەماددەی(٣٠١) له یاسای سزادانی تورکیا سزا دەدرێن. بۆ بەشداری ڕۆژنامەنووسان و میوانانی ستاندەکانی تر لەم ئاهەنگەدا، بەپێی ئەو ئاگادارییەی لەداوەتنامەی ڕۆژنامەنووسان داهاتووە دەبوا پابەندی چەند ڕێنماییەک بن.

*** بەشداری کورد به سێ ستاند بوو:**

١- ستاندی ڕێکخراوەدیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەڕووبەری(١١٢م٢)، نزیکەی (١٦) دەزگای چاپەمەنی کوردی له باشوری کوردستان و بەرهەمی چەند نووسەرێک بەشدار بوون. هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووسی نەمساوی "فردیناند هێنەر بیشلەر" خاوەنی پەرتووکی (کوردەکان و ڕەچەڵەکی کورد) ئامادەبوو. له ڕێکەوتی(٢٠٠٨/١٠/١٦) له خانەی کوردستان تورکێکی توندڕە و پەلاماری نەخشەی کوردستانی داو دڕاندی، ئەو پەلاماردانه بەرنامه بۆ داڕێژراو بوو. به هاندانی کەناڵی تەلەفزیۆنی تورکی (ئولوسال تیڤی) ڕەوشەکه زوو لەلایەن پۆلیسی پێشانگه کۆنترۆل کرا. ئەم ڕووداوە به بایەخەوە لەلایەن میدیاکانەوە باسی لێوەکرا. هاوکات گەنجێکی کوردستانی باکوور زۆر به توندی وەڵامی دانەوە به زمانەکانی کوردی و تورکی و ئەڵمانی. "مەلابەختیار" سەبارەت بەم ڕووداوە لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان داو گوتی: هەرێمی کوردستان له عێراقی فیدراڵدا به

پێی دەستوور دانی پێدانراوە و هەرێمێکی دەستوورییە، ئێمەی کورد خاوەن کلتوور و زمانی تایبەت بەخۆمانین، هاتووین بە گوڵ و کتێب بەشداریمان کردووە. ڕێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراو لە بەیانێکدا ئیدانەی پەلاماری تورکەکانی بۆ سەر ستاندی کوردستان کرد و تێیدا هاتبوو: تورکە فاشیستەکان هێرشیان کردۆتە سەر گەورەترین زمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەویش زمانی وڵاتی کوردستانە، لە کوردستان چل ملیۆن مرۆڤی کوردزمان هەن. داوای کردبوو لە ساڵی (سکرتێری ڕێکخراوەکە- تیلمان تسولخ_٢٠١١) کوردستان وەک مێوانی شەرەف داوەت بکرێت، لە بەیانەکەیان زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە وڵاتی تورکیا گرتبوو.

هەروەها شاندی وەزارەتی رۆشنبیریی بۆ خولێک هاتبوونەبەرلین و سەردانی پێشانگەکەشیان کرد لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٠/١٧)دا پێک هاتبوون لە: هونەرمەند عەلی ئەحمەد، زاهیر عەبدوڵڵا، دیاری قەرەداغی، نازم دڵبەند، شاکر ڕۆژبەیانی و چەندین نووسەر و کەسایەتی لە کوردستان و ئەڵمانیاوە هاتبوون وەک: مستەفا چاوڕەش، فرسەت ڕۆژبەیانی، ئیدریس لاوە ، ئیسماعیل تەنیا، حیسام بەرزنجی، خالید شەیدا ، جەمال خەزنەدار.

دەزگاکانی بەشدار بوو:

یەکەم: چاپکراوی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بۆ چاپکردن و وەرگێڕان. ٢. یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی دهۆک. ٣. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٤. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان. ٥. چاپکراوەکانی بنکەی ژین. ٦. چاپخانەی ڕەنج. ٧. چاپکراوەکانی ئایینی مەندائی (سابئە). ٨. دەزگەی سپیرێز. ٩. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ١٠. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری مێرگ. ١١. چاپکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی (ی،ن،ک). ١٢. چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان/ گۆڤاری ئەکادیمیا. ١٣. گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان. ١٤.

چاپکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی،ن،ک) و ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر. ١٥. کتێبی کۆمەڵێک نووسەر(کەسی). ١٦. چاپکراوەکانی تەعریبکردن و جینۆسایدکردنی کوردستان.
کارگێڕی ستاند بە هاوکاری ناوەندی رۆشنبیریی کوردی/ ئەڵمانی لە مانهایم، چەندین سیمینار و چالاکی کلتووری پێشکەشکران، چالاکییەکان:

ڕێکەوتی (١٧/١٠/-٢٠٠٨) ڕۆژی هەینی کات(١٤:٠٠)
١١. سالمێ جاسم بابەتی سیمینار بەناوی: کارل‌مای و کوردستانەجەنگەڵاوییەکەی خەیاڵ و ڕاستی.

ڕێکەوتی (١٨/١٠/٢٠٠٨) ڕۆژی شەممە:
١- کاتژمێر (١١:٠٠) د.فەرهاد پیربال، بابەتی سیمینار بەناوی: پڕۆژەی مەعریفی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم.
٢- کاتژمێر (١٢:٠٠) سامان ڕەشید، بابەتی سیمینار بەناوی: سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پێیەک لە ئەوتۆکراتیو پێیەکەی تر لەدیموکراسی.
٣- کاتژمێر (١٣:٠٠) د.سەروەر عەبدوڵڵا، بابەتی سیمینار بەناوی: ناسنامەی ڕۆشنبیریکوردی و تەنگژەهاوچەرخەکانی لەژێر هەڕەشەیئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیائامێز.
٤- کاتژمیر (١٤:٠٠) مەلا بەختیار(حیکمت محەمەد کەریم)، بابەتی سیمینار بەناوی: کێشەی دیموکراسیی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
٥- کاتژمیر (١٦:٠٠) هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی، بابەتی سیمینار بە ناوی: ئاوڕدانەوەیەک لەجولانەوەی مۆسیقا لەهەرێمی کوردستاندا. بەڵام بەداخەوە کاتی ئەوە نەڕەخسا کە سیمینارەکەی پێشکەش بکات، ئەوەش نیگەرانی هونەرمەندی لێکەوتەوە.

ڕێکەتی (٢٠٠٨/١٠/١٩) ڕۆژی یەکشەممە
١- کاتژمێر (١١:٠٠) دکتۆر هەنەکویشلەر/ ئەڵمان، بابەتی سیمینار بە ناوی: جیۆپۆلیتیک و کوردستان، ئایا ڕۆژئاوا لە پاڵ تورکیا وەستاو دەیباتەوە؟
٢- کاتژمێر (١٢:٠٠) شانۆگەری (ڕاسپاردە) بەزمانی ئەڵمانی: لەدەرهێنانی: عەبدوڵڵا هروری.

بەشداری پێشانگەی هونەری لەلایەن:
١- هونەرمەندی شێوەکار ئیسماعیل خەیات.
٢- هونەرمەندی شێوەکار حەمە بەهائەددین.
٣- هونەمەندی پەیکەرتاش عەبدوڵلای برادەر.
٤- هونەرمەندی فۆتۆگراف بەشدار سەید قادر.
٥- خۆشنووس بژار کەریم هەولێری.
٦- هونەرمەندی شێوەکار جوان یاسین.

دووەم: ستاندی میزۆپۆتامیا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە نێزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە: لەژێر چەتری ستاندی دەزگای میزۆپۆتامیادا (١٠) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی بە بەرهەمە چاپکراوەکانیان، کە چەندین ناونیشانی کتێبی لەخۆ گرتبوو بە زمانەکانی: کوردی، تورکی، ئینگلیزی، ئەڵمانی،-فرەنسی،-ئیسپانی بەشداربوون. چەندین نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتی دیاری کوردستانی باکوور ئامادەبوون، وەکو: محەمەد بەیراق، عەلی حسەین، کەریم- سنیە. بە چالاکی سیمینار و هونەری بەشداریان کرد، سیمینارەکان لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٠/١٧) پێشەکش کران:
١- ئازادی رۆژنامەگەری و دیموکراتی بە زمانی ئینگلیزی، تورکی، کوردی.
٢- بەیەک گەیشتنی شیعری کوردی لەچوار پارچەدا.

٣- زمانی کوردی  چی هەڕەشەی لەناوبردنی دەکات؟
٤- پەرتووکدانان.
٥- دوێنێ و ئەمڕۆ ژنانی کورد لەنێوان دابونەریت و مۆدێرنەدا.
٦- سنیەدەرسیمی، ئاهەنگێکی گۆرانی پێشکەشکرد.

سێیەم: ستاندی سەنتەری نووسەرانی کوردی (pen ) لە ئەڵمانیا: ئەم سیمینارانەیان بە زمانی ئەڵمانی لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی ئۆکتۆبەردا پێشکەشکرد:
١- د.زەردەشت حاجۆ: کلتووری کوردی لەئەورووپا.
٢- مەمەد شاهین: زمانی کوردی و چاپەمەنی لەتورکیا.
٣- مستەفا ڕەشید بە بابەتێک.

چاوپێکەوتنم لەگەڵ چەندین کەسایەتی بەشداربوو و میوانی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت لە ئۆکتۆبەری (٢٠٠٨)دا:

١- هونەرمەندی شێوەکار ئیسماعیل خەیات- (٢٠٠٨/١٠/١٥)
**یووسف**: مامۆستا ئیسماعیل خەیات ئامادەبوون و بەشداربوونتان لەم ساڵدا چ پەیامێک دەگەیەنن؟
**خەیات**: بەشداریم لەمساڵدا لە پێشانگەی فرانکفۆرت بۆ کتێب، هەڵبەتە هەلێکی چاکە بۆ من ڕەخسا، سوپاسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی. ن. ک) کە ئەمساڵ هەستا بەڕێکخستنی  ئەم بەشداربوونە دەکەم. من بەڕاستی بەپێی ئەو شوێنەی، کە بۆم دانراوە، بە چەند تابلۆیەک بەشداربووم. میوانەکان، کە سەردانی ئەم پێشانگە نێودەوڵەتییە دەکەن، بۆ منیش فرسەتە چاویان بە بەرهەمەکانم بکەوێت، من وەکو هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی، ئەو نامەیە تەواوکەم، کە کتێبی کوردی لە ئێستایا خۆی ئەنوێنێ. لە بەشێکی جوان لەم پێشانگە نێودەوڵەتییەدا، هەموومان، هەموو لقەکانی هونەر، هەموو لایەنەکانی

کلتووری کورد، بەشدار بن لەم نمایشە شتێکی باشە ڕاگەیاندنێکی ڕێک، باش، جوان ئەبێت بۆ گەلی کورد.
لەم پێشانگەیەدا کۆمەڵێک دەزگەی چاپەمەنی بەشدارە، هەڵبەتە، منیش وەک شێوەکاری کورد، دیسانەوە مامۆستا "ئەنوەر قەرەداغی"، وەک مۆسیقاژەنێکی بەناوبانگی کورد، ئێمەش ئەتوانین پرۆژەی ترمان بەدەستەوە لە کاتی ماوەی پێشانگەکان. من یەکێک لەوانەم، مامۆستا "ئەنوەر قەرەداغی" حەزفی ئاوازی کوردی بکات بە ئامێری تایبەتی خۆی، کەمانچەی خۆی بکات بە زیندوو، من تابلۆ لەسەر گونجاندنی ئیشەکانم یانی منیش بەزیندوویی ئیشەکەم وێنە ئەکێشم، تاقیکردنەوەی تریشم هەیە، ئەوە لەگەڵ "دکتۆر فەرهاد پیربال" ئەو شیعر بخوێنێتەوە منیش وێنە بکێشم. جگە لەوەش بە داتاشۆ کۆمەڵێکی زۆری بەرهەمەکانم پیشان ئەدەم بۆ میوانەکان،
بە هیواین ئەم بەشداربوونەمان، ئەم جارەیش من وەکو "ئیسماعیل خەیات" کە هونەرمەندێکی دیارم لە کوردستان لەم پێشانگەیەدا بەشداریم کردووە، لەدوارۆژ هەنگاوی باشتر بنێین وەک هونەرمەندی کورد بتوانیین بە شێوەی فراوانتر بەشداری لەم یادە نێونەتەوەییە بکەین، بەهیواشم میوانانی بەشی کتێبی کوردی، لەهەموو لایەنەک بەشەکەیان بەدڵ بێت و کاریگەری خۆی هەبێت.
**یووسف:** ئەو هەفتە ڕۆشنبیرییە نامەیەکە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی نێونەتەوەکان، خاڵی بەیەک گەیشتنی کلتووری گەلانە، لە داهاتوودا کورد چیبکات بۆ ئەوەی پەیامی خۆی بە جیهان بگەیەنێ؟
**خەیات:** بەڕاستی ئەمساڵ ئەو گۆڕانکارییە، کە لە شیوەکارێکی کورد و مۆسیقارێکی کورد و شاعیرێکی کورد بەشداربن بە سیمینار و بە محازەرە، وێنە پیشاندان، من وەک وێنە بەرهەمەکانم پیشان ئەدەم، ئەمە لایەنێکی هەمەڕەنگی تێکەڵی پیشاندانی کتێبی کوردییەکان، بەڕاستی ئێمە نامەکە ئەتوانیین گەورەتر بکەین، بۆ ئەوەی ئەم لقوپۆ دروستکردن، لەم پیشاندانە فرسەتیشە بینەر بێت کتێبی کوردیش ببینن.

بەرهەمی وێنەکێشێکی ناوداری کورد ببینێت، بەهیوام لە داهاتوودا وەک گوتم ئەم بەشدارییە فراوان ببێت. من ئێستاش بینیومە جەناعێکی تایبەتی بۆ پێشاندانی تابلۆی نێودەوڵەتی هەیە. من هەوڵ ئەدەم لە ساڵی داهاتوو بتوانیین دوو سێ هونەرمەندی کورد، بچێتە ناو ئەم بەشدارییە، خۆی لە خۆیا ئاستی کلتووری کوردی بەرەو پێشەوە ئەبات و بەرەو ناسین. هەڵبەتە ئێمەیش کورد وەک کوردستانی گەورە بیر ئەکەینەوە، وەک کوردستانی بیر ئەکەینەوە، بتوانین هەر شتێک ئەم نمایشە جوانتر ئەکات، شتێکی زیای ئەخاتە سەر بینینی کلتووری کوردی و ئەدەبیاتی کوردی و هونەری کوردی زیاد ئەکات. ئێمە تەئکید لەسەر ئەوە بکەین، بە هیوامیش لەداهاتوو هونەرمەندی تریش بەشدار بێت و ئەوکاتە ئێمەش لەگەڵ ڕێکخەری ئەم بەشەی کتێبی کوردی لەم یادە نێودەوڵەتییەدا پێشنیاز و شتیان بۆ ئەکەین، ئەوانیش بە ئەرکی خۆیان، ئێمەش ئەبێ هاوکاری ئەوەیان بکەین کە ئەفکاری نوێیان بدەینێ، هەر یەکێ لەبواری خۆی، هەمووی ئەو درەختە جوانتر ئەڕازێنێتەوە، درەختی کتێبی کوردی، درەختی کلتووری کوردی، درەختی ڕۆشنبیریی کوردی، بەهیوام هەنگاو بەرەو ئەوە بنێین.

**یووسف:** مامۆستا لە کۆتاییدا زۆر سوپاست دەکەین، بۆ ئەم قسە شیرنانەی کردت، چیت هەیە بڵێی بۆ ڕووناکبیرانی کورد؟

**خەیات:** وەڵا بڵێین ڕووناکبیرانی کورد لە هەموو بەشەکانی خۆی پاش ئەوەی، کە لە کوردستان بەرهەمەکانییان جێگەی خۆی ئەکاتەوە، یا تابلۆکان جێگەی خۆی ئەکاتەوە، لە بینینی بینەری کورد، ئەبێ هەوڵبدەین بە چ ڕێگایەک؟ بە چ دەرگایەکی باش بێت، ئەو کلتوورەی خۆمان، بکەینە زمانێکی تێگەیشتن لەیەک، لەگەڵ زمانەکانی جیهان، لەگەڵ دەوڵەتانی چ دەوروپشتمان چ ئەورووپییەکان یا ئەمریکییەکان. هەڵبەتە وێنەکێشان یەکێ لەو زمانە ئاسانەیە بە ئاسانی ئەگاتە میللەتانی تر. دیارە ئەوەکانی مۆسیقاش هەروەها ئاسانە، چونکە گۆڕینی زمان و ئەو شتەی ناوێ، بەڵام هەندێ جار چاپەمەنی بە زمان،

هەندێ زمانی بیانیش تێکەڵی کتێبەکانمان ببێت، بەشێک لەوانەی تیابێت، دیارە ئەمیش خۆی دەوری تایبەتی خۆی هەیە.
**یووسف:** سوپاس مامۆستا
**خەیات** : بەخێر بێن زۆر سوپاس.

٢- نووسەر و مێژوونووسی کورد "محەمەد بەیراق (٢٠٠٨/١٠/١٥)

**یووسف:** مامۆستا ئەرک نەبێت قسەمان بۆ بکەیت سەبارەت بە بەشداریتان و بەشداری کورد لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت؟.
**بەیراق:** هەتا ئیرۆ ئەز سێ جار تێمە مێسەی فرانکفۆرتێ، کتاب ڤیستڤاڵی، بەرێ کوردان بەتایبەتی نەهاتنە ڤر. یانی ئیساڵ نزیکەی دە وەشانخانیێ کورد لەبن شەمسێی میزۆپۆتامیایە جەم بوون، وەکی دن، ستاندەکی پێنی کورد لە ڤرە، دیسا بە تەخمینێ من دووسێ وەشان خانەیێن کورد ، لەوێ لە ئەپ تایلونگێ ترکی (مەبەستی بەشی تورکییە) ڕەڤ هەڤ هاتنە، تەبی ئەوە کارەکی باشە. دڵدەخوازێ کی هەموو وەشانخانێ کورد، لە ترکیا، لە کوردستانا باشوور، لە کوردستانا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤا لە دیاسپۆرا، وەشانخانێ کورد لە دیاسپۆرای (مەبەست تاراوگەیە) وەرنە ڕەڤ هەڤ. ستاندەکی مەزن چێ کەن. ب تەخمینێ من نێزیکی دە- وەشانخانێ کوردی لە مێسە فرانکفۆرتێ هەنە. ئەمما تەخمینێ من لە کوردستانا باشوور، لە کوردستانا باکوور و ڕۆژهەلات، ل ڕۆژئاوا، لە دیاسپۆرا، نزانم چەند وەشانخانە هەنە.
ئەمما پرس لەڤڕ تونەنە، پڕ لەڤڕ تونەنە، یانی ئەڤ دڵ دەخوازی ، ئەوانە گشت لەڤڕبن. ئیسال تورک میڤانە توو دەزانی، لە ڤیستیڤاڵ لە میسە لەخوارێ، تەخمینێ من-١٥٠ وەشانخانەیێ ترکان هەنە، سەدوپەنجا لەگۆڕی وان پڕ هەندکە. یانی وەشانخانێ کورد، نڤیسکارێ کورد هەندکن لەڤڕ، بەڵکی جارەکی دن یاعنی جارەکی دی وەشانخانێ کورد نڤیسکارێ کورد، لیکۆلینڤانێ کورد نەهێرتە ڕەڤ هەڤ.

**یووسف:** تورکیا چۆن نڤیسکار و چاپەمەنییێ کوردان لەگەڵ خۆ هانیننە ڤر؟.
**بەیراق :** خەبەرێ من توونە ئەز لڤر بووم (بە تورکی لە کەسێکی نزیک خۆی پرسی) ئا گەلەک رۆشنبیر و رۆژنامەڤان و گەلەک نڤیسکار پرۆتستۆکردنە، ژبەر کوو (ئەرگەنەکۆن)- دەستێ خۆ هاڤێتنە سەر وێ پرسێ، ئەرگەنەکۆن چەتێ ترکانە، سبێ وی نەهاتنە، ئەرگەنەکۆن چەتەیکی جونتەچییە یێ کوو قەتڵ وعامان چێ دکەن.
یووسف: ئەها ئەوان لەبەر هەندێ نەهاتینە ڤر؟
**بەیراق:** ئەو رەوشەنبیر و نڤیسکار نەهاتنە ڤر حکومەتێ پرۆتاسیۆنێ دکەن. ئەو جمهوریەتچینە قەراخ دارێ جمهوریەتێنە، تەرەفدارێ دەولەتێنە، بەلێ حکوومەت پرۆتستۆ د کەن، سەڤەبێ وێ نەهاتنە.
**یووسف:** سوپاس مامۆستا تشتەکی دی هەنە بێژی ژ بۆ کوردان؟
**بەیراق:** ئەز هێڤی دکەم کوردا چێتر کار و خەبات بکەن، سوپاس زۆر سوپاس.
٣– عەلی حسەین کەریم، نووسەری شۆڕشگێر (٢٠٠٨/١٠/١٥)
**یووسف:** ئامادەبونتان، لەمساڵدا لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت وەک نووسەرێک و لەژێر چەتری دەزگای میزۆپۆتامیا و بەشداری ئەم دەزگایە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ بە چ بەرهەمێک بەشداربوون؟
**عەلی حسەین:** ئەز ل ئەڵمانیا ڕوونامێنم بۆ وێ یەکێ ئەز نزانم کەنگێ بووە، بەس میزۆپۆتامیا ل مێژە تێتە ڤر. ئەز بناڤێ ئینستیتوتا کوردی بەشدار بووم، ئەنیستیتوتا کوردی ئەڵمانیایێ، نووکە ناڤندا وی ل باژێرێ- کۆلنێیە ئەز خەباتکارێ وێمە، ژ بلێ ویژی ئەز ئیساڵ هاتمە ڤێرەرێ، ناڤێ من "عەلی حسەین کەریم"ە ئیساڵ ئەز هاتم ئەڵمانیایێ. بخۆش نڤیسکارم، نڤیسکارێ شۆڕەشێمە. دەربارێ شۆڕەشێ پەرتووکا دەنڤیسم، هەم کوردی هەم ترکی دەنڤیسم، پەرتووکا من یێکی بە ترکی نڤیساند ئەم ساڵ، یێ بەرێ ژی هەنە، بناڤێ- (دەلیلا بیکا ئازادی). سەر تێکۆشینا ژنێ شۆڕەشا کوردستانێ من ئەو نڤیساندیە، پاشی من لێ

نەڕی هەمی ل ناڤ هەمی میللەتاندا، هندەک ڕۆمان هەنە مەسەلە ئەوانە، ڤە قەهرەمانێ خۆ لە هەنگێ خۆ، بەشێوەیەکی تینن ئەو دکەن ڕۆمانێ وان دەنڤیسینن، ڕۆمانێن وانە وەک قەهرەمانێ خۆ ژی هێژاتر دەکەن، ئەم بێژین خورتردکەن. من ژی ئەوکرییە، من ژی هەروەسا من گۆ ئەزێ ژی ناڤەکی هاڤبەش دناڤ شۆڕەش گەرێن کوردستان گەریلایێ کوردستان ناڤێ دەلیل. ل سەر ناڤێ (دەلیل ڕێزا) ڕۆمانەک نڤیساند. ئەز گەیشتمە ڕێزا- پێنجا یانی یا یەکێ بە دەوا بەیرودێ تێکۆشینا شۆڕشگێرێ کوردستانێ، دژی کۆنترا گەریلا ترکان لە بەیرودێ دایە. یا دوو دوویا ل ئامەدێ دژی ژیتەما ترکان، یانی خەباتا ناڤ باژێڕ، دەلیل وێ دەرێ دژی ژیتەما ترکا چەوا تێکۆشین دایە. یا- سسیا- ئەوژی لسەر ئەستەمبۆلێدا دژی ئەرگەنەکۆنێ دەلیل چەوا تیکۆشین داایە سەر وێ. یانی ژێ ئەو وەلات وەلاتێ مەیە. لەباشوور ئالیێ شەمزینانن چیایێ شەهیدان دالانپەر وان دەرا دەرباز بوویيە ، دەلیل دژی لەشکرێ خەیالەت شەڕ کرییە، وێ دەرێ، چەوا دەولەتێ ترکان دێن چەوا لەشکرێ مەیێ خەیالەت هەنە نزانم چ، دەلیل دژی وان چەوا خەباتێ دکا، چەوا ئەم بێژین چەوا لیستۆکێ یا ڤالا دەر دخا سەروێ، یانی ژی شۆپا یێکی کوردی، شۆپا ڕۆژێن بوهری ڕۆژا شۆپێن بوهری.

بە کوردییە وە هەم جڤاکی و ولات پارێزییە، جڤاتا کوردستانا باکووردا ئیرۆ دەڤەرێ کیدا یانی ناڤ باژۆڕەکەکیدا، ڕەوشەنبیریی چەوانە، خەباتا ڕەوشەنبیریی چەوانە. سەر وی تشتییە دەوروبەری عادەتێ، عادەتێن کوردا، گەرمیشی کوردا یێ زەواجێ، یێ دەعوەتان، ئەوانە چەوا پێشڤە دەچن، چەوا ئەم بێژین پێک تێن سەر وێ، هاتییە نڤیساندنێ.

پاشی من ئالیەتا ئەدەبیاتا کوردیدا من ڤالا بوونەک دیت ڤالا بوون خێزێ ڕۆمانان، مەسەلە ئەم بێژین، هەر کەس قەهرەمانەکی خۆێ دیرۆکی بیکە خێزێ ڕۆمان ڕەسمێ وان وێنەیی وان، نیگارێ وان، چێ

دکە، ئەم بێژین وەک دیالۆگ وایە وەک ڕۆمانەکی پێشکەش دکە، ئەڤ کێماسی بوو. من دیرۆکا مەدیایێ لێکۆلین کرد، لەهنگەکی کوردا هەیە مەدیایێ ناڤێ وی بازۆسی هەیە- بازۆیە(لە دیاربەکر) یۆنانا کرییە بازۆسی، ئێجا من سەر ناوڤێ وی یا یەکەمین دەرخست، بازۆسی سوپاسالارێ مەدان جێ بۆتا بازۆ سەر تێکۆشینا وی دیار دکا، یا دوو دوویان نووکە دچاپێ دایە، کەتنا نینۆڤایی( نەینەوا) وێ تینە سەر زمان. یا سسیا من سیناریۆ بۆ وی ئامادە کرییە ئەز بدەمە دیسا چاپێ، ئەوژی لسەر شەڕێ مەدیایێ ناڤبەرا لیدیا دەمەک تاڤ ڕۆژ تێ گرتنێ ئەوە. چاپەی وەژی ئەناباسیس وەرگێڕا دەهەزاران، هەر مەهێ ئەژمارەکی دەرکەڤن. یێ – پێنجا- نوکا ئەوەک دەلیل سەریا دەلیل یا – پێنجا – ئامادەیە، ئامادە دکەم، دیسا یا پێنجا بەخۆژی تەپەتینێ لە بەلقانان یانی دەلیل دەژی ئەم بێژن. مینا تورکان چەوا تێکۆشین دایە ئەو کرییە سەروێ، ڕادبیە سەر.

**یووسف:** باسی ئەرگەنەکۆنمان بۆ بکە ئەرگەنەکۆن چییە؟.

**عەلی حسەین:** ئەرگەنەکۆن دەولەتا مافییایە، یانی چەوا دەولەت ئەم بێژین وەرگەریا، بوو مافییا، ئەوی کی کاران تێ بەر ئێکا سیاسەت، ڕێکا ئەم بێژین لەشکریێ، برێکی فەرمی نکاریبوون تەڤگەرییا ئازادی کوردستانێ بن خینن وێ وندابکەن، ژبۆ یەکی ئەم بێژین. ئەم بێژین دەزگە هێز ڤەشارتی نەیەتن چێ کرن دناڤ دەولەتیدا دەولەتا کو ب ژ ڕادبێژن ئەوانە ئەو کرن، یانی ئەم بێژن، شۆرشگێڕی کورد کوشتن، ڕەوشەنبیرێن کورد کوشتن، شتێ وەسا کرن، ئێدی نەخاستن نەهێشتن کی کورد بوێرن، بێژن ئەم پێشڤەبچن. فەقەد بێژن ئەوان لیستۆکێ دان پاش ڤەدمان، هەموو دەرکەتن ئاشکرا دکەن، دڤێ مرۆ بزانیبی، هندەک دبێژن نا حکوومەتا نها ئەڤ دەرخستییە ئاشکراتییە. نانا تێکۆشینا کوردا ئەڤ دەرخستییە یانی کورد نەبن ئەو دەر نە دکەتن ئاشکراتیێ، ژبۆ یەکێ ئەرگەنەکۆن ئەم دکارن بێژن ئەو بەخۆ مافییا د دەولەتێ دا، ئەڤە.

**یووسف:** له کۆتاییدا شتەکی توو هەنه بێژی بۆ ڕووناکبیریٚ کوردا، نڤیسکاریٚ کوردان؟

**عەلی حسەین:** بۆ ڕووناکبیرێن کوردان ، ئەز دخوازم تشتەکی بێژم، ئیرۆ د کوردستانیٚ دا، ئەم بێژن خوون تیٚ ڕژاندنیٚ، گەلەک قەهرەمانیٚ کوردان دەرکەتنە، شۆڕشگێڕیٚ کوردان دەرکەتنە، ئەز نابێژم کی سەر تشتیٚ جڤاکی، تشتیٚ ئابووری، تشتیٚ دیرۆکی، نەنڤیسینن سەر ویٚ ژی بنڤیسینن. ئەمما ل سەر شۆڕشا کوردستانیٚ گەرەک گەلەک بیٚ نڤیساندن ژبەر کوو، ژ جانیٚ مرۆڤ بوونا مرۆڤ هێژاتر تشتەک نینە، قەهرەمانیٚ کوردا، لاوێن گەلیٚ کوردیێن هەڵبژارتی خۆ فیدا دکەن، خوێنا خۆ دەڕژینن، دەبیٚ مرۆڤ ویٚ بنەرخینه ویٚ بده ناسکرنیٚ ویٚ پێشڤەکرن، نه به پارچهییٚ، باکوورشدا، باشوور ژی مەسەلەن ، باشوور ژی خەباتەکی دکەم من، هەنووکه ئەز ئەویٚ بیستییه، ناڤیٚ لەهنگەکی بیستییه مام ڕیشه دبێژن، مامه ریشه ئەز ژیانا ویٚ لێکۆلین دکەم ئەزی ل سەر وی ژی بنڤیسینم، یانی ژیانا وی ژی ل سەر وی ژی وەک لەهنگەکی کوردا بنڤیسینم. هەر چوار پارچەییٚ کوردستانیٚ دا ڤی تشتی چیٚ دکەم (یانی تو دەکەی پاڵەوانی ڕۆمانەکی خۆت)، بەلیٚ ، بەلیٚ، بەلیٚ (ئەو شتەکی پیرۆزه) بەلیٚ، بەلیٚ، بەلیٚ، ییٚ ببه یانی، دیٚ وانه نەمرن، ئەریٚ ناڤیٚ سیاسەت مەداران نامرن، ژبەر کوو زێده تیٚ ئەو کو تیٚ نڤیساندن نازانم چ. ئەمما ناڤیٚ لەهنگاش نامرن فەقەت، دڤیٚ مرۆڤ دناڤ ئەدەبیاتا خۆدا ئەو بکه، (لێکۆلین چیٚ دکەی) ڤیٚ گاڤیٚ لێکۆلین سەر مامەڕیشه چیٚ دکەم بەرنامەیٚ من ئەوه، بەلیٚ ڕۆمانەک ل سەر بنڤیسینم، ڤیٚ لێکۆلین دەمەک تەواو بکەم دەست به خەباتیٚ دکەم، ژبەر کو گەلەکی ئەو بی یانی ڕیاڵ بی، ییٚ تێدا فانتازیش هەبن، فەقەد زێدەتر ئەم بێژین سازکرنا ویٚ سەر وا قیعییەتێدا.

**یووسف:** سوپاس مامۆستا.

**عەلی حسەین:** ئەزی گەلەک سوپاس دکەم سەرچاڤا.

## ٤- هونەرمەندی پەیکەرساز "عەبدوڵای برادەری" (٢٠٠٨/١٠/١٧)

**یووسف:** مامۆستا ئەگەر بکرێ خۆتان بناسێنن و باسی ئامادەبوون و بەشداریتان بکەن لەم ساڵی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت؟
**عەبدوڵڵای برادەری:** من ناوبانگم برادەرییە و خەڵکی شاری سەقزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
بەشداریکردنی خۆم بەهۆی کارە هونەرییەکانمەوەیە، ئێرە شوێنێکە مەیدانی ڕووناکبیرییە، ئەتوانیین بڵێین جیهانییە. ئێرەش بەشێکە، هۆدەیەکی کوردستانە و ئاڵای کوردستان هەڵواسراوە، بەناوی کوردستانەوەیە، دیارە منیش بەشداریم کردووە، لە ئەم پێشانگە و ئەم پێشانگەی کتێبە، کە ئەرکێکە لەسەر شانمە بەجێی بێنم.
**یووسف:** بە چەند بەرهەم بەشداریتان کردووە بەڕێزتان؟
**برادەری:** من بەو چەند پەیکەرە:
١- پەیکەری ئەحمەدی خانی. ٢- پەیکەری سوارەی کوردە. ٣- دوو جوان لە حاڵی هەڵاتنان لە ترسی بۆمباران و ئەوانەیە. ٤- کێشەی کەر و مرۆڤ، ئەوی تریشی کێشەیەکە لەزووەکەوە لەبەینی کەر و ئینساندا هەیە. چۆن هەرکەسێک کارەک ئەکات ئەڵێن کارێکی ناژیرانە ئەکات، ئەڵێن ئەو پیاوە پیاوێکی کەرە ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئینسان بۆخۆی کارێکی زۆر کاری ناژیرانە ئەکات، خۆی ناهێنێتەوە، ناهێنێ بۆ میساڵ مەسەڵ، کەری ڕەش- کەری سپی کەری ڕەش ناکوژێ، بەڵام ئینسانی سپی ئینسانی ڕەش ئەکوژێ! کەری نێرینە زوڵم لە کەری مێینە ناکات! بەڵام ئینسان ئەیکات، پیاو ژن دەکوژێت. ئەمە ئینسان ئەگەر خۆی دینێتەوە بۆ میساڵ لە بێ ئەقلیا. ئەوە گیانلەبەرێکە و بەشێکە لە سرووشت، پێویست نییە ئەوەنە هەر کارێکی خەڵەت هەرکارێکی نابەجێ کە مرۆڤ ئەیکات ئەمە بڵێ ئەوە کابرا کەرە بۆیە ئەو کارەی کردووە. ئەوەشی لەسەر ئەوکارەیە، ئەوکارەی تریشم لەسەر ئەو مەسەلەیە کێشەی کەر و مرۆڤ.

**یووسف:** چەند ساڵە کاری هونەری دەکەیت؟.
**برادەری:** وەڵاهی بڵێم من لەمناڵییەوە ئەیکەم، کاری هونەری ئەکەم.
**یووسف:** هیچ دانشگای هونەریت خوێندووە؟ یا هونەرمەندێکی خۆڕسکی؟
**برادەری** : وەڵا من تەجروبەی خۆمم هەیە، یەعنی خۆرسکم، ئەگەر دانشگا یا ئوستادێکم هەرنە دیوە، بۆ خۆم هەمووی خۆم فکری لێ ئەکەمەوە. هەڵبەتە کارەکە ئەکەم مقایسەی ئەکەم لەگەڵ کاری تر بەرامبەری ئەکەمەوە، لەگەڵ کاری هونەرمەندانێکی پەیکەرساز و ناسراو، سەیرەکەم کەموکوڕی لە کار مابێتم تێئەکۆشم چاکی ئەکەم. یانی من قەت ڕازی نەبووم بەوەی بڵێم لێرەیا تەواو، من هەر ئیمڕۆ کارێک ئەکەم لەوانەیە مانگێکی تر شتی تیا بدۆزمەوە بیگۆڕم، شتەکەی یانی دەبێ کامڵتری کەم.
**یووسف:** زیاتر سەرسامی بە هونەر و بەرهەمی کێ لە نەقاشەکانی جیهان؟ یانی زیاتر حەز بە کاری کێ دەکەی؟.
**برادەری** : وەڵا من حەز لە کاری میکلانج ئەکەم، حەز لەکاری داڤینشی ئەکەم، حەز لەو کارانە ئەکەم لەو کارانە کە کراوە.
**یووسف:** خوێندن هیچت خوێندووە؟.
برادەری : خوێندن دیارە خوێندن وەختی خۆی، عومرمان زۆرە ئێمە، سن وساڵمان زۆرە، بەڵێ کەمێک کردوومە خوێندن، دوایی بەعزە شتێک هەیە دیارە ئینسان ئەتوانێت بۆخۆی ڕابگرێ، ئەو شتانە لەسەری زۆر پیویست ناکات!
**یووسف:** مامۆستا چەند ساڵە لەتاراوگە، لێرە دەژیت ؟.
**برادەری:** بە خوا ئیستە بۆ( ١٨) هەژدە ساڵ دەچێت.
**یووسف:** لەکۆتاییدا شتێکت هەیە بۆ گەلی کورد، بۆ ڕووناکبیرانی کورد بیلێی؟
**برادەری:** وەڵاهی داوام، دیارە من ، تکام لێیان هەیە، لە ڕووناکبیرانی کورد، تکایان لێ ئەکەم کە جێی خۆیەتی، کە تێفکرن بۆ ئازادی تاک،

ئینسان، لەگەڵ ئەوەشا بۆ ئازادی کۆمەڵیش، فیکر کەن یانی لە ئازادی کۆمەڵەکەش فیکر کەنەوە، هەر ئەوەنەیە ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ هەمووان.

**یووسف:** سوپاست ئەکەم مامۆستا کاتم لێگرتی و ئەزیەتم دان.

**برادەری:** نا تکایە. ئەو گیانلەبەرەیان ئەوەندە بە سووک چاو لێ ئەکەن، هەروەک باسم کرد بەشێکە لە سرووشت، ئەوەنە بە سووک چاوی لێ ئەکەن، تا سواربوونەکەشی بە شورەیی ئەزانن ئەمە شتێکە ئەبێ مرۆڤ لەخۆی پرسیار بکات؟ بۆ غەدری لێ ئەکات، زوڵمی لێ ئەکا، باری گرانی لێ دەنێن، خۆی باری لێ ئەنێ و خۆشی سواری بارەکەی ئەبێت، ئەو هەموو زوڵمەی لێ ئەکات، کەچی واش بەچاوی سووک سەیری ئەکات!

٥- وێنەگر بەشدار سەید قادر (٢٠٠٨/١٠/١٧)

**یووسف:** کاک بەشدار دەکرێت باسی بەشدار بوونی خۆتمان بۆ بکەن؟

**بەشدار قادر:** زۆر بەخێربێن خۆشحاڵم، من بە (١٥) وێنەی فۆتۆگراف قەبارەی جیاجیا بەشداریم کردووە، لە کتێبخانەی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت، کە زیاتر لە سەد وڵات بەشداریان تێدا کردووە، من وەکو وێنەگرێکی کورد، کوڕێکی کورد، وەکو هاوڕێیانم بەناوی کورد بەو پێشنگایە هەڵساوم لەو ڕۆژەدا بکەمەوە، بەو هیوایەم کە توانیبێتم شتێکی بچووکم خزمەت بە گەلی کوردو بەناوی کوردستان کردبێت، بەخێربێن دووبارە.

٦- هونەرمەندی شێوەکار جوان یاسین (٢٠٠٨/١٠/١٧)

گوتی: بە چوار تابلۆ بەشداریم کردووە، زۆر خۆشحاڵم بەو بەشدارییە، بەخێرهاتنی هەموو میوانەکان دەکەم بە خێرهاتنی بەڕێزتانیش ئەکەم

٧- هونەرمەند عەلی ئەحمەد (٢٠٠٨/١٠/١٨)

**یووسف:** مامۆستا عەلی ئەحمەد هەولێری هونەرمەند و ئەکتەری شانۆیی، بکرێ باسی هاتنتان بۆ ئەڵمانیا و ئامادەبوونتان لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت و گرنگی بەشداری کورد بکەن؟
**عەلی ئەحمەد:** پێشەکی سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، ئێمە وەک شاندێکی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هاتین. بەڕاستی ئێمە زۆر پێویستمان بە ئەو جۆرە پێشەنگەیانە هەیە، بەو جۆرە سەردانانە هەیە، چ لەلایەن ئەدەبیاتەوە، چ لەلایەن هونەری شانۆ و مۆسیقا و شێوەهونەرەکانی تر، هەتا شێوەکاریش. بەڕاستی ئێمە میللەتی کورد لەو بوارەوە زۆر دواکەوتووین، ئەمە زۆر پێویستیمان بەو شتانە هەیە. لەبەرئەوە بەزووترین کات و بە هەموو قەوەتمان، خۆمان بە خەڵک بناسێنین، کلتووری خۆمان بە خەڵک بناسێنین، بزانن ئێمەش هەین و کلتوورمان هەیە، نەتەوەمان هەیە، و لوغەتمان هەیە، ئەدەبیاتمان هەیە، هونەرمان هەیە. ئەوە بەڕاستی ئەمن زۆر پیخۆشحاڵ بووم ، ئەوە ئەو سەردانە لەکنە من گەورە بوو. بەڕاستی ئەو شتەی کەمن لەو وڵاتە دیتم، یەکەم شت جێی سەرسوڕمانی منە، دووەمیش هەست بەغەریبییەکی زۆر گەورە دەکەم دەربارەی وڵاتەکەی خۆم، دەبینم خەڵک لە چ ئاستێک دەژی و خۆم و وڵاتەکەشم لە چ ئاستێک دەژین. ئیتر ئەوە لەلای هونەرمەند و لەلای نووسەر خۆی لە خۆیدا شت دروست دەکات، پرسیار دروست دەکات. ئایا دەبێ لۆ وابی؟ ئەی منیش نەتەوە نیم؟ ئەی منیش هونەرمەندم نییە؟ ئەی منیش نەتەوەم نییە؟ ئەی منیش قەڵەمم نییە؟ ئەی منیش ڕەوشەنبیرم نییە؟ بۆ وانەبم؟ بۆ نەگەم بەو ئاستە؟ ئیتر ئەوە ئەو شتانە زۆر پێویستە، سەردانەکان و گەڕان و سوڕانی هونەرمەندان بەتایبەتی نووسەر و ئەدیبان زۆر پێویستە، لەو ڤیستیڤاڵانە بگەڕێین، لەو دەوڵەتانە بگەڕێین. شت ببینن، شت تەرجوومەکەن و خۆشیان بەخەڵک بناسێنن، نەتەوەکەیان بە خەڵک بناسێنن. مێژووی نەتەوەکەمان و ئەو جینۆسایدەی کە پێمان کرایە و کرایتە سەر میللەتەکەمان و ئەو دەردەسەرییەی درایتە نەتەوەکەمان و

خەڵک بیزانن، بە چ شێوەیەک بووە، لە چ تەئریخەکەوە ئێمە ئەو عەزابە دەکێشین تاکو ئەوڕۆ. ئیتر ئەگەر ئەمە لەسەر ئەو بابەتە قسەی بکەین کاتمان زۆر دەخایەنێ بەڕاستی. بەڵام دەتوانم هەرئەوەندە لەسەری بدوێم دووبارەی کەمەوە بلێم زۆر سوپاس، بەڕاستی سەردانی هونەرمەندان و هاتنیان لە بۆ نەک هەر بەرلین و ئەو ڤیستیڤاڵانە، بەشداری کردنییان لە بچووکترین ڤیستیڤاڵی جیهان تا دەگاتە گەورە ترین ڤیستیڤاڵ، ئەمن بە پێویستییەکی زۆر زۆر زەرووری دەزانم، لەبۆ ئەوەی لەو شتانە گۆڕانکاری ڕوودەدات لەسەر ئەفکاری ئینسانی.

**یووسف:** سوپاس مامۆستا بەخێربێن، خۆشحاڵ بووین بەدیدارتان لە وراتی غەریبیدا؟

**عەلی ئەحمەد:** ئەمنیش گەلەک خۆشحال بووم، هیوادارم قسەی خۆمم کردبێت وجێی خۆی بگرێت.

٨- هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی (٢٠٠٨/١٠/١٨)

**یووسف:** مامۆستا ئەگەر بکرێ باسی هاتنتان و بەشداربوونتان لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت بکەن، ئەوەی بزانم بەرنامەتان هەیە؟

**ئەنوەر قەرەداغی:** من وەک هونەرمەندێک لە هەرێمی کوردستانەوە داوەتکراوم بۆ ئەم پێشانگەی کتێب لە فرانکفۆرت، بەخۆشحاڵییەوە هاوبەشی کۆڕێک دەکەم، لەو کۆڕانەی کەوا دەگێردرێن ڕۆژانە، باس لە (جولانەوەی مۆسیقایە لە هەرێمی کوردستان بە تحدید لە شاری سلێمانی) باسەکەش لەساڵی١٩٢٠ەوە تەقریبەن دەیهێنین هەتاکو ئەمڕۆکەوە. جولانەوەی هونەری چۆن گەشەی کردووە لە کوردستان بەگشتی، بەتایبەت لە شاری سلێمانی. ئەو گرووپە هونەرییانەی کەوا دروست بوون لە شاری سلێمانیدا و ئەوانەی ڕۆڵیان هەبوون لە زەمینە خۆشکردن بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بۆ کاری هونەری، ئەو ڕێگریانەی کەوا ڕێگربوون لە گەشەکردنی هونەری مۆسیقای کوردی لە کوردستان بەگشتی و لە شاری سلێمانی بەتایبەتی.

**یووسف:** ئەو گردبوونەوە ڕۆشنبیرییە جیهانییە ساڵانە لێرە دەکرێ، بەڕێزتان ئەوە چۆن دەبینن؟

**ئەنوەر قەرەداغی:** گومانی تیانییە ئەم جۆرە کۆبونەوانە، ئەم جۆرە پێشەنگەیە نێودەوڵەتییانە، کە هونەرمەند و ڕۆشنبیری کوردی تیادا بەشداری ئەبێ، خۆی لە خۆیا چاوکردنەوەیەکە بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە، ئەو هونەرمەندانە کەوا بزانن ئاستی میللەتان چۆن بیرئەکەنەوە، چۆن پلانیان هەیە بۆ کاری خۆیان، ئایا ئێمە ئەتوانیین بەچ شێوەیەک ئەو پلانە دارێژین بۆ ئەوەی  کەوا گەشەش بە ڕووی کلتووری بە ڕووی ڕۆشنبیریی خۆمان بکەین. بۆ ئەوەی هەنگاو بنێین لەگەڵ سەردەما لە دواوە نەبین. بەڕاستی ئێمە ئەم ژیانە تازەمان ژیانێکی ساوایە، لەژانێکدا دەژی لەو ژانەدا زۆر ئازار و ئەشکەنجە ئەکێشین تاکو بواری سیستمی خۆمان دەستنیشان دەکەین. لەم گومانەدام بەردەوام بوونی ئەم جۆرە سەردانانە، لەم جۆرە پێشانگەیانەدا، ئەو ئازاری ئەو ژانەمان لێ کەم ئەکاتەوە و بەجۆرێک کەوا بتوانین ئێمەیش باشتر بکەین، هەنگاو باشتر بنێین، پلانی جوانتر دابنێین بۆ ئەو نەوانەی تازەمان کەوا سبەینێ ئەوان ڕووی ئێمەن، سبەینێ ئەوان دەبنە ڕووی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردیمان.

**یووسف:** ئێستا کە بەڕێزتان لە ئەڵمانیان، ئەم وڵاتە بە نموونە دەهێنینەوە، لێرە هونەرمەندان و نووسەران بە یاسا مافی چاپەمەنی و بەرهەمەکانییان ئەوەی لای ئێمە پێیدەڵێن (کۆپیڕایت) پارێزراوە، یانی بە یاسا مافی بەرهەمەکانیان پارێزراوە، بەڵام هونەرمەندانی کورد هەمیشە زۆر ماندوودەبن بە بەرهەمەکانیان، کە ئامادەی دەکەن، کەچی لەمڕووەوە زۆر غەدر لێکراون، ڕەنجیان بە خەسار دەچێت، چ بکرێ باشە بۆ ئەوەی بتوانرێت کە هونەرمەندان وەک ڕێزلێنانێکیش بێ، یاسایەک هەبێت ئەو مافەیان بپارێزێ؟

**ئەنوەر قەرەداغی:** وەلاهی ئەوە خۆی لە خۆیدا ڕووی بەرپرسیاری و کۆمەڵگەی کوردی شەرتێکی زۆر سەرەکییە لەوەی کەوا چەنێ

پشتگیری هونەرمەند بکات لە مافەکانی، دوای ئەوە لە کوردستان تازە سیستمێک پێشکەشکراوە کەوا ئێمە چەند ساڵە خەریک بووین، بە لێژنەیەک سیستمێکمان دارێژاوە بۆ داکۆکیکردن لە مافی هونەرمەندان. کۆبونەوەیەکی سەرجەم هونەرمەندان و ڕۆشنبیران کرا لە شاری هەولێر، بەو حیسابەی کەوا پێشکەش بە پەرلەمان بکرێ، بەڵام لەم دواییەدا گوایە لە پەرلەمان ئامادە کراوە، کەوا پەرلەمان سەیری بکات، دوایی ئەوکات ناردیانەوە بۆمان هەندێ هەڵەی تیابوو، دووبارە هەڵەکان چاککران، نێردرایەوە بۆ پەرلەمان، لەوێ بڕیار وایە بڕیاری لەسەر بدرێت و بخرێتە زەمینەی کارکردنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەجێ بەجێ کردندا، ئەزانم زۆر کێشە دروست دەبێ، تا ئەگەینە ئەو ئاستە سیستماتیکەی کەوا ئەمڕۆ ئەورووپا ئەی بینێ و چۆن هونەرمەند دەتوانێ لەسەر هیلاکی خۆی بژی، نووسەر ئەتوانێ لەسەر هیلاکی خۆی بژی، ڕۆماننووس ئەتوانێ لەسەر هیلاکی خۆی بژی. بەراستی من ئەوەتی لەبواری هونەریدا کار ئەکەم، وەک شەخسی خۆم ئەو کەڵک و سوودەم لە زادەی هیلاکی خۆم وەرنەگرتووە، کەوا بەرهەمێک پێشکەش کەم، بە زادەی ئەو بەرهەمە بتوانم بەرهەمێکی کە پێشکەش کەم، هەمیشە بەخۆبەخشی هاتووینەتە پێشەوە، ئەوسەردەمەشی ئەوسەردەمە نەماوە، سەردەمێکی کەیە، ئێمە لە قۆناغێکی کەیا ئەژین، ئەبێ هونەرمەند مافەکانی پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ئیشی باش بکات، بەرهەمی جوان ببێ، کۆمەڵگە تێرکا بەو بەرهە جوانانەی کەوا ڕەنگبداتەوە، لە واقیعی ژیانی کوردەواریمانا بنوێنێ و شان بەشانی میللەتان بتوانیین هەنگاو بنیین.

**یووسف:** مامۆستا زۆر سوپاست دەکەین، لەکۆتایدا قسەیەکتان هەیە بیکەن؟

**ئەنوەر قەرەداغی:** سوپاس بۆ ئێوەش و سوپاس بۆ هەموو لایەکیش، هیوادارم حکوومەتی هەرێم، بە پلانەوە بەردەوام بەردەوام ئەم جۆرە پێشەنگەیانە یاخوود ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەسەر بکاتەوە، کەسانی

پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان ڕەوانەکا بەشێوەیەکی ڕەسمی بۆ ئەوەی کەوا چاوی زیاتر بکرێتەوە، وە بتوانێ زیاتر لەگەڵ سەردەمەکا خۆی بگونجێنێ، سوپاس.

٩- هونەرمەندو خۆشنووس بژار کەریم (٢٠٠٨/١٠/١٨)
**یووسف:** کاک بژار لەم ساڵدا ئاستی بەشداریکردنتان چۆنە؟ ئەتمۆسفێری پێشانگەکە چۆن دەبینی؟
**بژار کەریم :** زۆر سوپاس بەخێربێن کاک یووسف بەخێربێن زۆر خۆشحاڵم کە ئەمساڵیش وەکو پارەکە بە دیداری یەکترشاد بووینەوە زۆر بەخێربێن سەرچاو. بەڵام ئەم ساڵەکە وەکو ئەمن بەکارە هونەرییەکانم بەشداریم کرد، ساڵی پارەکە ئەوە نەبوو بەڕاستی، ئەم ساڵ وەکو بابڵێین بەشە کوردییەکەی، شوێنێکی زۆر باشمان دابینکردووە، بەڵام بەداخەوە شوێنە هونەرییەکان ئەوەی کەوا بڵێین تابلۆ هونەرییەکانی تێدایە، زۆر زۆر گونجاو نەبوو بەنیسبەت ئێمە نەمانتوانی بەتەواوەتی ئەوکارانەی کە هەمە هەمووی لێ دابنێم، بەڵام بەهەر حاڵ وەکو مەراسیمێکی زۆر گەورەو کۆبونەوەیەکی زۆە گەورە جوان بوو. خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ سەیرکردن و دیدەنی تابلۆکان، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو شتانە، ئەو کارانەی کە کردبووشم کۆمەلێک خەڵک هەبوون کە ئینترەسانێکی زۆریان هەبوو بەرامبەر بە تابلۆکان. بۆ عقد کردن گوتیان پێمان خۆشە، ئەگەر ئەوەبێ دانەیەکیان لە لۆکسمبۆرگ وەک کردنەوەی پێشانگەیەک، دانەیەکی تریشیان لە فرەنسا لە پاریس لەناو خوودی پاریس، کۆمەلێک هاتن کۆمەڵێک برادەربوون کە لە مەجالی هونەر زۆر دەستێکی باڵایان هەبوو، دیار بوو زۆر پێیان خۆش بوو، چ وەکو بابەتی شتەکان، کەبە کوردی وبە عەرەبی و بەفارسی شتەکانم نووسیبوو، چ وەکو هونەری خۆشنووسی لایەنەکانیان هەموو هەڵسەنگاند، دیاربوو شارەزاییەکی چاکیان هەبوو بەرامبەر بەو شتە، بانگ هێشتیان کردم بۆ ئەوەی هەفتەیەک بچم بۆ

پاریس، ئیتر لەویَ وەکو پرۆتۆکۆلیَکیش بکەین، ئیتر کۆمەلیَک لەو بابەتانە هەبووە، ئەو ساڵ یانی تەقریبەن لەساڵان باشتر بوو، لەبەرئەوەی ئیَستا کوردیش تەجروبەی باشتری هەیە بەرامبەر بەو پیَشانگەیانە، بەڵام هیوادارم شتی باشتریش ببیَت.

**یووسف:** لەکۆتاییدا شتیَکی ترت هەیە بیڵیَی کاک بژار؟ زۆر سوپاستان دەکەم.

**بژار کەریم:** ئا ئەوەی کە من زۆر پیَی دڵگیر بووم کارەکانم زۆربەی زۆری عەرەبی بوون، حەزم دەکرد کاری کوردیم هەبوایە، بەڵام ڕەنگە هەندەک کاریگەی خۆی هەبی کە نەم توانی بی، مەسەلەن بە چوار تابلۆی کوردی بەشدار یم هەبوو، تابلۆکان یەکی هی مامۆستا "شیَرکۆ بیَکەس" بوو لە ئیَستە بەدواوە من ئیتر هەڵەبجەم. کاریَکیان هی مام هەژار بوو. کاریَکیان هی شیعری شاعیری بلیمەتی کورد مامۆستا "ئیبراهیم ئەحمەد" بوو شیعرەکەی : داگیرکەری دڵ پڕ لەقین دڕندەی بیَ ویژدان ودین، ناتوانی واکەی کورد نەبین و هەر کورد بووین وهەر کورد ئەبین. ئیتر هەر بەو چەند تابلۆیە، بەڵام ئەگەر هەرچەندە زۆریش بیَتن پیَم خۆش بوو ئەو چەند تابڵۆ کوردییەی کە هەمە ، وەکو هەویَنیَک بەکارم هیَنا بۆ تەواوی تابڵۆکانی تر. هیوادارم لە ئایندەدا بتوانم کە بەکاری کە بەشداری کەم، ماوەکەشم زۆر کەم بوو کە بانگ هیَشتیان کردم، بۆ ئەم بوخمیَسەی کە هەیە لە فرانکفۆرت، هیوادارم ئەگەر سالَیَکی کە کردمان ئامادەگییەکی باش بکەم و ئەم جارە بەس بەتابڵۆی کوردی بەشداری دەکەم.

**یووسف:** سوپاس.

**بژار کەریم:** زۆر سوپاس کاک یووسف سوپاس بۆ تۆش.

١٠– هونەرمەند دیاری قەرەداغی-(٢٠٠٨/١٠/١٨)

**یووسف:** کاک دیاری بەخێربێن، ئامادەبوونتان لێرە و بینی ئەو هەموو نمایشی کتێب و سیمینارە، کە چالاکیەکی کلتووری جیهانییە، چۆن دەبینن؟

**دیاری قەرەداغی:** من هونەرمەند دیاری قەرەداغیم، لە کوردستانەوە هاتووم، یەکێکم لە ئەندامانی شاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، کە بەتایبەت هاتبووینە وڵاتی ئەڵمانیا بە مەبەستی بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێک تایبەت بە بواری کلتووری ڕۆژنامەگەری لە بەرلین، چەند سمینارێکی تێدا پێشکەشکرا، گەلێک بە سوودبوو، ئێستەش ئێمە ئامادەین لە مەعرەضی کتێب لە فرانکفۆرت. دیارە من یەکەم بەشداریمە کە ئەم معرەضە ببینم، بەڵام ئەوەندی تێدەگەم کە شتێکی زۆر گرنگە یانی بوونی ئەم هەموو چاپەمەنییە، ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب و بڵاوکراوانە وە بوونی ئەم هەموو کەسایەتییانە، ناسینیان ویەکتر ناسین و وە بەشداریکردن بە سمینارەکان، ئەمانە هەمووی ئەبێتەوە بە پاشخانێکی باش بۆ میللەتێک بۆ خودی خۆت. بۆیە داواکارم شاندی کوردی هیچ جار بێ بەش نەبێ لەم بەشدارییانە، تێبینیەکیشم هەیە ڕاستی من وەکو خۆم کە دەبینم ، ڕاستە هەموو کەس حەز دەکات منێکی کورد کە دێمە فرانکفۆرت یەکسەر سەردانی بەشی کوردی بکەم، بەڵام لە ڕاستیا پێم باشە ، پێویستە کوردەکان تۆزێک لەیەکتر دوور بکەونەوە، بچنە ناو کلتووری ترەوە، مەسەلەن میللەتانی تریش ببینن، ئەوەندە وەقت کوشتن لەناو جەناحی کوردی و هەندێ قسەو ئەمانە ڕەنگ بێ ئەمە بۆخۆی ئەمەش شتێک بێ لە داخراوەیی، وە من بەش بەحاڵی خۆم زۆر خۆشحاڵ بووم، هەر دیسانەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە لۆبی کوردیم بینی لێرە، وە گفتوگۆمان کرد، زۆر مەسائیلی سەقافی هونەریمان ئاڵوگۆڕ کرد، بەلایەنی کەمەوە خۆشەویستیمان ئالوگۆڕ کرد، دیارە هەموو ئەمانە بەسوودن ( یانی هونەرمەندان هەست ناسکن دائیمەن خۆشەویستی دەبارێنن)، زۆر سوپاس بۆ جەنابیشتان بۆ ئەم دەرفەتە، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**یووسف:** هەروەها ئێمەش سوپاستان دەکەین و دەستتان خۆش، دووبارە بەخێربێن.

١١- فێردیناند هەنەربیشلەر (٢٠٠٨/١٠/١٨)

**یووسف:** ڕۆژباش، وەک زانیومە کتێبێکی نوێتان هەیە هێشتا چاپ نەبووە، بەناوی ڕەچەڵەکی کورد، دەکرێت پێناسێکی کورتی ئەم کتێبەتان بکەن؟.

**فێردیناند هەنەربیشلەر:** ڕەچەڵەکی کورد کۆنترین پرەنسیپی خوێندراوە. بەشی یەکەم (زانستی ڕەچەڵەکی دانیشتوان) جیناتی کورد، ئەوە لێکۆڵینەوەی زانستی نوێیە کار لەسەر جینات دەکات. جیناتی مرۆڤ چییە؟ لێکۆڵینەوەکە لە کۆتاییدا کوردەکان هاوڵاتی کۆنترین شارستانییەتن لە ڕۆژهەلاتی ناوین. بەشی دووەم-ئەرکێۆلۆژی (زانستی شوێنەوار) ئەنجامەکەی، وشەی کورد کوردن، زنکورد لە زنجان، کاردا لە هەکاری. کوردی لە باکووری میزۆپۆتامیا، کاتێک مرۆڤ کە ئەوانە بەراورد دەکات (پۆپولاسیۆن/جەنەتیک)، زانستی ڕەچەڵەک. جیناتی کوردەکان لەکۆنەوە ئەنجامەکەی دەست دەکەوێت، پێمان دەڵێت: لە کۆنەوە کوردەکان، لە کوێ بوون و لە کوێ ژیاون، ئەو وشانە هەردەم لەوێ هەبوون و بەکار هاتوون، ئەوە بەو مانایەیە کوردەکان لەوێ ژیاون لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیان. بەشی سێهەم و کۆتایی(لینگویستیک) زانستی زمان و سەرچاوە مێژوویییە کۆنەکان پشتیوانی دەکەن. بەو مانایەی یارمەتیمان دەدات. بە تایبەتی- پرۆفیسۆر "گیرنۆت.ل. ڤیندفۆر"- پرۆفیسۆری زمانە ئێرانییەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوینە لە زانکۆی- (ئان ئاربۆر)- لە میشیگان، لە ئەمریکا. لە کۆتاییدا دێت، کوردە ئێرانییەکان ڕەگێکی کۆنیان هەیە لە مێژوودا. پرۆفیسۆر "ڤیندفۆر" دەڵێ: کورد کۆنترە لە فارسی ئەخمینی، ئیحتمالە لە میدیاش کۆنتربن لەگەڵ وشەکان بەتایبەتی. زۆر لە پسپۆڕانی ئەمرۆ

دەلێن ئەو کوردانەی لەوێن لەفارس و میدیاش کۆنترن، ئەو کوردانەی ئێستا زمانی ئێرانی قسەدەکەن مانای وانییە کە ئێرانی بن، لەبەر ئەوەی گەلێکی ئازاد نەبوون، بۆیە زمانی ئێرانییان وەرگرتووە، ئەوە ئەنجامی کتێبەکەمە.

١٢- دکتۆر فەرهاد پیربال (٢٠٠٨/١٠/١٨)

یووسف: دکتۆر دەبینم لێرە زۆر بێ تاقەت دانیشتوون؟
**پیربال:** بەشەڕەفم زۆر خۆشە! یەکێک لە مامۆستایانی ڕۆماننووس بەرامبەرم دانیشتووە، "حیسام بەرزنجی" ڕۆمانی- (زەلیل)- نۆڤلێتێک بوو، لەبیرمە گەنج بووم خوێندمەوە ئەوە بەدیار ئەوانەوە دانیشتووم، لێرە چ عەیبم نییە، تەواو وەزعم باشە. ئەو خەڵکەی دیش یەک شینە، یەک زەردە، یەک سۆرە، یەک مۆرە، هەریەکەی بەزەوقی خۆی.
**یووسف:** تاقەتی قسەکردنی جدیت هەیە؟.
**پیربال:** بەلێێێێێێێێ تاقەتی قسەکردنی جدیم هەیە، فەرموو ئێستاش جدیم خۆ چم کردییە.
**یووسف:** سەبارەت بە کۆرەکەت کە پێشکەشت کرد، زۆر سەرکەوتوو بوو، خەلکێکی زۆر هاتبوو، گفتووگۆیەکی زۆریشی لەسەر کرا، بە باشترین کۆڕ دانرا، ئەی بەڕێزتان چی دەلێن؟
**پیربال:** وەلاهی کۆمەلێک قسەی قۆڕبوو هیوادارم بەکەڵک بوبێت(دکتۆر پێدەکەنی). بەهەر حاڵ بەجدی قسەم دەکرد لەسەر کوردستانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بۆ سەدەی بیست، گۆڕانێک ڕوودەدات، پڕۆژەیەک دێتە ئارا، لەتەرەف کۆمەڵێک ڕووناکبیر و نووسەری کوردستان، کەمن ئیستنادەن لەسەر چەند بەڵگە نامەیەک، مووهیم ئەمن ناوم ناوە پڕۆژەی گەنجە کوردەکان، باسی ئەو پڕۆژەی ئەوانەم کرد، فاکتەرەکانییان چ بوو؟. هۆکارەکان چ بوو؟. ئامانجەکانیان، وە کامانەن

ئەو خاڵانەی کە دەتوانیین لەسەر بنچینەی ئەوان ناویان بنێین کوردستان. پرۆژەی گەنجە کوردەکان هەدەفیان، ئەوە چ بوو؟.
**یووسف:** زۆر جار زاراوەیەک بەکار دەهێنی دەبێتە هۆی پێکەنینی خەڵک، لەوانەیە لەناو خەڵک شتەکی جوان نەبی، بەس دەبێتە جێی خۆشی خەڵک پێدەکەنن، خەڵک پێی خۆشە ئەتوو ئەو قسانە دەکەیت.
**پیربال:** وەکو زاراوەی چ؟
**یووسف:** مەسەلەن لەسمینارەکەت ئەتوو گووتت: من (٥٢)- کتێبم هەیە، بەس خەڵک هەیە تا ئێستا (٥٢) ترِیشی نەکردییە.
**پیربال:** ( بەدەنگی بەرز پێدەکەنی) وابوو وابوو، ئێ وایە نا یعنی ئەو بەمن دەرێ تۆ بۆ ئیش ناکەی، بۆ پڕۆژە دانانێن و کاکە ئەتوو پڕۆژەی چ (٥٢)- کتێبم کردییە بەسە یعنی نسبەتەن بە ئەوە ئەو قسەم کرد.
**یووسف:** باشە لە سیمینارەکی هەولێر باسی کتێبەکی شانۆیی توو کرابوو، توورەببوی گوتبووت: کاکە ئەوە وا بزانە ترِەکم کردو ئەء.
**پیربال:** نا من زۆر جاران بەرهەمی ئەدەبی بە ترِەک دەشوبهێنم، بۆ؟ چونکە لە دووبارەوە پەیوەندی هەیە: یەک- ئەوەیە بەرهەم ئەدەبییە شتێکە لە دەسەڵاتی خۆت نییە دەبێ بیکەی. وەکوو ئەوەی گوتمان لە دەسەڵاتی تۆ نییە دەبێ لە ڕووحت بێتە دەرێ. دووەم- لەباری ئەوەی کە دەبێ نووسەر بێ منەت بێ بەرامبەر ئەو نووسینەی دەینووسێ، دەبێ بێ منەت بێ. باش بوو، سوودی هەبوو، جوان بوو. جوانە سوودی هەیە چی هەیە. باش نەبوو وە بزانە ئەوە شتێکەو تەواو یعنی لەو دووبارەوە- ترِرِ پەیوەندی هەیە بە بەرهەمی ئەدەبییەوە، بە هونەرەوە. ئا من بەجدی باسی ئەوە ئەکەم.
**یووسف:** بەجدی نووسەر دەبێ لەدەسەڵات بێ منەت بی یانا؟
**پیربال:** بزانە تۆ قەت ناتوانی بڵێی دەبی. نووسەری باش ئۆتۆماتیکی ئۆتۆماتیکی خۆی لەدژی دەسەڵات دەدۆزێتەوە. من قەت نالێم دەبێ، بەڵام هەمیشە وادەبینم. تۆ سەیری "ئۆرهان پامۆک" کە، سەیری دەستۆڤسکی بکە، سەیری هەمنگوای بکە، سەیری ڤان کۆخ بکە،

سەیری بتهۆڤن بکە. هەرچی هونەرمەندی مەزنە ئەسیلە، هەمیشە ئەو دەسەڵاتەی قبوڵ نەبووە، کە بەسەر سەرییەوە هەبووە. کەواتە پێویست ناکات بڵێین دەبێ و نابێ چی وا، ئۆتۆماتیکی هونەرمەند یعنی ڕەفزکردنەوەی ئەوەی هەیە. خەون بینین بەو شتانەی کە دەبێ جێبەجێ بکرێ.

**یووسف:** قسە هەیە دەڵێن فەرهاد توانیویەتی لەشکرێکی تەواوی گەنجان کۆبکاتەوە، ئایا ئەوە لە دوا ڕۆژ چی لێدەکەوێتەوە؟

**پیربال:** من زۆر پێم ناشرینە بۆ گەنج لەشکر بەکار دێت، گەنج ئینسانە توێژێکی خەڵکە، لەشکر نییە. توێژێک خەڵکن کەسیشم کۆ نەکردیتەوە، بەس گەنج خۆی تواناو وزەیەکی وای هەیە کە هەمیشە ئەو تواناو وزەیەی هەیە، وە جاروباریش ئیحترامێکی من دەگرن! ئەمە لە گەورەیی و جوانی خۆیتیان ئەگەر نا من کەسم لەخۆ کۆ نەکردۆتەوە. بەپێچەوانەوە ئەوان ئەو گەنجانە بوون کە زۆر جاران بانگی منیان کردووە، بەتەنگیانەوە بچم. زۆر جاران ئیحترامیان بۆ من داناوە، من هاتوومەتە ڕیزی ئەوان، ئێستەش دەڵێم بەشانازییەوە من چوومەتە ڕێزی ئەوان ، نەک ئەوان لەخۆم کۆ بکەمەوە!.

١٣– هونەرمەند عەبدوڵا هروری (٢٠٠٨/١٠/١٩)

**یووسف:** مامۆستا عەبدوڵڵا باسێکی ئەو شانۆگەریەمان بۆ بکەیت کە پێشکەشی دەکەن؟

**هروری:** ناوی شانۆگەری– (ڕاسپاردە)یە، بە زمانی ئەڵمانییە ئێمە بە ئەنقەست بە مەبەست ئەو شانۆگەرییەمان بەزمانی ئەڵمانی دروست کرد، کوڕی من "کارزان" و من– ئەو فیکرەمان نووسیوە و دەرمان هێناوە. مەبەستمان ئەوەیە کە میللەتی کورد بەڕەنگەکی نەهی وشک قسەو شتی وا پیشانی بە خەڵکی ئەڵمانی یان بیانییەکان بناسێنین، بەڵکو بەئاواییەکی تر بەشێوەیەکی تری مۆدێرن، بەڕێگای شانۆ. ئەو

خەڵکەی ئەڵمان ، مێژووی ئێمە ، بە تەبیعەتی ئێمە، بەناتووری ئێمە، بە عامەتەن بناسێنین. ئەوە وەکو پەیامێکە حەزدەکەین بیگەیەنیین بە ئەڵمان، هەروەها حەز ئەکەین دەوری تەکنیکی ئەڵمان یانی تەکنیکی مرۆڤ کوژ، تەکنیکی خراپ کردن، هی ئەوروپا عامەتەن، هی ئەڵمان بە تایبەتی لەسەر تەبیعەتی کوردستان لەسەر خەڵکی کوردستان، بۆ ئەڵمان ڕون بکەینەوە کە بزانیین ئێمە کورد نە لەبەر ئەڵمان کە جەوەکی خۆشی هەیە ئەوروپا، وڵاتمان بەجێ هێشتووە، بەڵکو چەکی کیمیایی و ئەوشتانە نەبوانە، کە داویەتییە بە دووژمنی ئێمە، هیچ وەختەک وڵاتی خۆمان بەجێ نەدەهێشت و نەدەهاتینە ئەم وڵاتە. یانی دەمانەوێ خەڵکی خۆمان بە ئەڵمانەکان بناسێنین هەروەکو شتێکی سیاسیش بدەینە ئەوان. ئەو جۆرە کارانەش پێویستی بەپشتیوانییە، ئێمەش تا ئێستا وەک پێویست بۆمان نەکراوە. لەلایەن دەزگاکانی کوردییەکان یانی پەیوەندیدار، هەروەها هیواخوازم کە ئێستا ڕێکخراوە دیموکراتییەکان کە پشتیوانی دەدات، هاوکاریمان بکات لە تەواوی ئەڵمانیاو قوتابخانەکان ئەو شانۆگەرییە پێشکەش بکەین.

١٤- هونەرمەندی شێوەکار بەهائەدین-(٢٠٠٨/١٠/١٩)

**یووسف:** کاکە بەهائەدین ئەگەر بکرێت باسی ئاستی بەشداریتان وکارە هونەرییەکانت بکەیت لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت؟

**بەهائەدین:** شتێکی جوانە هەریەکە لەهونەرمەند، چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس، بەو ئیمکانییەتەی هەیە، ساڵانە بەشداری بکات کە تەعبیر لە شتەکان بکات. من بە هەشت تابلۆی پێنج مەتر بەرز بەشدار بووم، وەک شێوەکارێک توانیومە ئیشەکانم نیشان بدەم. خۆشحاڵم بەوەی نەک وەک هونەرمەندێکی ناسیۆنالیست بەڵکو وەک هونەرمەندێکی شێوەکار، دەتوانم بلێم بەبێ ناو بەبێ هیچ مەبەستێک لە دواوە خۆشحاڵم لەم هۆڵە، کە سەد دەوڵەتی تێدایە، تەنها کارەکانی من

دەبینرێت وەک کارێکی زۆر گەورە. خۆشحاڵم کە هەمیشە نەک تەنها هونەری کوردی، وشە و چەندە شتی جوان بەبێ ناسیۆنالیزم بخرێتە بەرچاو، کەسانێک لێرە بیان بینن و بتوانن کە هەریەکێک ئەو پەیامەی پێیەتی بگاتە ئەو خەڵکانەی مەبەستییەتی. لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک یووسف بۆ ئەم دەرفەتی چاوپێکەوتنە ئەم شتە جوانە.

١٥- دکتۆر زەردەشت حاجۆ-(٢٠٠٨/١٠/١٩)

**یووسف:** بەڕێز دکتۆر زەردەشت، چۆنییەتی بەشداربوونتان وچالاکییەکانتان چین لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت؟.
**د.زەردەشت حاجۆ:** ئیمڕۆ ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٠/١٩) ڕۆژی یەک شەممەیە. ئێمە لە پێشانگەی پەرتووکەکانی فرانکفۆرت بەناوی (ناوەندی پەنی کوردی) بەشداربووین، لێرە شوینێکیان بە ئێمە داوە (١٦)مەتر چوارگۆشەیە، ئەوبەرهەمانەی بەدەستمان کەوتن یا هەمان بوون ئێمە هێناومانە لێرە پێشکەشمان کرد. وەکی تر سێ گوتاریش ڕێگە بە ئێمەدابوون لە جێگای ناسراوی کۆنفرانس لێرە، بەناوی ناوەندی پەنی کورد ئێمە سێ گوتار پێشکەشمان کرد: کاک "مستەفا ڕەشید" بوو، وە کاک "مەمۆ شاهین" بوو، وە منیش هی دوایی پێشکەشم کرد. بابەتی من ئەوەبوو: کەمن لەسەر ئەدەبی کوردی، لەسەر وێژەی کوردی لە ئەوروپا قسەم کرد، یانی بەتایبەتی ئەو نووسەرانی لە کوردستان ڕایان کردبوو، ئەوەی لە باشووری کوردستان یان لە باکووری کوردستان لەبەر گرتن و کوشتنیان لەدەست ڕژێمەکان ژیانی خۆیان ڕزگار کرد، گەیشتوون بە ئەورووپای ڕۆژئاوا. لێرە وەکو نووسەر لێرە واز لەقەلەمی خۆیان نەهێنا، وە دووربوونی ئەوان لە وڵات دووربوونی جوگرافی تەنها بوو، یانی کە فیکرو ڕامانی ئەوان لە کوردستان جودا نەبوو، ئەوان ڕاستە جوگرافی دووری کوردستانن، بەڵام بە هێشی خۆیان بە ڕۆحی خۆیان لە کوردستان بوون. بە نووسین

لەبەرهەمەکانی خۆیان هەوڵیان دەدا ڕەوشی سیاسی کوردی یانی بە ئاواییەکی ویژەیی بە ئاواییەکی ئەدەبی یا بڵێین بە عەرەبی بەکار بهێنن هەتا کوو، معاناتی گەلی کورد، ئەوەی بەسەر گەلی کورد دێ لەڕێگای بەرهەمەکانی ویژەیی ئەدەبی دەربخەن. وەکی تر من لەسەر زمانی کوردی و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان یانی زۆر دەستی کە لەسەر ئەدەبی کوردی هەیە، لە پێش یانی کە لە باشووری کوردستان چێ بوو، لەباکور لە ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاواش بەفراوانی باسم کرد، نزیک سەعاتەک قسەم کرد کە لەسەر ئەو شتانە.

**یووسف:** سوپاس دکتۆر زەردەشت.

**د. زەردەشت حاجۆ:** سەرچاو بە خێربێن.

**فۆتۆ: یووسف مەنتک**







ئیسماعیل خەیات


فێردیناند
یووسف


ستاندی نووسەرانی کورد


کۆڕی هەنە کویشلەر


دیداری نووسەر عەلی حوسێن


سمیناری مەمەد بەیراق


Beirut World Book Capital
Beirut World Book Capital
خالید شەیدا
حسام بەرزنجی
ئیسماعیل تەنیا
یووسف مەنتک
فەرهاد پیربال

## *٦١هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت-(١٤ تا ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩)-

**مێوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی چین.-**
بە بەشداری (٧٣١٤) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە (١٠٨) وڵاتی جیهان بەرهەمە چاپکراوەکانیان پێشاندا، هەروەها لە ماوەی پێنج ڕۆژی پێشانگادا (١٠،٠٠٠) ڕۆژنامەنووس بەشدار بوون، (٢٩٠٠) سیمینار پێشکەش کراوە، بە پێی ڕاگەیەنراوی کۆتایی لەلایەن ئیدراەی پێشانگە لە دواڕۆژدا (٢٩٠٤٦٩) میوان سەردانیان کردووە، پانتایی پێشانگە (١٧١،٧٩٠ م چوارگۆشە) بوو.

**بەشداری کورد:**
کورد بە دوو ستاند بەشداری هەبوو لەم ساڵدا، دەزگەی میزۆپۆتامیا و وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە هاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی/ ئەڵمانی لە مانهایم.
وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێنجەمجار بەشداری لەپێشانگای پەرتووکی نێودەوڵەتی فرانکفۆرتی ئەڵمانیادا کرد، لەنێوان (١٤ تا ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩). ڕێکەوتی(٢٠٠٩/١٠/١٤) یەکەم ڕۆژی پێشانگەی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت دەستی بە کارەکانی کرد. خانەی حکوومەتی هەرێم بێ بەرنامەیی پێوە دیاربوو، ئەوەش دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی بۆ بەشداریکردنیان درەنگ بڕیاریان لەسەر دابوو، لەم ڕۆژەدا جگەلە "د. سەعدی ئەلمالحی"، باقی نوێنەری شاندی وەزارەت هێشتا فیزاکەیان لەئەنکەرەپێنەدابوون. هەر لەم ڕۆژەدا کاتژمێر(١٥:٤٠ دوای نیوەڕۆ) بەڕێز "مارتین کوپلەر" بەڕێوەبەری کاروباری کلتووری لەوەزارەتیی دەرەوەی ئەڵمانی و باڵوێزی پێشووی ئەڵمانیا لەعێراق و میسر لەمیانەی سەردانی بۆ خانەکانی هۆڵی پێشانگەی نێونەتەوەیی بە یاوەری خاتوو "مۆنیکا کراوس" بەڕێوەبەر و

ڕێکخەری ستاندی (ئەبووزەبی) سەردانی خانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، هاوکات جێگری وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی عێراق "فەوزی ئەتروشی" کە ئەوانیش بەشداریان هەبوو ئەم ساڵ، سەردانی ستاندی کوردستانی کرد.
دەزگەی چاپەمەنییەکانی سەر بەوەزارەت وەک: بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەرگێڕان و چەندین دەزگای چاپەمەنی ئەهلی لە کوردستانی باشوور وەک: خانەی سمۆرە، وەرگێران، موکریان، یانەی قەڵەم، پێرس، بەدرخان، دابەش و بڵاو کردنەوەی سلێمانی، بەرهەمە چاپکراوەکانیان لەژێر چەتری ستاندی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێشاندران. بەکۆی گشتی(٥٥٠) ناونیشان و قەبارەی پێنج هەزار کتێب بەشداربوون، ستاندی کوردستان لە پێشانگە کەوتبووە هۆڵی نێوەنەتەوەیی، ژمارە:(5.0) ستاندی ژمارە (B 946).

*** ئەکادیمیای کوردی و کردنەوەی پەرتوکخانەیەک بەستانداردی نێودەوڵەتی:**

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ کردنەوەی پەرتووکخانەیەک بە ستانداردی نێودەوڵەتی، تازەترین چاپی ئینسکلۆپیدیای بەریتانی (٢٠١٠)ی لە (٦١)هەمین پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت کڕی، بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی کرا و بڕیاری لەسەر درا، بۆ یەکەم جار لەئەکادیمیای کوردی دادەندرێت و دەکرێتەوە، ئەم ئینسکلۆپیدیایەتا ئێستا لەهیچ پەرتووکخانەیەکی جیهان دانەنراوە، لە چوارچێوەی خواستی ئەکادیمیای کوردی بۆ دروستکردنی پەرتووکخانەیەکی فراوان و پرۆفیشنال، هەوڵدەدات باشترین کوالیتی پەرتووک بەدەستبهێنی، وەجبەی یەکەمی ئەم ئینسکلۆپیدیایە و دەیان پەرتووکی ئینسکلۆپیدیایی گرنگ و لیکسیکۆنی و فەرهەنگی زۆر بە نرخ

لەبوارەجیاجیاکان، کە لەدەزگە چاپەمەنییەمەزنەکانی جیهان کڕیوە. ئەکادیمیا هەوڵدەدا، بە ستانداردێکی جیهانی باشترین نۆرمی کتێب بۆ پەرتووکخانەیخۆی دابین بکات. ئەم کارە بە نرخەش دڵسۆزی و هەوڵەپیرۆز و سەرکەوتووەکانی سەرۆکی ئەکادیمیا بە تایبەت و دەستەی سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیای کوردی بە گشتی دیار دەکات. ئەوەی جێ سوپاس و باس بێت نووسەر و ئەکادیمیکارێکی کورد بەدڵسوزییەوەبە جێبەجێکردنی ئەم کارە هەڵساوە، ئەویش "دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا"یە. ئەمەش زیاتر خزمەت بە بەهاو گەورەیی کارەکەدەکات.

نوێنەرانی شاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای چاوەڕوانییەکی زۆر لەسەفارەتی ئەڵمانیا لەئەنقەرە،ئینجا فیزاکەیان بۆ پێنج ڕۆژ پێدان، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٧) گەیشتن. پێکهاتبوون لە: شێخسەعید شاکەلی/ ڕاوێژکار، نەوزاد عەبدولعەزیز/ ڕاوێژکار، ئاسۆ حەسەن/ بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکانی کوردستان، شاکر ئەبوبەکر/ بەڕێوەبەری گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، مەسعوود- ڕاوێژکاری یاسایی، نەریمان جەعفەرسەعید/ بەڕێوەبەری کوردستان چاپ. گەورەهونەرمەندی شێوەکاری کورد ئیسماعیل خەیات وەک میوان ئامادەی پێشانگاکەبوون.

"شێخ سەعید شاکەلی" سەرۆکی وەفدی وەزارەت لەوەڵامی چەند پرسیارێکمدا گوتی: دوای چەند دانیشتن و کۆبونەوەی فراوان، بۆ بەشداریکردن لەپێشانگای پەرتووکی فرانکفۆرت پرۆژەمان دانا، بەڵام بەداخەوە لەئەنجوومەنی وەزیران وەڵامەکەدرەنگ گەڕایەوە، بۆیە وەک پێوست نەمانتوانی بەرنامەی بڕیار لەسەردراو جێبەجێ بکەین، وەک تەرجەمەی کتێبی مێژوویی، کلتووری، ئەدەبی کوردی، بۆ زمانەکانی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا برادەرانی ناوەندی کلتووری ئەڵمانی یارمەتی باشیان کردین. بێ بەرنامەیی بەکارەکانمانەوەدیارە، ئێمەدەبێ کار بۆ ئاشتی پەیوەندی شارستانی بۆ

ژیان بکەین، تا ئەو بۆچوونەخراپەی لەسەر کورد هەیەبڕەوێتەوە و نەمێنێ. دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان تا بۆیان کراوە وێنەیەکی خراپی کوردیان بە جیهانی دەرەوە و نەتەوەکانی جیهان پیشانداوە. ئێمەش وەک وەزارەت بە (٣٥٠) ناونیشانی کتێب بەشداربووین، کەهاتینەئێرەکۆمەڵێ ئەفکاری باشمان دەستکەوت، بۆ کاری ئایندەمان، پرۆژەی باش دادەنێین بۆ داهاتوو، بەشداربوون بۆ تێکەڵبوونەبە دنیای دەرەوە،تعاملی ڕۆشنبیریی و کلتووری دەبێ، بۆ بازرگانی و دیبلۆماسی، دەبێ خەڵکی پسپۆڕ لەم بوارەدا بەشداربن و بەکارەکان هەستن. بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەهەیە، لێرەگرنگی بە منداڵ دەدرێ، ئێمەلێرەدەبینین جیهان چەند پێشکەوتووە و بەرەو پێشچوەوەئێمەش لەکوێین، بەڵام هۆکار خۆمان نین، ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی ناوچەکەکاریگەری خۆی هەبووە و هەیە، بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەمومژانەکاری دەوێ.

ئامادەبوونم لە چەند چالاکییەکی سەرنجڕاکێش و گرینگ لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت وەک:

١- ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٤، کات ١٤:٣٠ی دوای نیوەڕۆ)، سیمینارێک بۆ ڕۆژنامەنووسی دیاری ئەڵمان "گونتەر ڤال ڕاف" لە قەنەفەی شین سازکرا، قسەکردن سەبارەت بە نوێترین کتێبی (جوانی لە نوێوە) بوو.

٢- ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٦، کات ٩:٣٠ بەیانی) دەزگەی (بوخ ئاکتوێل فۆرم) بۆ دووەم جار لە ستاندی خۆیدا سیمینارێکی بۆ کتێبی: ورەیەکی تێکنەشکاو، سەبارەت بە ژیانی بەتەمەنترین قوربانی ڕزگار بوو لە ئۆردووی یەهودییەکانی سەردەمی هیتلەر لە سەرتاسەی جیهان. لە سیمینارێکدا بە ئامادەبوونی "لیۆپۆلد ئینگلایتنەر" لە تەمەنی (١٠٤)ساڵیدا، لە دایکبووی ڕێکەوتی (٢١ی یولی ١٩٠٥) لە شترۆبل/ نەمسا.ئامادە بوونی نووسەری کتێبەکە "بێرنهارد ڕامرشتۆرفەر"، کراوەتە فلیمیش و بڵاوکراوەتەوە. لیۆپۆلی تەمەن (١٠٤) لە شاری باد ئیشل شاری قەیسەر لە سەردەمی منداڵیاندا چەندین جار قەیسەر فرانز

جۆزێفی بینیبوو. لیۆپۆلد لە ڕێککەوتی (٢١ ئەپریلی ٢٠١٣) لە نەمسا مردووە.
٣- ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٦، کات ١١:٠٠ی بەیانی) سیمینارێک بۆ ژنە نووسەری ئەڵمان "کاترین شمید" نووسەری ڕۆمانی (تۆ نامری)، لەلایەن دەزگەی خەڵاتی کتێبی ئەڵمانی لە ستاندەکەی خۆیاندا بۆیان ساز کردبوو.
لەوەڵامی چەند پرسیارێکدا گوتی: نەخێر من بەخێزانەکەمم نەگووتوەکەئەم ڕۆمانەم نووسیوە، لەوانەیەڕێیان پێ نەدابام جا منداڵەکانم یا مێردەکەم! چونکەئەم جۆرەبابەتانەلەوانەیەلەگەڵ باری خێزانیم نەگونجێت، هەموو نووسەرانیش سوود لەئەزمونی ژیانی خۆیان وەردەگرن...هتد. خەڵاتی باشترین کتێبی ئەڵمانی، ئەم ساڵ لە پێنجەمین ساڵی دابەشکردنییدا بەخشرا بهم ژنە نووسەرە، ئەم خەڵاتە ساڵانەلەلایەن دەزگەی خەڵاتی کتێبی ئەڵمانی، دەدرێ بەباشترین کتێبی ئەڵمانی.
٤- ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٦، کات١٢:٠٠ی نیوەڕۆ) تەلەفزیۆنی ئەڵمانی (art )، سیمینارێکی بۆ نووسەری ئەڵمانی- بە ڕەچەڵەک تورک "فەرەیدوون زەعیم ئۆغلو" سازدا، قسەکردن لەسەر کتێبی بە ناوی (زەوییەکانی دواوە) بوو.
٥- لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٦، کات١٣:٠٠ دوای نیوەڕۆ) دەزگەی ڕۆژنامەی (دی تسایت ئەڵمانی)، سیمینارێکی بۆ گەورەنووسەر ئەڵمانی و خاوەنی خەڵاتی نۆبێلی ساڵی (١٩٩٩) "گونتەر گراس" ئەنجامدا، بۆ قسەکردن لەبارەی پەنجاساڵەی دەرکردنی ڕۆمانی (دی بلێشترۆمل/ تەپڵی تەنەکە)،لەپرۆسەیەکی ڕا وەرگرتندا هەمان ڕۆژنامەئەنجامی دابوو، "گراس" سێیەم پڕ خوێنەرترین دێت لەئەڵمانیا. "گونتەر گراس" گەورەنووسەری ئەڵمانی بەتووندی ڕەخنەی لەحکوومەتی ئەڵمانیا گرت لەسەر داوەتکردنی وڵاتی چین، گوتی:" چین وڵاتێکی

نادیموکراسییەمافی مرۆڤی تیادا پێشل دەکرێ، حکوومەتی ئەڵمانیا چۆن داوەتی دەکات.
٦- لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٧، کات١٠:٠٠ی بەیانی) ڕۆژنامەی (زەی ئیپۆخ تیم) ڕۆژنامەیەکەبۆ مرۆڤ و جیهان لەئەڵمانیا دەردەچێ، سیمینارێکی بۆ "ڕابیعەقادری" ڕێبەری تورکەئیسلامییەکانی چین سازدا، ئەویش قسەی لەبارەی مافی کلتووری و مافی کلتووری تورکەئیسلامەکانی چین دەکرد، باسی لەوە دەکرد، کەچۆن لەلایەن نیزامی چینی لەو مافانەبێبەشن.
٧- لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٧، کات١٠:٣٠ بەیانی) ستاندی قەنەفەی شین سیمینارێکی بۆ ژنەنووسەری ئەڵمان "یەنی مای نوین" لەسەر کتێبی (دی شتورم بێگەر فۆن ئەرادۆن) سازکرد، خەڵکێکی زۆر ئامادەی ئەم سیمینارەبوون، دوایش ژمارەیەکی زۆر لە پەرتووکەکانیان کڕی و ئەویش بۆی ئیمزاکردن.
٨- ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٧، کات ٣:٠٠ ی دوای نیوەڕۆ) ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی چەند گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، لە بەرامبەر ستاندی دەزگای کتێبی ئێرانی نێونەتەوەیی گردبوونەوەیەکیان سازکرد، شریتیی ڕەشیان لەدەم وچاویان دابوو، لە درووشمەکانیان: ئازادی بۆ ئێران، ئازادی بۆ تەواوی زیندانیانی سیاسی ئێران. پشتیوانی لە دایکانی ئێرانی بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە تراژیدیا و غەم و پەژارەکانیان.
٩- ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٨، کات ١١:٢٠ی بەیانی) بۆ شاخەوانی ناسراوی ئەڵمانی/ ئیتاڵی: "ڕاینهارد مێسنەر" سیمینارێک لەلایەن ڕۆژنامەی (فرانکفۆرتە ئەلگماینە) لە ستاندەکەی خۆیاندا سازکرا، قسەکردن لەسەر نوێترین کتێبی بەناوی (دیواری ڕۆژئاوا) بوو.

**فۆتۆ: یووسف مەنتک**


ستاندی کوردستان


A 934
2009
ستاندی میزۆپۆتامیا


ستاندی کوردستان


ستاندی کوردستان - وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

## * ٦٢هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب فرانکفۆرت-(٦ تا١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠)

**میوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی ئەرجەنتین-**
بە بەشداری (٧٥٣٩) دەزگەی چاپەمەنی لە(١١١) وڵاتی جیهانەوە، ئامادەبوونی (١٠،٠٠٠) رۆژنامەنووس، نزیکەی(٣٠٠٠) سیمینار و گفتوگۆ و پێشکەشکران، لەنێوان رۆژانی (٦ تا١٠ی ئۆکتۆبەری٢٠١٠)، هەروەها نوێترین تەکنەلۆجیای نویێپێشاندران لەبواری میدیا و کتێبی ئەلیکترۆنی. لەماوەی پێنج رۆژی پێشانگەدا (٢٧٩،٣٢٥) میوان سەردانی پێشانگەیان کرد. رووبەری  پێشانگەی ئەمساڵ (١٧٢،٠٠٠م چوارگۆشە) بوو.
رێکەوتی (٢٠١٠/١٠/٥) کات پێنجی ئێوارەئاهەنگی کردنەوەی پێشانگە لەژێر دروشمی (کلتوور لە جووڵەدا)، بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا "ڤێستەڤێلە" و سەرۆکی ئەرجەنتین خاتوو "کریستینا فێرناندز" کرایەوە.

**کلتوور لە جووڵەدا:**
لە (٦٢)هەمین پێشانگەی پەرتووکی فرانکفۆرت، وڵاتی ئەرجەنتین وەک میوانی شەرەفی ساڵ داوەتکرابوو، لەژێر دروشمی (کلتوور لە جووڵەدا). بەشداربوونی ئەرجەنتین رێک  لە ساڵیادی (٢٠٠) ساڵەی سەربەخۆیی بوو، لەژێر چەپۆکی توندوتیژی دیکتاتۆری. نێزیکەی (٧٠) لەنووسەران و (١١٠) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەیئەم وڵاتە بە (١٠٤٩) ناونیشانی بەرهەمە چاپکراوەکانیان و چالاکی کلتووری هەمەجۆر، (٣٠٠) سیمینار و گفتووگۆ لە بوارەکانی وەک ئەدەب و کلتوور و سیاسەت و لەسەر وڵاتەکەیان پێشکەش کرد. بەرهەمی نووسەرانی وەک "لویس خۆرخێ بۆرخیس" و "یولیۆ کۆرتێزا"

هێنرابوون. نووسەرانی وەک "ئۆسڤالدۆ بایەر" و "لاودا ئەلکۆبا" بابەتیان پێشکەشکرد. (٣٠٠) ناونیشانی جیا لە کتێبە چاپکراوەکانی ئەرجەنتین، لە لایەن (١٠٨) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەرگێڕدراون بۆ زمانی ئەڵمانی و زمانەکانی تری جیهان لەڕۆژانی پێشانگە پێشاندران.
چەندین نووسەری دیار و ناسراوی جیهانی بەشداریان لەکاروچالاکییەکانی ڕۆژانی پێشانگاکەدا کرد، وەک: گونتەر گراس وەرگری خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی (١٩٩٩)، ڕۆگەر ولیامس- سیاسەتمەدار، ڕۆلاند کۆخی ئەندامی پارتی دیموکراتی مەسیحی و سەرۆکی هەرێمی هێسن. ئیمزاکردن و قسەکردن لەسەر کتێبێکی بەناوی (کۆنسێرڤاتیڤ- بن بیکر)، شاخەوانی ناسراو ڕاینهارد مێسنەر، ئەنتیەڤۆلمەر...تاد. دیارترین کەسایەتی کەسەردانی پێشانگەیان کرد بریتیی بوون لە:هێلمت کۆل/ ڕاویژکاری پێشوی ئەڵمانیا لەسەر کورسی عەرەبانەهێنابویان دوو ڕۆژ بەسەر یەکەوەسەردانی بەشەکانی کرد، داڤید گرۆسمان، تیلۆ سارازین.

*** بەشداری کورد:**
لەم ساڵەدا کورد بە دوو ستاند بەشدار ببوون: یەکەم وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دووەم دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامییا نێزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە.
وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بۆ حەوتەمین ساڵ بەشداربوو، بە هاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی/ئەڵمانی لە مانهایم. بەپانتایی (١٢مەتر چوارگۆشە)، چەندین ناونیشانی جۆربەجۆر کتێبی تێدا دانرابوو. زۆرترینیان پەرتووکەکانی ساڵی ڕابردوو بوون. چەند دەزگایەک لەژێر چەتری وەزارەت بە ژمارەیەکی کەم لە ناونیشانی چاپکراوەکانیان بەشداریان کردبوو، تەنها چەند ناونیشانێکی نوێی تێدا بوو. میوانانی بەشداربوو لەکوردستان، نوێنەرانی وەزارەت پێکهاتبوون لە: شێخسەعید شاکەلی/ ڕاوێژکاری وەزارەت، شاکر

ئەبوبەکر/ بەڕێوەبەری گشتی چاپکردن، نەوزاد عەبدولعەزیز/ ڕاوێژکاری وەزارەت، ماجیدنووری/ بەڕێوەبەری چاپخانەی هەولێر، ئاودێر ئیسماعیل لە بەشی تەکنیکی چاپخانەی هەولێر، حەمید بەدرخان سەرپەرشتیاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هونەرمەند ئیسماعیل خەیات.

**ئینسکلۆپیدیای هەولێر**: بۆ یەکەم جار لەمێژووی چاپەمەنی کوردی شتێکی وا دەگمەن و نایاب لە پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی فرانکفۆرت پێشاندرا، کە ببووە مایەی سەرنج و تێڕامانی سەرجەم ئەو میوانانەی سەردانی ستاندی کوردستانیاندەکرد. ئینسکلۆپیدیای هەولێر لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانە، لەسەر ئەرکی "کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی" جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان چاپکراوە. لە دە بەرگدا بە (٥٢٤٠) لاپەڕەو بەقەبارەی (٢١× ٢٩ سم) چاپکراوە. لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە چاپکردنی، سەرپەرشتیاری دەزگای بەدرخان و ئەندامی لێژنەی باڵای ئامادەکاری ئینسکلۆپیدیای هەولێر "حەمید بەدرخان" گوتی:پاش ئامادەکردن و چاپکردنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا،ڕووداوێکی گرینگ و کاریگەربوو لەنێو بزووتنەوەی ڕووناکبیریی و مێژووی چاپەمەنی کوردیدا، چونکەمیللەتان پێش (٣٠٠) ساڵ ئاشنای ئنیسکلۆپیدیای تایبەت بە خۆیانن، کوردیش بۆ یەکەمین جار بووەخاوەنی یەکەمین ئینسکلۆپیدیا لەمێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕووناکبیریی، ئەمساڵ پاش ماندوبوونێکی زۆر توانرا دەزگەی بەدرخان بەشداری پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی فرانکفۆرتی ئەڵمانی بکات، لەژێر چەتری ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کەبۆتەڕووداوێکی گرینگ لە بەشی کوردی پێشانگاکە. ئینسکلۆپیدیای هەولێر لەدە بەرگ پێکهاتووە: جوگرافیا، شوێنەوار و مێژووی کۆن، مێژووی نوێ و مێژووی هاوچەرخ،کەسایەتی، ئەدەب، هونەر، فۆلکلۆر، کۆمەڵایەتی...تاد. ئەم

ئینسکلۆپیدیایەلەسەر ئەرکی بەڕێز "کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی" چاپکراوە، بە تیراژی(٢٣٠٠) دانەلەوڵاتی لوبنان لەچاپخانەی (گرین گلۆرین)، کێشی ( ٢٥کغم)ە، شایانی باسەلێژنەی باڵا پێکهاتبوون لەبەڕێزان: د.عەبدوڵڵاعەلیاوەیی/ سەرۆک، د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن، د.ئومێد چوزەلی، فەرید ئەسەسەرد، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان. ئینسکلۆپیدیای هەولێر پێشانگای فرانکفۆرتی دەوڵەمەند و ڕەنگین کرد.
دەزگەی چاپەمەنی (هانس شیللەری) ئەڵمانی لە بەڕلین و دانەری خاوەن کتێبی (نامەکانی کوردستان، خاتوو کروسێلا پێترا)، بڕیاریان دا داوای یاسایی لە دژی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک) تۆماربکەن و داوای مافی خۆیان دەکەن، کەئەم کتێبەبەبێ مۆڵەت و ئاگاداری ئەوان وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی. بۆ ئەم مەبەستەسەردانی ستاندی کوردستانیان کرد. ئەم پەرتووکەنامەکانی ئەندازیار "بێرنارد ڤیتمان" لەنێوان ساڵانی(١٩٥٣ تا ١٩٦٣)، لە کوردستان ژیاوە، وەک ئەندازیارێک بۆ دروستکردنی ڕێگای هامیلتۆن، نامەی بۆ مندڵەکانی ناردۆتەوە ئەڵمانیا، بەپێی وەسیەتی خۆی "پێترای" کچی ساڵی (٢٠٠٨)، لەدەزگەی چاپی (هانس شیللەر) چاپی کردووە، بەبێ ئاگاداری ئەوان مەکتەبی هۆشیاری یەکێتی وەریگێڕاوەتەسەر زمانی عەرەبی. بۆیەئەوان بۆ وەرگرتنی مافی خۆیان بڕیاریاندا داوای یاسایی لەسەر مەکتەبی ناوبراو تۆمار بکەن، بۆ ئەم مەبەستەداوایان تۆمارکردبوو. لەڕێگەی سەرپەرشتیارانی ستاندی کوردستان هەواڵیان ناردبۆ لایەنی بەم کارەهەڵساوە.

*** پێشانگەی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات**

هونەرمەند "ئیسماعیل خەیات" بەپێشانگەی شێوەکاری بەشداربوو. کە (١٦) تابلۆی لەخۆگرتبوو. لە وەڵامی پرسیارێکداهونەرمەند چەند ساڵەبەشدار دەبێت و پێشانگە دەکاتەوە، بۆچوونی لەسەر پێشانگەی

پەرتووکی فرانکفۆرت بە گشتی و بەشداری کتێبی کوردی گوتی: من ئەوەسێیەم جارەدەعوەت دەکرێم و ئامادەدەبم، بۆ پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لەفرانکفۆرت، هەڵبەتەئەو بەڕێزانەی سەرپەرشتی جەناحی کتێبی کوردی دەکەن، ئەوان هەردەم دهعوەت نامەکەیان بۆ دابین کردووم، لەلایەن ئیدارەی پیشانگاکە. هەڵبەت بوونی کتێبی کوردی لەم پێشانگەیەزۆر گرینگە، تەعریفێکەبەڕۆشنبیریی و وشەی کوردی، ئەدەبیات و هونەرەکەیش. تەبعەن ئەم پێشانگەیەتەزاهرەیەکی زۆر گەورە و جیهانییەهەموو میللەتان لێرەیەک ئەبینن و کلتوور و چاپەمەنیان ئەگۆڕنەوە و بینەرێکی زۆریش دێت بۆی. منیش کەدێم وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد، فرسەتەکۆمەڵێ ئیشم پیشانداوە، منیش میوانی تایبەتی و بینەری خۆمم هەیە، بیروڕای تایبەتیان بەرامبەر ئیشەکانم هەیە، کارەکانیشم ڕووناکیەکی زیاتر دەداتەسەر جەناحی کتێبی کوردی. بەهەرحاڵ بەهیمەتی هەموومان و هەوڵدانی هەموومان دەتوانین ڕووەکی گەشی ثقافەو کلتووری کوردی دەربخەین، زۆریش گرینگەبەراستی بەردەوام کورد بەشداربێت، سبەینێ هونەرمەندێکی تر و چەند گرووپێکی تری هونەرمەند، خۆی ڕاستەپێشانگاکەتایبەتەبە کتێب، بەڵام دەکرێت شان بەشانی ئەوەهەندێ کلتوور و چالاکی بەشەکانی تری هونەر، بەهەرحاڵ لە دوایدا هەمووی سوودبەخش دەبێت، ڕووناکی باش دەداتەڕۆشنبیریی کوردی، من بەڕاستی ناتوانم ئاستی بەشداری ثقافە و ڕۆشنبیری بزانم، چونکەمن وەک هونەرمەندێکم سەربەخۆ بۆخۆم هاتووم، وەک شەخسیەتێک منیان دەعوەت کردووە، ئەکرێت تا جیناحەکەقووڵتر و چاپەمەنی بەزمانی ئینگلیزی لێ دابنرێت، ڕوونکردنەوەهەبێت لەسەر کلتووری کوردی و مێژوویی. هەڵبەتەفرسەتێکی چاکەبۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردی، بەهیوام هەموومان ئاواتی ئەوەمان هەیە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان بەشداربوونەکەی زیاتربێت، دڵنیاشم ئەو

برادەرانەتموعی ئەوەیان هەیەفراوانتر بێت، بەڵام ساڵ بەساڵ ئەوەدەردەخا تا چ ئاستێک ئەوان بەشدار بن.
"تارا بابان" کارگێڕی ناوەندی ڕێکخراوەدیموکراتییەکان لە دەرەوەوسەرپەرشتیاری ڕێکخراوەدیموکراتییەکان لەئەڵمانیا، سەبارەت بەبەشداری کتێبی کوردی بەم جۆرەدوا و گوتی: جێگای شانازییەکورد وەک هەموو میللەتانی تر لەپێشانگەیەکی ئاوا گەورەبەشداری دەکات، ئەمساڵ وەک هەموو ساڵەکانی تر بەشدارین، بەڵام بەداخەوەئەمساڵ مەجالەکەکەمترە، ژمارەی کتێبەکانیش کەمترەلەچاو ساڵانی ڕابردوو، هیوادارم لە ساڵانی داهاتوو بەهەمان شێوەبەشداربن، بەڵام بە شوێن و کتێبی باشتر و زیاتر، پێمباشەبەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هاوکاری مەکتەبی ڕێکخراوەدیموکراتییەکان، بتوانین ئەگەر هەندێ کتێب بگۆڕین بۆ زمانەکانی ئینگلیزی یا ئەڵمانی یا هەر زمانێکی تر بۆ ئەوەی خوێنەری وڵاتانی تریش ئاشنابن بە نووسین و کلتوور و ئاستی ڕۆشنبیریی کوردی، تاڕادەیەک باشەکەوەک کورد بەشداربوون، گرنگ ئەوەیە، ساڵانەبەشداربوونی کوردەلەشوێنێکی ئاوا گەورە و نێودەوڵەتیدا.
**دەزگەی چاپەمەنی میزۆپۆتامیا:** ئەم دەزگەیە کەزیاتر لە (١٥)، ساڵەبەشدار دەبێت لەم ساڵەدا بە پانتایی(٨ مەتر چوار گۆشە) شوێنیان گرتبوو، بەزیاتر لە( ٧٥) ناونیشان بەشداربوون. (٢٠) ناونیشانی نوێیان هێنابوو. لەناو کتێبەکان: فەرهەنگی کوردی/ئەڵمانی، نوێترین پەرتووکی ئۆجەلان وەک: مانیفێستۆی شارستانی دیموکراتی لەدووبەرگدا: یەکەمیان بەناوی (شارستانی) و دووەمیان بەناوی (شارستانی سەرمایەداری) لەوەرگێڕانی "لوقمان عەبدوڵڵا"، کتێبی (ئازادی گشتی) و (ڕۆژهەڵاتا ناڤین) دوو بەرهەمی تری "ئۆجەلان" بوون، ژنە نووسەری ئەڵمان "ئانیا فلاخ" ڕۆمانی (ژیانێکی تر)، بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانەماوەی دووساڵ لەناو گەریلاکانی پەکەکەلەچیاکانی کوردستاندا ژیاوە، پەرتووکی (شەڕ و خۆشەویستی) لە نووسینی

"ئوودن" کەژنێکی ئەڵمانی بوو، ماوەیەکی زۆر گەریلابووەو دواتر شەهید بوو.
وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقیش بەژمارەیهکی زۆری پەرتووک بەشداربوون. پێشانگەی فۆتۆگرافی لەلەلایەن هونەرمەندی وێنەگر و دەرهێنەر "ئیحسان ئەلجیزانی"، کەئێستا لەئەڵمانیا دەژی ئامادەکرابوو، لەژێر ناوی (ئەهواری عێراق) لەستاندی عێراق کرایەوە، بە گوتەی خۆی تا ئێستا چەندین خەڵاتی جیهانی و ئەوروپی وەرگرتووە، وێنەکان باس لەژیان و ژینگەی ئەهوارەکانی خواروی عێراق دەکەن. لە لێدوانێکدا بۆ من گوتی: من ئێستا لەبەشی عێراق ئەم پێشانگایەم کردۆتەوە، بەهیوای بیناکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی خەڵکەکەی جارێکی تر ژیان بگەڕێتەوەناو ئەهوارەکان، تا هاووڵاتیانی بیانی بتوانن‌سەفەر و سەردانی ئەم شوێنانەبکەن، ئەوەپێشاندەدەم کەڕژێمی سەدام ئەهوارەکانی وشککرد و خەڵکەکەی دەکوشت، دەمەوێ لێرەوەمعاناتی ئەم خەڵکەبە جیهان پیشان بدەم. لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: تا ئێستا چوار خەڵاتی برونزی و یەکێکی زێڕینم لە کوردستان لەلایەن سەندیکای وێنەگرانەوەوەرگرتووە.
دەزگای چاپەمەنی تورکی (کاکنووس) لەئەستەنبوول، (٣١) کتێبی پەروەردەیی بۆ منداڵانی کورد بەزمانی لاتینی چاپکردبوو. خودانی دەزگەکە"محەمەد چفتەچی" کەهیچ کوردیی نەدەزانی، کوردێکی باکوور بەناوی "نزار" فەرمانبەربوو لەوەزارەتی ڕۆشنبیریی تورکی خۆ بەخشانە لە وەرگێڕان بۆ ناساندنی بە کوردانی بەشداربووی پێشانگە یارمەتی دەدا، "محەمەد" گوتی: من دەخوازم ئەو پەرتوکانەببەم بۆ کوردستانی باشوور بیانفرۆشم بە پەرتووکخانەکانی وێندەر، تا منداڵانی کورد سوودمەند بن. سەرجەم بەرهەمەکان لە زمانی فرەنسی و زمانەکانی تری بیانی وەرگێڕدراون. دوایی دیداری لەگەڵ بەرێز "شاکر ئەبوبەکر" بەڕێوەبەری گشتی چاپی کوردستان کرد، دیارکەوت، کەنرخی کتێبەکان گرانەلەگەڵ نرخی بازاڕەکانی کوردستان جیاوازی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێزیان گوتی:" ئێمەدەتوانین چەند

ژمارەیەکی بکڕین، بەڵام نەک بەم قەبارەیەی، کە"محەمەد" دەخوازێت، چونکەبەڕاستی نرخەکانی گرانن لای ئێمەزۆر لەوەهەرزانترە.

**گلە و گازاندە:**

من ماوەی ئەم چەند ساڵەیئامادەی پیشانگە دەبووم، زۆر جار خەڵکم بینیوەگلەییان لەکاربەدەستانی هەرێم کردووە، ئەم جارەیان "د.شەوقی سالم"- سەرۆکی (مرکز الاسکندریه للوسائط الثقافیه والمکتبات)م بینی، بەمەبەستی ئیدارەی کتێبخانەکان قسەی لەگەڵ یەکێک لە وەزیرەکانی کوردستان کردووە،چەندین جار پەیوەندیشی کردووەبە ئیمێل و تەلەفۆن بەڵام هیچ وەڵامی نەبووە. منیش لێرەوەداوادەکەم ئەگەر پێویستیتان هەیەبەم بوارەیەتکایەبا وەزیری پەیوەندیدار پەیوەندی بە"د.شەوقی"یەوە بکات.

من وای نابینم تا ئێستا لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا لەئاستی پێویستدا بووبێت، تەنها بوونی کتێبی کوردیی بوە و بەس، ئەوەی مەبەستی سەرەکی بووەنەهاتۆتەدی، بێ بەرنامەیی لە هەر پرۆژەیەکدا بێت بێ ئەنجام و کرچوکاڵ دەبێت. هەندێ خە ڵک وای دەبینن تەنها وەک سەفەری گەشتیاری دەرەوەی وڵات بەشداری بکەن و مشەخۆرانیش لەڕووی مادییەوەسوودمەندبن. ئەوەپرۆژەیەکی کلتووریی مەزنە، بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی سوودی هەیە،بەڵام بزانرێ چۆن سوودەکەوەردەگریت، ئەوەبۆ خۆپیشاندان و پارەسەرفکردن و سەفەرکردن نییە، وردبینی، وردبینی، وردبینی، بەرنامە، بەرنامە، بەرنامە، ئەنجامی باش دەدەن بەدەستەوە.

لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/١٠/٩)دا، بەرهەڵستکارانی ئێرانی بۆ مەبەستی پرۆتستۆکردنی تاوانەکانی ڕژێمی ئێران بەرامبەر بەپێشیلکاری مافەکانی مرۆڤی ئەم وڵاتە، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیان بەرامبەر دەزگای کتێبی نەتەوەیی ئێرانی ئەنجامدا. ئەمەش وایکرد سەرجەم میدیاکانی جیهان ئەم ڕووداوەبگوازنەوە.

**فۆتۆ: یووسف مەنتک**


ستافی ستاندی کوردستان – وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان


Intern
Caf
حلیم یووسف
شاکر ئەبوبەکر
سۆران بابە



ستافی ستاندی کوردستان - وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان



ئینسکلۆپیدیای هەولێر - لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت

## * ٦٣هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت-(١٢ تا ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١)-

**میوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی ئایسلەندا**

بە بەشداری نێزیکەی (٧٤٠٠) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە، لە (١١٠) وڵاتی جیهان، (٤٠٠،٠٠٠) ناونیشانی کتێب، سەردانی (٢٨٠٠٠٠) میوان، لە پانتایی (١٧٠،٠٠٠ مەتر چوارگۆشە) بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت بەردەوام بوو.

وڵاتی میوان ئایسلەندا، وەک هەر ساڵانی تر لە هۆلی پاڤلیۆن بۆ ماوەی هەر پێنج ڕۆژ چالاکی کلتووری و ئەدەبی پێشکەش بە میوانان کرد، وەک: فلیمی دیکۆمێنتاری، کلتووری خوێندنەوە لە ولاتی ئایسلاند، شانۆگەری، سیمینار. بە ئامادەبوونی (٤٠) نووسەری ئەم وڵاتە، بەشداری (٩١٦) ناونیشانی کتێب لەلایەن (٢٦٠) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئایسلەندی بەرهەم هاتبوو. هەروەها (٢٣٠) ناونیشانی کتێبی ئایسلەندی لەلایەن (١١١) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی ئەڵمانی، لە ڕۆژانی پێشانگەدا پێشاندران.

**کردنەوەی کۆنفرانسی چاپەمەنییەکان:**

لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١)-لە کاتژمێر (١١ تا ١٢)ی نیوەڕۆ بەردەوام بوو، بە ئامادەبوونی:

١- یورگن بۆس: بەڕێوەبەری پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت.

٢- پرۆفیسۆر دکتۆر.گۆتفرید هۆنەفێلدەر: سەرۆکی ڕێکخراوی بۆرسەی بازرگانی کتێبی ئەڵمانی.

٣- پیتەر شڤارتزن باوەر:-ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای ئۆتۆمۆبیێلی ئاودی. هەریەک لەم بەڕێزانە وتاریان پێشکەشکرد.

ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگە:
لە هەمان ڕۆژدا کاتژمێر-(.. :١٧)ی- ئێوارە بەڕێوەچوو بە ئامادەبوونی:
١- یورگن بۆس: بەڕێوەبەری پێشانگە.
٢- پ . د. گۆتفرید هۆنەفێڵدەر: سەرۆکی ڕێکخراوی بۆرسەی بازرگانی کتێبی ئەڵمانی.
٣- د. پێترا ڕۆت: سەرۆکی شارەوانی فرانکفۆرت.
٤- یورگ ئوڤی: جێگری سەرۆکی هەرێمی هێسن.
٥- ئارنالدور ئەندریاسۆن و گورون ئێڤامینەر ڤودۆتەر: نووسەرانی ئایسلەندی
٦- د. گویدۆ ڤێستەڤێلە: وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا.
٧- ئولافور ڕاگنار: سەرۆکی ولاتی ئایسلاند.

بەشداری کورد:
لەم ساڵدا چەندین دەزگەی تری کوردی بەشداربوون وەک:
١- وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرلین.
٢- ستاندی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامیا، هاوکات چەندین سیمیناریان پێشکەشکرد:
آ- ململانێی تورکی-و کوردی لە فۆکسدا، لەلایەن: مزەفەر ئەیاد، هاڵوک گەرگەر، ڕەقیب زاراک ئۆغلو، بە زمانی تورکی.
ب- زمانی دایکی کوردی لە مافەکانی بێبەش دەکرێ و جینۆساید دەکرێ، سیاسەتی تواندنەوەی زمانی کوردی لەناو زمانی تورکییدا پەیڕەو دەکرێ، د. فەیلەسووف تۆڤی سکوتناب، بە زمانی ئینگلیزی.

٣– دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی/ ئەڵمانی–لە مانهایم، میوانداری گۆڤاری کوردستان٢١–یان کردبوو.
٤– دەزگای هێڤی گروپ – ڕادیۆی کوردی (Kurd FM ) – دەزگای ڕووداو، ڕۆژنامەی ڕووداوی تاراوگە لەیەک ستاندا.
لەگەڵ مامۆستا "مومتاز حەیدەری" لە ڕۆژانی پێشانگەدا چەندین ستاندی بەشداربوومان بەسەرکردنەوە وەک: وڵاتانی: قەتەر،– کوێت،– ئەبو ظبی، سعوودییە، کەناڵی تەلەفزیۆنی جەزیرە، ستاندی دەزگەکانی ئەڵمانی کەناڵی تەلەفزیۆنی (ZDF)، بەشی وڵاتی میوان ئایسلەندا هۆلی پاڤلیۆن، ستاندە کوردییەکانی وەک: میزۆپۆتامیا، هێڤی گرووپ، ڕووداو.
گرنگی پێشانگەی کتێب بۆ کورد، پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت بەنموونە: بەر لەداهێنانی ئامێری چاپ، لەلایەن "گوتنبێرگی" ئەڵمانی ، کتێب زیاتر خانەدانەکان دەیانتوانی هەیان بێت، ئەوەی‌ش بەهۆی جیاوازی پێگەی کۆمەڵایەتی و توانای دارایی و دەسەڵاتیانەوەبوو. کتێبیان بە ڕادان دەدا، یان بۆیان دروستدەکرا، بەڵام دوای ئەوەی "گۆتنبێرگ" ئەم خزمەتەی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، لەنیوەی سەدەی پانزەهەم، چەند ساڵێک دواتر یەکەم پێشانگای کتێب لەفرانکفۆرتی ئەڵمانیا کرایەوە. ئەوەیش بووەهۆی ئەوەی بایەخ و گرینگی پێبدرێت، بۆیەفرانکفۆرت بوو بە یەکەم سەنتەری پێشانگەی کتێب لەئەورووپا، تا ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم بەردەوام بوو. لەبەر بارودۆخی سیاسی و کلتووریی ئەو سەردەم پێشانگاکەگوێزرایەوەبۆ شاری (لایبزیک)، ئێستاش ئەم پێشانگایەهەر بەردەوامە.ئاستێکی نێودەوڵەتی باشی هەیە، بەڵام دوای جەنگی دووەمی جیهانی، جارێکی تر پێشانگەی کتێب لەفرانکفۆرت کرایەوە. ئەوەبوو لە (١٨ تا ٢٣ی ئەیلولی ١٩٤٩) یەکەم پێشانگەی کتێبلەفرانکفۆرت لەکلێسای پاوڵ کرایەوە. لەبەرئەوەی یەکەم جار ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی گەلی ئەڵمانی لەساڵی (١٨٤٨) لەم کلێسایەداکۆبۆوە، بەڵام لەساڵی (١٩٥٠)دا بۆ یەکەم

جار دەزگە چاپەمەنییەبیانییەکان بەشداری پێشانگەی فرانکفۆرتیان کرد و لەم ساڵەشەوە خەڵاتی ئاشتی ڕێکخراوی بۆرسەی بازرگانی کتێبی ئەڵمانی لە هەمان کلێسەی پاوڵ ساڵانە بە کەسێکی دیاریکراو دەبەخشرێت.
ئەوەبوو ساڵ بە ساڵ ئەم پێشانگەیەفراوانتربوو، گرینگی پێدرا و ێنەیەکی نێودەوڵەتی وەرگرت. ئێستا جگەلەپێشانگەی فرانکفۆرتی نێودەوڵەتی دەیان پێشانگەی تری کتێبی نێودەوڵەتی لە سەرتاسەری جیهان دەکرێنەوە. ساڵانەزیاتر لەسەد وڵات و سەدان کۆمپانیای هەمەجۆری بەرهەمهێنی چاپەمەنی و ڕێکخراو و زانکۆ جیهانییەکان بەشداری دەکەن. ئەم بەشداریکردنەبایەخی هەرە گرینگی بەمەبەستی، بازرگانی و سیاسی و کلتوورییە، ساڵانەسەدان گرێبەستی بازرگانی کڕین و فرۆشتنی کتێب و چاپەمەنی و بەرهەمی کۆمپانیاکان لەم پێشانگەیەئەنجام دەرێت. وەک نەریتێک ساڵانەوڵاتێک داوەت دەکرێت وەک میوانی شەرەفی پێشانگەی فرانکفۆرت، ئەم وڵاتەش زۆرترین دەزگای چاپەمەنی و بەرهەمەکانی وڵاتی خۆی بۆ زۆرێک لە زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، فرەنسی و زمانی تری بیانی وەردەگێڕێ و پێشانی دەدات. جگەلەوەش ساڵانە( ٢٥) دەزگای چاپەمەنی لەجیهان بەپێی ئەو مەرجانەی، کەئیدارەی فرانکفۆرت داناوەداوتدەکرێن و شوێنیان پێدەرێت، ساڵی (٢٠٠٧) دەزگای خاک ئەو شەرەفەی پێ بەخشرا.

**گەندەڵی و ململانێی حیزبیی کورد لەپێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت:**
زۆر بەداخەوە، لەکاتێکدا وڵاتان و دەزگە چاپەمەنییەجیهانییەکان بۆ ئەم ئامانجی سیاس و کلتووری و ئابووری بەشداریدەکەن، بەڵام بەشداری وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی کوردستان بەدەر نییەلەو هەموو گەندەڵییەی، کە کراوەتا ئێستا ولەو ململانێحیزبییەی پەنجا بەپەنجایەیهەردوو پارتی باڵادەست بە درێژایی حوکمرانی خۆیان پیادەی دەکەن. ڕێک هەمان وێنەیان گواستۆتەوە بۆ ناو ستاندی

کوردی لەپێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت، تا ئێستا (شەش) جار وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەشداربووە، جارێکیشیان یەکێتی نیشتمانی لەڕێگەی ڕێکخراوەکانەوەبەشداربوون لەسەر حیسابی بودجەی خەڵکی کوردستان، دیارەسەرەتای بەشداربوونەکەلەلایەن هەندێ کەس و لایەن بۆ بەرژەوەندی حیزبی و کەسی قۆسترایەوە، هەر بۆیەش هیچ کام لەئامانجەکانی خۆی وەدەست نەهێنا . دوور لەوەی کەسانی تایبەتمەند بە بوارەکەبەشداری بکەن، کەسانێک ئەو هەلەیان بۆ سەفەرکردن و تاککرەویی و بەکاربردن لەڕاگەیاندنەکان وسوودمەندبوون لە سەرمایەی خەرجی پێشەنگاکە، لەکاتێکدا بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەند هەیەبەم بوارە، هیوادارم چیتر ئەم دۆخەوا درێژەنەکێشێ.

**فۆتۆ: یووسف مەنتک**




ستاندی میزۆپۆتامیا


Rûdaw
یووسف مەلّتك
مستەفا چوارتایی
هێمن عەبدوللا


Rûdaw
بە aboneyê Rûdaw
جان دۆست
حەلیم یووسف
ستاندی روداو

## *٦٤هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت (١٠ تا ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢)

**میوانی شەرەفی ساڵ: نیوزیلاند**

بە بەشداری (٧٣٠٠ ) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، نێزیکەی لە سەرووی (١٠٠) وڵاتانی جیهان، (٣٠٠٠) سیمینار، ئامادەبوونی (١٠،٠٠٠) ڕۆژنامەنووس. لە ماوەی پێنج ڕۆژی پێشانگەدا (٢٨١،٧٥٣) میوان سەردانیان کردووە. پێشانگەی کتیب سەرکەوتووانە کارەکانی بەڕێوەچوو. نوێترین شتێک لەم ساڵدا بەشداری هەبوو نوێترین یاری دیجیتاڵی نیتێندۆی مندالان بوو. زۆرتر لە چاو ساڵانی پێشوو کتێب و میدیای ئەلیکترۆنی جێی خۆیان گرتبوو. وڵاتی نیوزیلاند بە (٨٠) نووسەر، (٦٩) هونەرمەند، (٤٢٠) سیمینار، (٥٠٠) ناونیشانی کتێب، بەرهەمی (١٨٥) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم وڵاتە بەشداربوو. لە ماوەی ڕۆژانی پێشانگە بە چەندین چالاکی هەمەجۆری وەک: خوێندنەوە، گفتووگۆ، فلیم، مۆسیقا، نمایش، بەشداریانکرد. (٢٠٠) بەرهەمی چاپکراوی نیوزلەندی، لەلایەن (١٠٤) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی ئەڵمانی، لەماوەی هەر پێنج ڕۆژی پێشانگەدا، زیاتر لە (٩٠،٠٠٠) میوان سەردانی هۆڵی پاڤلیۆن تایبەت بە میوانی شەرەفی ساڵ کردبوو، کە شوێنی چالاکی کلتووری و هونەری و ئەدەبییەکانی وڵاتی میوان بوو.

**بەشداری کورد:**

١- وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرلین.
٢- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامیا.
٣- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.

٤- دەزگەی (K21)، گۆڤاری کوردستان بیستویەک و گۆڤاری لەیلا قاسم و لەیلا زانا.
٥- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی تێنووس بۆ جوگرافیاناسی.
٦- هێڤی گرووپ- کوردەواری & ڕادیۆی (fm KURD) فلۆرسهایم ئەڵمانیا.
٧- دەزگەی ڕووداو میدیا Gmbh) - کۆڵن).
٨- دەزگەی تەفسیر، شوێنی گرتبوو بەڵام ڤیزایان پێنەدان، نەیانتوانی بەشدار بن، شوێنەکەیان بە بەتاڵی مایەوە.
بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیریی"کاوە مەحموود"، میوانداریکردنی وەزیری پێشووی ڕۆشنبیریی "فەتاح زاخۆیی"، شاندی وەزراەت و نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە بەرلین. نوێنەرایەتی دەزگەکانی بەشدار بوو، دەیان نووسەر و کەسایەتی و ڕۆژنامەنووسی کورد. بەشداری لە کار و چالاکییەکانی پێشانگە و سەردانی ستاندەکانی تری وڵاتان و پێشکەشکردنی چەندین سیمینار لەسەر زمان و کلتووری کوردی بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و تورکی و کوردی.

**پێشانگەی هونەری:**

پێشانگەی هونەری هاوبەشی بەناوی (گەشتی پەرتووکە بێنازەکان) بۆ هونەرمەند "تەها سالّح" و خۆشنووس-"بەها کەریم"، "فاروق میرزا" لەناو ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کراویەوە، بۆ ماوەی هەر پێنج ڕۆژی پێشانگە بەردەوام بوو، بەرهەمەکان هونەری ڕەنگ و نەخشەسازی کتێب، کتێب بە شێوازێکی هونەری ڕەنگکراو پیشاندرابوو.

**سیمینارە کوردییەکان:**

١. لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/١٠/١٣) ڕۆژی شەممە کات (١٠تا ١١ی بەیانی) لە دیالۆگفۆرم، ستاندی هێڤی گرووپ، سیمینارێکی ڕێکخستبوو بە ناوی

(زمان و شیعری کوردی و گرفتەکانی وەرگێڕان) بۆ ڕۆماننوسی کورد-"حەلیم یووسف" و بەشداری چەند هاوکارێکی تر.
٢. لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/١٠/١٤) کات (١٠ی سەرلەبەیانی) لە دیالۆگفۆرم دەزگەی میدیایی ڕووداو دوو سیمیناری بۆ "د.هەنە لۆرە کوشلەر" و "پ.جەمال نەبەز" ڕێکخست، "د.هەنە" لە سیمینارەکەیدا باسی کتێبەکەی کرد بەناوی: کوردستان وڵاتێکی بەبارمتەگیراو. "پ.جەمال نەبەز" لە سیمینارەکەیدا باسی: هەلومەرجەکانی سەربەخۆیی کوردستانی کرد. مەبەست لێی ئەو هەلومەرجانە چین، کە بوونیان پێویستە بۆ ئەوەی کوردستان بگاتە سەربەخۆیی.
٣. لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/١٠/١٤) کات دووی دوای نیوەڕۆ، لەناو ستاندی وەزارەت، شانۆکار "هاوڕێ زەنگەنە" قسەی لەسەر پێشانگەی هونەری گەشتی پەرتووکە بێنازەکان کرد. کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ لە دیالۆگفۆڕم، وەزیری ڕۆشنبیریی "کاوە مەحموود"، بە زمانی ئینگلیزی سیمینارێکی بەناوی (قسەکردن لەسەر چالاکوانانی کورد) کرد، بەڕێوەبردنی کۆڕ "شاخ زەنگەنە" بوو.
**فۆتۆ: یووسف مەنتک**








Dialog
FRANKFURTER
BUCHMESSE
ستافی کوردستان

## * ٦٥هەمین پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت (٩ تا ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣)

**میوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی بەرازیل**

٦٥هەمین پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت کرایەوە، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ، پڕ لە چالاکی کلتووری هەمەجۆر، بە بەشداری (٧١٠٠) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە (١٠٠) وڵاتی جیهان، لەچاو ساڵانی ڕابردوو کەمتر بەشداری هەبوو، بە ئامادەبوونی (١٥٠٠) نووسەر و (١٠،٠٠٠) ڕۆژنامەنووس لە تەواوی جیهان، پێشکەشکردنی نزیکەی (٣١٠٠) سیمینار، لە ماوەی هەر پێنج ڕۆژدا (٢٨٠،٠٠٠) میوان سەردانیان کردووە.

وڵاتی بەرازیل وەک میوانی شەرەفی ساڵ لەژێر دروشیمی (وڵاتیک پڕ لە دەنگ) بەشداربوو، لە هۆلی پاڤلیۆنی بەرهەم و چالاکییەکانی بەرازیل بۆ ماوەی هەر پێنج ڕۆژ پێشاندرا. دیکۆری ناو هۆڵەکە بە کارتۆن و کاغەز کتێبخانە دروستکرابوو، دیمەنەکەی تەواوی میوانەکانی سەرسام کردبوو. بەرهەم و چالاکییە بەشداربووەکانی بەرازیل: (٣١٥) ناونیشانی نوێی کتیب، (١١٧) ناونیشانی پڕ لە خوێنەرترین و سەرنجڕاکێشترین کتێب. داوەتکردنی (٧٠) نووسەری بەرازیلی، پێشکەشکردنی (١٥٠) سیمینار، (١٠٦٠) کتێبی چاپکراوی بەرازیلی لە هەموو بوارە جیاجیاکان. لەلایەن (٣٠٩) دەزگەی چاپی (٢٤) وڵات وەرگێڕدرابوونە سەر زمانەکانی تر. (١٣٠) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی بەشداری ئەم پڕۆژەیەیان کردبوو. چالاکییەکانی وەک: سیمینار،-گفتووگۆ،-فلیم،-خوێندنەوە، مۆسیقا لە هۆلی پاڤلیۆن پێشکەشکران.

وەزیری کلتووری بەرازیل گوتی: بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی بەرازیلی بۆ زمانەکانی تری جیهان، بەرێککەوتن لەگەڵ دەزگەی کتێبی جیهانی، لە ساڵی (٢٠١١ تا ٢٠٢٠) بڕی (٧،٠٠٠،٦١٥) دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.

"پاولۆ کۆیلۆ" گەورە نووسەری بەڕازیلی، لە ڕاگەیندراوێکدا گوتی: من بۆچی ئامادەی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت نەبووم؟، بەهۆی هەڵبژاردنی نووسەران لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، لەهەموو ئەو نووسەرانەی دیاریکراون، من تەنها (٢٠)یان دەناسم، نووسەرە گەنجەکان بەشداری پێنەکراون و بایەخیان پێنەدراوە، من وای دەبینم ئەو هەڵبژاردنە هەمووی برادەر و برادەری و برادەرەکانن، بەرژەوەندی ئابوورییە.

**بەشداری کورد:**

١- وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکخەری کارەکانیان لە ئەڵمانیا بە هاوکاری نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرلین.

٢- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامیای نێزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە. زیاتر لە پانزە ناونیشانی نوێی کتێب، کتێبەکانی "عەبدوڵلا ئۆجەلان"، "ئەحمەدی خانی"، "مەلای جزیری"، "محەمەد ئوزون" و "محەمەد بەیراق" و چەندین ناونیشانی تر نمایش کردبوو.

٣- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، دەزگەی تێنووس بۆ جوگرافیاناسی کوردستان.

٤- پارێزگاری هەولێر بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار، بە بەشداری نوێنەرایەتیان لەلایەن (هێڤی گرووپ) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی گەشتوگوزار، ڕێکخەری کارەکانیان لە ئەڵمانیا بە هاوکاری ڕۆژنامەنووس و نووسەری ئەم کتێبە "یووسف مەنتک".

٥- کۆمپانیای وشە (بزووتنەوەی گۆڕان)، ڕێکخەری کارەکانیان لە ئەڵمانیا بە هاوکاری "میران ساڵح میرئاودەلی".

ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەرهەمی چەندین دەزگەی چاپەمەنییە ئەهلییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەوزارەت و سیدی فێربوونی ئەلفوبێی کورد بۆ منداڵانی کوردی لەخۆگرتبوو. شاندەکەی وەزارەت لە

بەڕێوەبەرانی وەزارەت و چەندین نووسەر و کەسایەتی پێکهاتبوون: کاکە مەم بۆتانی، هەڵگورد عەبدوەلوەهاب، موحسین ئۆسمان، محەمەد کوردۆ، سیروان عوسمان، لیۆژە جەلال، سەمیر ڕەسول...تاد.
بەشداری چاپەمەنییەکانی-بنکەی لالشی ئێزیدیاتی بە نوێنەرایەتی "شەمۆ قاسم" لەژێر چەتری ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، پانتاییەکی فراوانی بەرکەوتبوو. ژمارەیەکی بەرچاو ناونیشانی کتێب لەبارەی جینۆسایدی کوردستان، بە زمانەکانی ئینگلیزی، ئەلمانی، عەرەبی،- کوردی هەبوو. ئامادەبوونی نووسەرەکانیان: د.سالار باسیرە لە ئەلمانیاو، هەردوو نووسەری "محەمەد حەمەسالح تۆفیق و "تەها بابان"، هاوکات ئەندامی شاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان بوون.
لە ستاندی کۆمپانیای (وشە) پێشانگەی ڕۆژنامەگەری کوردی کرایەوە، ژمارەیەک ناونیشانی دانسقەی سەرەتاکانی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی: کوردستان،-ڕۆژی کورد، ژین، هیڤی، بانگی کورد،- نیشتمان، هاوار...تاد و چەندین ناونیشانی نوێی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دووبارە چاپکراوە. کتێبەکانی "نەوشیروان مستەفا" و چەندین ناونیشانی تری نوێی بەرهەمی کۆمپانیای لە خۆگرتبوو.. ئامادەبوونی "د.مەریوان وریا قانیع" لە هۆلەنداوە،- هونەرمەندی گۆزەکار و میناتۆر "محەمەد حەمەسعید" لە ئەڵمانیاوە. شاندی کۆمپانیای (وشە) لە کوردستانەوە بەڕێزان: جەماوەرئەحمەد ڕەشید،- د.محەمەد عەلی، ئاراس...تاد.
ستاندی دەزگەی بەدرخان و تێنووس، ژمارەیەک ناونیشانی نوێی کتێب و نەخشەی کوردستان و ئەتڵەسی کوردستان و کتێبەکەی "د.هەنە لۆرە کویشلەر" بەناوی (کوردستان وڵاتێکی بەبارمتە گیراو) نمایش کردبوو. هاوکات دەزگەی بەدرخان خەڵاتی "د.کەمال فوئاد"ی بەخشی بە "محەمەد حەمەسالح تۆفیق" و ڕۆماننووس "حیسام بەرزنجی" و ڕۆژنامەنووس "دلزار حەسەن" و- ڕۆژنامەنووس "یووسف مەنتک".

چەند ستاندێکی وڵاتانی عەرەبی وەک : دەزگەی گەیلانی لنگواینی عەرەبی، دەزگەی چاپی سەحرا،-ڕیاز لە عەرەبستانی سعوودی.
ستاندی پارێزگاری هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار، بەرهەمی چاپکراوەکانی دەزگەی هێڤی گرووپ- بۆ گەشتوگوزار-و ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ئەلبوومی وێنەداری هەولێر، ڕێبەری پایتەخت و سیدی شوێنەوارە ئایینی و گەشتیارییەکانی کوردستان، لەگەڵ چەندین کارت و پرۆشول و نەخشەی تایبەت بە گەشتوگووزار.
خەڵاتی ستاندی پارێزگای هەولێر بەخشرا بەم بەڕێزانە: نوسینگەی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرلین، د.مەریوان وریا قانیع،- شاخ زەنگەنە،- دەشتی حەمەڕەش، سەرهەد غفووری، سەگڤان بادینی جێگری قونسووڵی عێراق لە فرانکفۆرت،- ڕۆژنامەنووس یووسف مەنتک.
بە دەیان کەسایەتی و نووسەر لە تەواوی ئەڵمانیاوە سەردانی ستاندەکانی کوردیان کرد: "بەهائەددین دۆغان" ئەندامی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ناڤەندی سەر بە پەکەکە،-"هەنارە قادری" شاعیر، "د.جەمال نەبەز"،-"هەنە لۆرە کویشلەر"، "د.جەزا چنگیانی"، "حەمەمینە گەلاڵی"، "د.شوان محەمەد عومەر"،-"دلێر جەمیل"، بەرپرسانی ڕێکخستنە کوردییەکان لە ئەڵمانیا "دلێر سەیدا" "ئەدیب شەعبان" "کۆرنێلا هێلە" بەرپرسی بەشی ئاسیای پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت، نووسەری ئەڵمان "هێرمان نایدهارت" خاوەنی کتێبی (سەفەرنامە بۆ کوردستان)، چەندین ڕۆژنامەنووس و نووسەر و نوێنەری ستاندەکانی تری بیانی سەردانی ستاندەکانی کوردستانیان دەکرد و خۆشحاڵی و ڕابۆچۆنی خۆیان دەردەبڕی. بە بەشداری چاپەمەنی کوردی لەم کەرنەڤاڵە نێودەوڵەتیەی کتێب و کلتوورییە جیهانییەدا .

**سیمینارەکان:**

١- لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١٠/١٢، کات ١١:٤٥) ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی سیمینارێکی سازکرد، بۆ هەردوو بەڕێزان پسپۆرانی جینۆساید: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق و مافناس تەها بابان، بە ناوی (جینۆسایدی گەلی کورد) لە دیالۆگفۆرم، بەڕێوەبردنی "شاخ زەنگەنە" بە زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، کوردی.

٢- لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١٠/١٢، کات ٣٠: ١٣ دوای نیوەڕۆ) ڕەوەندی‌کوردی‌لەئەڵمانیا کۆڕێکیان بۆ- "د.مەریوان وریا قانیع"- سازکرد، لە هۆڵی ستراکتوری پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی لەفرانکفۆرت، بەڕێوەبردنی سیمینار لەلایەن "میران ساڵح میرئاودەلی" بوو، بەناوی (نەتەوە و کتێب.... تاکەکەس و کتێب) ژمارەیەکی بەرچاو لەکوردانی تاراوگە و میوانانی پێشانگە ئامادەبوون، "د.مەریوان قانیع" باسی لەدیاردەی دروستبوونی نەتەوە و تاکەکەس کرد، لەکۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا و هەروەها لەدرێژەی باسەکەدا ئاماژەی بەوەدا هەم نەتەوەو هەم تاکەکەس لەسێ دەزگای سەرەکییدا دروست دەکرێن، لە(چاپخانە، قوتابخانەو سوپا). دواتریش باسی لەکێشەی پارچەپارچەبوونی نەتەوەیی و نائامادەگی چوارچێوەنیشتمانییەکانی کرد. لەقۆناغی‌ئێستای‌ئەزموونی سیاسی باشووری کوردستان. لە کۆتایی سیمینارەکەدا، دەرگەی گفتووگۆ بۆ ئامادەبووان کرایەوە، دیالۆگێکی گەرموگوڕ دروست بوو، گفتوگۆکان زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند.

**دووپەناڵی گرنگ و سەرنجراکێش میوانێکی زۆر ئامادەی بوون:**

١- لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١٠/١٢، کات٣٠ :٩-بەیانی) ئەنیستیتوتی (فرانشیاز) پەناڵێکی بۆ هەردوو نووسەر: بوالم سانسال-و یانا تیللەر لە هۆڵی دیالۆگفۆرم بەناوی (نووسەر لە پێناوی ئاشتییدا) سازکرد.

بەڕێوەبردنی پەناڵ مارتین شوڵد، بە زمانەکانی: ئینگلیزی، ئەڵمانی، فرەنسی. ئەوەی شایانی گوتنە نووسەر "بواڵم سانساڵ"ی جەزائیری، لە ساڵی (٢٠١١)دا-خەڵاتی ئاشتیی کۆمەڵەی بازرگانی کتێبی ئەڵمانی پێبەخشرا.

٢- پەناڵێک لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١٠/١٣، کات-١٠:٣٠ی بەیانی) بەناوی دیداری لێژنەی دادوەری لاوانی ڕاگەیاندن لەگەڵ "کارڵ نیکسۆن" بە زمانی ئینگلیزی-و ئەڵمانی بەڕێوەچوو، بەشێکی زۆر لە لاوانی ئەفریقی و ئەڵمانی بەشداریان کردبوو. ئەم پەناڵە لەلایەن پەرتووکخانەی شاری فرانکفۆرت سازکرابوو.

**فۆتۆ: یووسف مەنتک**











کچانی کورد لەستاندی کوردستان


سمیناری مەریوان وریا قانع


ستافی کوردستان


ستاندی کوردستان
Wusha
KNN
D 117
Foto-Yousef Mantk


Riyadh
وشیار خۆشناو دەزگای تینووس

## * ٦٦هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت (٨ تا ١٢/١٠/-٢٠١٤)

**میوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی فینلاند.-**
بە بەشداری (٧٢٧٥) دەزگەی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە لە (١١١) وڵاتی جیهان بە بەرهەمەکانیان بەشداربوون. بە ئامادەبوونی نزیکەی (١٠،٠٠٠) ڕۆژنامەنووس، لە ماوەی ڕۆژانی کردنەوەی پێشانگەدا (٣٧٠٠) سیمینار و نمایش و وۆرکشۆپ ئەنجام دران. نزیکەی (٣٠٠،٠٠٠) هەزار میوان سەردانیان کردووە، هەروەها لەم ساڵەدا بەشداری کتێبی وەرگێڕدراو نزیکەی بە (٩٥٠) ناونیشان، کە بەرهەمی (٢٤٥) دەزگەی چاپەمەنی (٣٥) وڵات بوو.
بەشداری وڵاتی فینلاند بە بەرهەمی (٣٧) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئامادەبوونی (٦٠) نووسەر، پێشکەشکردنی (٦٠٠) سیمینار و چالاکی کلتووری جۆربەجۆر: خوێندنەوە، پێشانگە، مۆسیقا، نمایش، دانس و سەما، فلیم. هەروەها (٢١٥) ناونیشانی کتێبی فینلاندی، لەلایەن (٦٠) دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی ئەڵمانی. ئەو پرۆگرامە وەک نەریتێک ساڵانە لەلایەن دەزگە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانی بۆ وڵاتی میوانی شەرەفی ساڵ ئامادەکاری بۆ دەکرێت.
پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت، دەرفەتێکی باشە بۆ کاری ئابووری و کلتووری و سیاسی. سوودمەندبوون لە نوێترین شێوەی دیزایین و چاپکردنی کتێب. لە ڕۆژانی پێشانگە گرێبەست لەنێوان بازرگانانی کتێب و دەزگاکانی چاپەمەنی کتێب دەبەسترێت. پێوەندی دۆستانە و بازرگانیی نوێ بوونی دەبێت، ئاڵوگۆڕی کلتووری و بیری نوێ گەشەی دەبێت.

**ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگە:**

ڕۆژی سێشەممە-(٢٠١٤/١٠/٧) بە ئامادەبوونی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا خاتوو "مێرکل ئەنجل" و بەرپرسانی حکوومەتی ئەڵمانی، پارێزگاریشاری فرانکفۆرت و سەرۆکی هەرێمی هێسن، سەرۆککۆماری فینلاند "ساولی نینیست" و وەزیری ڕۆشنبیریی و نووسەری بەناوبانگی فینلاندی خاتوو"سوفی ئۆکسانێن"، نوێنەری وڵاتان و دەزگە چاپەمەنییەکانی بەشداربوو ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان، ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگە بەرێوەچوو.

**بەشداری کورد:**

١- بەشداری وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاریکاری (د.سەروەر عەبدوڵڵا و بەڕێوەبردنی ستاند و هاوکاری گرووپێک لە ڕەوەندی کوردی لە ئەڵمانیا).

وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان "خالید دۆسکی" لە ماوەی پێنج ڕۆژی پێشانگەدا ئامادەبوو. لەگەڵ شاندی یاوەری بە هاوکاری ستافی ستاند بەشداری بەشێکی بەرچاوی چالاکییەکانی پێشانگەی کرد. زۆرێک لە ستاندە بەشدارەکانی وڵاتانی دیکەی بەسەر کردەوە. پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئەنجامدان. هاوکات بەشێکی زۆر لە بەشداربووانی پێشانگە سەردانی ستاندی کوردستانیان کرد. بەهەمان شێوە ستاندەکانی تری کوردی بەشداری کارایان هەبوو لەم کەرنەڤاڵە کولتوورییە جیهانییەدا. ڕۆژانە شاندی کوردستان بە چەند گرووپ سەردانی بەشەکانی دیکەی پێشانگەکەیان دەکرد. هاوکات ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان، نووسەران، بەشداربووانی پێشانگە و میوانان سەردانی ستاندی کوردستانیان دەکرد.

٢- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامییا نێزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە لە ئەورووپا.

٣- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و تێنووس بۆ جوگرافیاناسی لە هەولێر.
٤- هێڤی گرووپ بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی گەشتوگوزار لە هەولێر، بە بریکاری نووسەری ئەم کتێبە "یووسف مەنتک".

**ڕۆژی یەکەمی پێشانگە: (٢٠١٤/١٠/٨)**

گرووپێک لە شاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، کە پێکهاتبوون لە "نیان ئەحمەد"، نەریمان جەعفەر"، نەهرۆ عووسمان" و "عەبدولسەلام" لە دەزگەی چاپەمەنی ڕۆژهەڵات، "وریا تۆفیق" نوێنەری (ڤی گرووپ) بە یاوەری و ڕێنمایی نووسەری ئەم کتێبە، سەردانی ئەم بەشانەی بەشداربووی پێشانگەکەیان کرد: بەشی وڵاتی میوان فینلاند لە هۆڵی پاڤیلیۆن، ستاندی وڵاتی ڕووسیا، ستاندی دەزگەی چاپەمەنی میزۆپۆتامیا، کە دەزگەیەکی کوردییە لە ساڵی-(١٩٩٨)ەوە بەشدار دەبن، دەزگە چاپەمەنییەکانی ئەڵمان وەک: دەزگەی چاپی فیشەر، کە یەکێکە لە دەزگە چاپەمەنییە هەرە دیار و گرینگەکانی ئەڵمانیا، دەزگەی هوبەر، ستاندی ڕۆژنامە و دەزگەی دی تسایتی ئەڵمانی، سەردانی مۆزەخانەی گوتنبێرگ، کە کۆنترین دەزگە چاپ و ئنجیلی چاپی سەردەمی گۆتنبێرگ و نوسخەی لەبەرگیراوی نمایش کراوە و لاپەڕەی (٤٢) خەتی ئینجیلی لە ناو شوشەبەندێک نمایش کراو بۆ میوانان. دەزگەی ڤی گروپی کوردی، ستاندی تێنووس و بەدرخان. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ وەزیری ڕۆشنبیریی بە یاوەری ئەندامانی ستافی ستاندی کوردستان سەردانی دەزگە چاپەمەنییەکانی ئێرانی و ستاندی پەرتووکخانەی پەرلەمانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی دووەم (٢٠١٤/١٠/٩)

وەزیری ڕۆشنبیریی بە یاوەری لەگەڵ گرووپێکی شاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ئەندامانی ستافی ستاند (وەزیری ڕۆشنبیریی خالید

دۆسکی، ئەندام پەرلەمانی عێراق موحسین ئۆسمان، د.سەروەر عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەنووس یووسف مەنتک نووسەری ئەم کتێبە، محەمەد گەردی جێگری بەڕێوەبەری گشتی، ڕۆژنامەنووس ئەنوەر حسەین سەرۆکی دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە ئایدیا بۆ فیکر، ئاسۆ هاشم، لێوژە جەلال، سەمیر بەشی ژمێریاری) سەردانی ئەم بەشانەیان کرد: ستاندی تەلەفزیۆنی ئەڵمانی(ARD) کرد، لەم ستاندەدا سیمیناری بەردەوام پێشکەش دەکرێت بە زیندوو، سەردانی دەزگەی میزۆپۆتامیا، سەردانی چەندین دەزگەی چاپی دیکەی ئەڵمانی، ئامادە بوون لە سیمیناری ڕۆماننووسی ئەڵمانیایی بە ڕەچەڵەک کورد "شێرکۆ فەتاح" بە ناوی (دوا جێ)، کە ڕۆژنامە و دەزگەی (دی تسایت) ئامادەی کردبوو، بەر لە سیمینار بۆ کاتژمێرێک لەگەڵ ڕۆماننووس قسە و باسکرا، دواتر سیمینارەکەی پێشکەشکرد، ڕۆماننووس و پێشکەشکاری سیمینار و سەرپەرشتیاری ستاند، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و شاندی یاوەری. لە کۆتاییدا وەزیر داوەتنامەی ئاراستەی نووسەر "شێرکۆ فەتاح" بۆ کوردستان کرد.

ڕۆژی سێیەم (٢٠١٤/١٠/١٠)

وەزیری ڕۆشنبیری و شاندی یاوەری سەردانی ستاندی وڵاتی عەممانیان کرد، لەلایەن وەزیری ڕاگەیاندنی سەڵتەنەی عەمان "دکتۆر عەبدولمونعیم بن مەنسوور ئەلحەسەنی" پێشوازی کران. گفتووگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەنێوان هەردوو لاوە کرا. دەرفەتێکی باش بوو بۆ پێوەندی دۆستانە لەنێوان هەردوو وەزیردا، خۆشحاڵی خۆیان بەو سەردانە دەربڕی. هەمان ڕۆژ دوای نیوەڕۆ وەزیری ڕاگەیاندنی عەممان سەردانی ستاندی کوردستانی کردەوە. گرووپێک بە یاوەری وەزیری ڕۆشنبیریی کوردستان سەردانی بەشی مۆزەخانەی گۆتنبێرگیان کرد، کە چاپخانە کۆنەکەی لەلایەن گۆتنبێرگەوە دروستکراوە وێنەی لەبەرگیراوە، دانەیەک لە لاپەڕەی (٤٢) خەتی ئینجیل لەبەر چاوی وەزیری ڕۆشنبیریی و گرووپی یاوەری و چەندین میوانی تری بیانی

چاپكرا، ئەو لاپەڕەیە هەر كەسێك بخوازیت بە پێنج ئیرۆ وەک هاوكاری دەتوانێت ببێت بە خاوەنی، من لاپەڕەیەكم بۆ یادگاری و ئەرشیف وەرگرت. هەمان ڕۆژ دوای نیوەڕۆ، بەشێك لە ئەندامانی ستاف لەم دوو سیمینارەدا ئامادەبوون: ١. "یەفۆنە هۆف شتێتەتەر" لەبارەی كتێبێكی بە ناوی: ئەو هەمووی دەزانێت. ٢. سیمیناری "هێرتا موولەر" وەرگری خەڵاتی نۆبێل بۆ ئەدەب لە ساڵی ٢٠٠٩، لەبارەی كتێبێكی بە ناوی: وڵاتی باوكم ناوی سێو بوو.

ڕۆژی چوارەم (٢٠١٤/١٠/١١)

بەیانییەكەی خاتوو "كۆرنێلا هێلە" بەرپرسی بەشی ئاسیا لە پێشانگەی كتێبی فرانكفۆرت سەردانی ستاندی كوردستانی كرد. هاوكات ستافی ستاند (سێوی مێخەكرێژ) و (تووروەگەی كوردەواریان)، بە دیاری پێشكەش كرد. بەڕێزیان خۆشحاڵی و سوپاسی خۆی دەربڕی. نووسەرانی كورد كتێبەكانیان بۆ مێوانان واژوو كرد. نووسەرانی كورد لە ستاندی كوردستان لە پێشانگەی كتێبی نێودەوڵەتی بە جوانترین شێوە ئامادەییان هەبوو. ئەو ڕۆژە دەرفەتێكی باش بوو، بۆ دیداری نووسەرانی كورد، بەشێكیان كتێبەكانیان بۆ خوێنەران و میوانانی پێشانگە واژوو كرد. نووسەرە ئامادەبووەكان: پ.د.زرار سدیق، بورهان ئەحمەد، موحسین عووسمان، بەرزان هەستیار، هەنارە قادر، شەهاب عووسمان، خالید شەیدا، تاهیر ڕەحیم، نیان ئەحمەد، سمایل حاجی شەوكەت، ماجد نووری، حەمەڕەزا، شاهۆ تۆفیق.

ئەو نووسەرانەی كتێبەكانیان واژوو كرد بۆ خوێنەران:- بەختیار سەعید، ئازاد عەبدولواحید، د. جەزا چنگیانی، جەمال خەزنەدار، یاسین بانی خێلانی.

د. عیسام خزر مەحموود جێگری سەرۆكی یەكێتیی چاپەمەنییەكانی عێراق سەردانی ستاندی كوردستانی كرد، كتێبی زانستی دەروونی مرۆڤی كوردی بۆ ئامادەبوان واژوو كرد.

ڕۆژی پێنجەم (٢٠١٤/١٠/١٢)

**خەڵاتکردنی نووسەرانی کورد:**

خەڵاتکردنی نووسەرانی کورد لە ستاندی کوردستان لە پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت (٢٠١٤/١٠/١٢) ئەم ساڵ وەک نەریتێک بۆ ساڵانی داهاتووش، بڕیاردرا هەر ساڵە و چەند نووسەرێکی خاوەن ئەزموون، کە خزمەتیان بە نووسین و چاپەمەنی کوردی کردووە، وەک ڕێزلێنان، لەلایەن ستاندی کوردستان خەڵات بکرێن. ئەم ساڵ وەک ساڵی یەکەم هەردوو نووسەری خاوەن ئەزموون: عەبدولڕەحمان مزووری و جەمال خەزنەدار خەڵات کران.

مامۆستا "مزووری" ئامادە نەبوو، "پ.د.زرار سدیق" لەبری ئەو وەریگرت. بەڕێوەبەری چاپ "ماجد نووری" سەبارەت بە بەخشین و داهێنانی خەڵاتەکە قسەی کرد. دواتر ڕۆژنامەنووس "ئازاد عەبدولواحید" سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان) باسی ڕۆڵی "جەمال خەزنەدار"ی کرد لە بزاڤی بە ئەرشیفکردنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا. "عەبدولغەنی کاکۆ" سەبارەت بە مامۆستا "عەبدولڕەحمان مزووری" لە بارەی ژیان و خزمەتی نووسینەکانی قسەی کرد. هەروەها "د.سەروەر" باسی ڕۆڵی "عەبدولڕەحمان مزوری" کرد لە خزمەتکردنی چاپەمەنی کوردیدا. خەڵاتەکان لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری "خالید دۆسکی" پێیان بەخشرا.

**ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ولاوان خەڵاتێکی جیهانی پێ بەخشرا:**

لە پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١٠/١٢)، ستاندی کوردستانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان، خەڵاتی دیارترین دەزگەی چاپەمەنی جیهانی ، لەلایەن دەزگەی چاپی ناسراوی جیهانی- (محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتووم – میرنشینی دوبەی خەڵات کرا. بە ئامادەبوونی سەرۆکی ستاندی ناوبراو و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیریی

و گۆرانی لە گۆڤاری (بەیانی دوبەی) بەڕێز- "حسەین دەروێش" و شاندی یاوەری ، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی بەشێک لە ئەندامانی ستاندی وەزراەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، من لەجیاتی وەزیری ڕۆشنبیریی خەڵاتەکەم وەرگرت.

تورکە توندڕەوەکان ویستیان نەخشەی کوردستان بدڕێنن:

چەند تورکێک لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت هێرشیان کردە سەر ستاندی تێنووس و بەدرخان، بە نیازی دڕاندنی نەخشەی کوردستان، کە نەخشەی کوردستانیان هەڵواسیبوو، ئەوە بوو بە جاری دووەم تورکەکان پەلاماری نەخشەی کوردستان بدەن و بیدڕێنن، لە ساڵی (٢٠٠٨)یش پەلاماری نەخشەی کوردستانیان دا . بەڵام لە ساڵی (٢٠١٤)دا- ئێمە بوارمان پێ نەدان دەستیان بگات بە نەخشەی کوردستان، دوای ڕووبەڕووبوونەوەیان و هاتنی پۆلیس دوور خرانەوە. لە پێشنیوەڕۆ بەڕێز "سەدرەدین" لە ستاندی تێنووس و بەدرخان هات. گوتی: کاک یووسف وەرە بزانە ئەو پیاوانە چیان دەوێت؟ من و وریا و سۆران چووین، کاتێک گەیشتینە ستاندەکە، چەند تورکێک لە وێ بوون. دوان لەوان لەم شوێنە کاریان دەکرد. گوتیان: ئەم نەخشەیە نابێت لێرە بێت قەدەغەیە. منیش گوتم: تۆ چیت پۆلیسیت؟ کارمەندیت؟ گوتی: نا بەس ئەوە قەدەغەیە. ساڵی (٢٠٠٨)یس هەمان شەڕ ڕوویداوە لەسەر نەخشەی کوردستان. مشتوومڕ لەنێوانمان پەیدابوو. دیار بوو ئەو کەسانە بە پیلان هاتبوون بە پشتوانی گرووپ و لایەنێکی دیاریکراوی سەر بە نەتەوەی تورکە توندڕەوەکان، چونکە وێنە و فلیمی ساڵانی ڕابردوویان لابوو. ئەوەی نیازی دڕاندنی نەخشەکەی هەبوو، منیش بە کامێراکەم، دەستم بە وێنەگرتن کرد، کاتێک بینی ، یەکسەر پەلاماری کامێراکەمی دا بە دەستێک زوومی کامێراکەمی گرت. بە تورکەکانم گوت: ئێوەی تورک فاشستن، مافی ئەوەتان نییە دەست بۆ نەخشەی کوردستان ببەن و بیدڕێنن، ساڵی ڕابردووش ئەو ڕەفتارەتان کردووە.

هاوکات هەوڵی ڕزگارکردنی کامێراکەم دا. هاوڕێیانم کۆبوونەوەو هاوکاریان کردم، کە کامێراکە لە دەستی کابرا دەر بێنین "وریا عەبدوڵڵا" "سۆران یابە"، "سەدرەدین"، "وشیار" کاتێک کە بینیان هاوکارمان زۆربوون، دوو لە تورکەکان دوور کەتنەوە، یەکێکی تریان پەلاماری کورسیدا. هەمان کات ئەمنیەتی پێشانگە و پۆلیسی پێشانگە هاتن، وتەی ئێمەیان وەر گرت، تورکەکانیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ لێکۆلینەوەو وتە وەرگرتن برد.
پۆلیسەکان گوتیان: ئەگەر کامێراکەت شکاوە دەتوانی داوا تۆمار بکەیت بۆ وەرگرتنی مافی کامێراکەت، بەڵام کامێراکەم سەلامەت بوو. پۆلیسەکان گوتیان: هەر شتێک ڕوویدا ئاگادارمان بکەنەوە. پۆلیسەکان چەند ڕۆژێک پێشتریش هاتن هەمان قسەیان کرد، دیار بوو زانیاریان هەبوو، بەڵام باسی هیچیان نەکرد. دواتر ئەفسەری باڵای ئەو شوێنە هات گوتی: لە ئەڵمانیا تەنها سیمبولی نازییەکان قەدەغەیە، کەسیش بۆی نییە هێرش بکاتە سەر بیروڕای کەسێکی تر، وتی:" ئێوە دەتوانن داوا تۆمار بکەن بەڵام خۆشەبەختانە کەستان زیانی بەر نەکەوتووە".
ئێمە دوای وتووێژکردن لەگەڵ یەکتر کە بینیمان سەلامەتین و زەرەمەند نین بە پێویستمان نەزانی داوا تۆمار بکەین، داوا تۆمارکردن بێ زیان بێت هیچ دەستکەوتێکی وای نابێت، هاوکات لەبەر میوانەکانی کوردستانیش تووشی بێنە و بەردەیەکی زۆر دەبوون. تا کۆتایی پشانگە پۆلیس بۆ سەلامەتی شوێنەکە چاودێریان دەکرد. ئەم ڕووداوە لە زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەنگی دایەوە، کەناڵی ڕاگەیاندنی ڕووداو لێدوانی ڕاستەخۆیان لە من و "وشیار خۆشناو" وەرگرت.
سەبارەت بەم ڕووداوە ڕۆژنامەنووس "شەهاب عووسمان" نووسیویە : لە(٢٠١٤)دا دیسان تورکەتوندڕەوەڕەگەزپەرستەکان هەوڵی دەستدرێژی کردنیان دا، بەڵام پۆلیس زوو کۆنترۆڵیکرد* جێیداخەساڵی (٢٠١٤) جارێکی تر تورکەتوندڕەوەکان هەوڵیاندایەوەپەلاماری بەشێکی تر لەخانەی کوردی بدەن، پەیامنێری- پی یو کەی میدیا-

گەیشتەشوێنەکەئەو پەلامارەش دواین ڕۆژی پیشانگەکەدابوو. توانرا بەزوویی لەلایەن پۆلیسەوەکۆنترۆل بکرێ..! ئەم هەوڵی پەلامارەلەلایەن تورکێکی توندڕەوەوەبوو، کە هەوڵی دڕاندنی نەخشەی کوردستانیدا لە بەشی خانەی تێنوس و دەزگای بەدرخان دواجار بووەدەنگەدەنگ و کاتێکیش پۆلیس فریاکەوت و تا کۆنترۆلی ڕەوشەکە کرا. دەمەقاڵەلەنێوان تورکیکی ڕیشن و ڕۆژنامەنووس (یووسف مەنتک) ڕویدا و زۆر بە توندی ئەو کار و هەڵوێستەیانی ڕیسواکرد و بە فاشیزمی تورکی ناوی بردن و لەگەڵ هاورێکانیدا بەرگریەکی سەرسەختیان لەخانەی کوردی و نەخشەی کوردستان کرد. هەوڵێ ئەو تورکەش شکستی خواردوو بوونەجێی سەرزەنشتی هەموو ئەو خانانەی کە لە نزیکەوەئاگاداربوون. دواجار پۆلیس تورکەکەی دوور خستەوە. دواتر ئەفسەری باڵای ئەو شوێنەهات و گوتی: "لە ئەڵمانیا تەنها سیمبولی نازیەکان قەدەغەیە، کەسیش بۆی نییەهێرش بکاتەسەر بیروڕای کەسێکی تر، وتی ئێوەدەتوانن داوا تۆمار بکەن". هیچ قەدەغەیەکیش، لەسەر ئەونەخشەیە نییەواتەنەخشەی کوردستان). شایانی باسەدوای ساڵی (٢٠٠٨) ئەمەدووەم جاربوو تورکەتوندڕەوەکان پەلاماری خانەی کوردی و نەخشەی کوردستان بدەن

<u>سەرچاوە:</u>

* شەهاب عوسمان ( PUK media )، ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٠/٧).


**فۆتۆ: یووسف مەنتک**


ستافی ستاندی کوردستان - وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانو میوانەکان


ئازاد عەبدولواحید
یاسین بانیخیلانی


رەگەز
رەوەز
کورنیلا هیلا بەرپرسی رۆژهەلاتی ناوەراستی پێشانگەی کتێبی فرانکفورت


SULTANAT VON OMAN
سلطنة عمان
دیداری وەزیری رۆشنبیری عومان و هەرێمی کوردستان


DIE
بورهان
ئەنوەر
یووسف
شێرکۆ
د. سەرودەر


وشیار
رەزا حەمە
شاهۆ
بارزان هەستیار
یووسف
د. سەرودەر


GABAL
ڕۆماننووس شێرکۆ فەتاح
خالید دۆسکی - وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی
حکومەتی هەرێمی کوردستان


Kurdistan Regional Government, Ministry
of Culture and Youth • Erbil, Kurdistan
هەتارەی شاعیر
ئەهرز
یووسف
نەریمان و نیان
وریا
ڕەگەز


خەلاتی دەزگای محمد بن راشد ئال مەکتوم بۆ ستاندی کوردستان

❊

## ٦٧هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت (١٤ تا ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥)

**میوانی شەرەفی ساڵ: وڵاتی ئەندەنووسیا -**
بە بەشداری (١٠٠) وڵات، (٧٢٧٥) خانەی پیشاندانی کتێب لە بوارە جیاجیاکاندا، پێشکەشکردنی (٤٢٠٠) سیمینار، ئامادەبوونی (٩٣٠٠) ڕۆژنامەنووس، زیاتر لە (١٠٠٠) نووسەر و ئەستێرەی جیهانی و ئەڵمانی، چالاکی هەمەجۆر و بەشداری لە بوارەکانی: ئەدەب، لێکۆڵینەوە، فیلم، تەلەفزیۆن، وەرزش، منداڵان، سیاسەت...تاد.
دوای (٦٧) ساڵ ئێستا پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت گەورەترین پێشانگەی کتێبی جیهانییە، بۆتە پردێکی زیندوو پرشنگداری بەیەکگەیشتنی کلتووری جیهان. سەرپەرشتی دەزگە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیا دەکات لە بیست پێشانگەی نێودەوڵەتی.
ئەمساڵ بابەتی تیرۆر و پەنابەران جێی قسەوباسی زۆر لە بەشداربووان لە نووسەر و سیمینارەکانی پێشانگە بوو. هەروەها هەردوو سەرۆکی پێشووی ئەندەنووسیا : "بوخارەدین یووسف حەبیبی" سەرۆک لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٩٩/١٩٩٨) بە کتیبێکی ژیاننامەی خۆی بەشدار بوو. "سوسیلۆ بامیانگ یودهۆینۆ" سەرۆک لە ساڵی (٢٠١٤/٢٠٠٤)یش بەشداریان هەبوو.

**بەشداربوونی سەلمان ڕووشدی:**
"سەلمان ڕووشدی" نووسەری ئینگلیز بە ڕەچەڵەک هیندی، کۆنفرانسی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرتی بۆ چاپەمەنییەکان لە ڕێکەوتی(١٠/١٣/- ٢٠١٥، کات ١١ی بەیانی) لە کۆنگریس سێنتەر کردەوە، وڵاتی ئێرانیش بایکۆتی کرد و ئەمساڵ بەشداری پێشانگە نەبوون. بە ئامادەبوونی- "هاینریش رایت موولەر"-سەرۆکی ڕێکخراوی کتێبفرۆشان و بازرگانی

کتێبی ئەڵمانی و "یورگن بۆس" بەڕێوەبەری پێشانگە، "سەلمان ڕووشدی"–نووسەری بەریتانی بە ڕەچەڵەک هیندی، بەهۆی ئامادەبوونیەوە ڕێوشوێنێکی ئەمنی توند گیرابووەبەر، کە تا ئێستا ڕووداوی لەم جۆرە دەگمەنە بۆ نووسەرێک ئەنجامدرابێت، هەموو شوێنێک لەژێر چاودێری توندابوو، لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٢/١٤)وە "سەلمان ڕووشدی" لەلایەن "ئایەتوڵڵا خومەینی" فەتوای کوشتنی دراوە. بەهۆی کردنەوەی پێشانگە لەلایەن "سەلمان ڕووشدییەوە"، وڵاتی ئێران بایکۆتی بەشداریکردنی پێشانگەیان کرد. "یورگن بۆس" بەڕێوەبەر گوتی: دڵخۆش نەبووم بەوەی، کە ئێران ئەم ساڵ بایکۆتیان کرد و بەشداری پێشانگەیان نەکرد، ئێمە دەتوانین لە داهاتوودا لەگەڵ هاوڕێیانی ئێرانی بەردەوام بین و کار بکەین، ئازادی ڕادەربڕین لایەنێکی گرنگی هەیە ئەویش لایەنی شارستانی مرۆڤایەتییە، ئەوەش قابیلی دانووستان نییە سەبارەت بە من، پەشیمانیش نین لە داوەتکردنی ڕووشدی، ئەوەیە ئازادی بیروڕا، ئازادی بیروڕا لە هەر شتێک، لە پیشەسازی، ئەدەب، گرینگترە. ڕووشدی و ئەدەبەکەی جێی دڵەڕاوکێی توندن.

"سەلمان ڕووشدی"، لەسەر ئازادی بیروڕا بە زمانی ئینگلیزی قسەی کرد، ئەو دەیزانیَ لە کوێوە قسە دەکات. کاتێک باس لە ئازادی بیروڕا دەکات ئاماژەیە بۆ دین، کە لێبووردنی تێدا نییە. "ڕووشدی" گوتی: بەبیَ ئازادی بیروڕا هیچ مافێک نابێت، دیاریکردنی سنوور بۆ ئازادی بیروڕا تەنها سانسۆر ناگرێتەوە، هەڕەشە بۆ سەر سرووشتی مرۆڤیش دەگرێتەوە، ژیان لە ئازادی بیروڕاوە سەرچاوە دەگرێت و مافەکانی مرۆڤ پارێزراو دەبن. توندڕەوەکان لە ئەدەب دەترسێن، نابێت ئازادی بیروڕا لەبەر توندڕەوی ئایین، یا هۆکاری سیاسی بەرتەسک بکرێتەوە، ئێمە شەڕ ناکەین، ئێمە چەکمان پیَ نییە، بڵاوکردنەوە زیاتر کاریگەرە، وەک زیاتر لە جەنگ. زیاتر لە (٢٥) ساڵە لەلایەن توندڕەوەکانی ئایین هەڕەشەی کوشتنم لەسەرە، ڕادیکاڵەکان لە ئەدەب دەترسێن، ئازادی

بیرورا جیهانی نوێی منه، کەس بۆی نییە دەستی بۆبەرێت، مرۆڤ دەتوانێ گفتووگۆ لەسەر هەر شتێک بکات ، بەڵام بەبێ ئازادی بیرورا هیچ مافێک نییە .

"رووشدی" خۆشحاڵی خۆی بە پاشناوەکەی دەربڕی، کە ناوی فەیلەسووف و دکتۆرێکی عەرەبە لە سەدەی دوازدەم لە (قرتاجە) ژیاوە بەناوی رووشدی، ئێستا بەم ناوە لە جیهان ناسراوە. باسی لە زەبر و زەنگی ئەو رژێمانە کرد، کە دەرهەق بە نووسەران کردوویانە وەک کوشتنی "گارسیا لۆرکا"، و حوکمی ستالین بەرامبەر نووسەرانی رووس. باسی لە رۆڵی نووسەرانی سەدەی ١٨ کرد، بۆ ئازادی بیرورا کە چۆن روبەرووی کەنیسە ببوونەوە. "رووشدی" لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: دەبێ لەمرۆدا، نووسەران، دەزگا چاپەمەنییەکان، هاووڵاتیان، بۆ داکۆکی لە ئازادی بیرورا رووبەرووی توندرەوانی دین ببنەوە.

دوا رۆمانی بە ناوی (دووساڵ و هەشت مانگ و بیست و هەشت شەوە)، کارێکی گەورەیە زیاتر لە (٨٠٠) ساڵ لەخۆدەگرێت، لەم رۆمانەدا دەگاتە هاوپەیمانی عەقڵ و پەرجوو/ موعجیزە. ئاگەداری لە توندرەوی ئایین دەکات، ژیانی "ئیبن رووشد" و زەواجکردنی لەگەڵ شازادەیەک، دەبێتە هۆی خستنەوەی وەچەیەکی زۆر. ئەم رۆمانەی بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی بەخشی بە ئامادەبووانی کۆنفراسی کردنەوەی پێشانگە بۆ چاپەمەنییەکان.

**ئامادەبوون لەم کۆنفرانسەدا:**

نزیکەی شەش هەفتە بەر لە کردنەوەی پێشانگە ئاگادار کرامەوە، دوا وادەش دیاری کرابوو، کە نووسەری دیاری ئینگلیزی بە رەچەڵەک هیندی "سەلمان رووشدی" پێشانگەی کتێبی ئەمساڵ دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە کۆنفرانسی کردنەوە بەرێوەدەچێت، بۆ بەشداربوونم دەبێت چەند فەرمیاتێک ئەنجام بدەم وەک: پرکردنەوەی فۆرمێک، کە زانیاری

کەسی دەخوازێت، و بینێرمەوە، ڕەزامەندی پۆلیسی لەسەر بێت ئینجا دەتوانم شوێنێک وەرگرم، ئەوەی پێویست بوو ئەنجامم دا دوو هەفتە بەر لە کردنەوەی پێشانگە بە نامەی فەرمی ئاگادار کرامەوە، کە دەتوانم ئامادەی کۆنفرانسی کردنەوە ببم ، ناوم دەنێو لیستی ئامادەبواندا هەیە.

**پرۆفایلی سەلمان ڕووشدی*:**
ناوی ئەحمەد سەلمان ڕووشدییە، لە ڕێکەوتی (١٩٤٧/٦/١٩ لە بۆمبای-هیندستان) لە دایک بووە. نووسەرێکی بەریتانی– هیندییە، بە زمانی ئینگلیزی دەنوسێت. یەکێک لە ئەستێرە دیارەکانی ئەدەبی سەردەمی ئەمڕۆیە، بەوەناسراوە، کە چیرۆکەکانی ئەفسانە و جیهانی خەیاڵ و هەقیقەتی ژیان و جادوودا دێنەوە. "سەلمان" لە خێزانێکی موسڵمان لە بۆمبای گەورە بووە، باوکی پارێزەر و بازرگان بووە. ناوەکەی لە ئیبن ڕووشدی دکتۆر و فەیلەسووفی عەرەبی سەدەی دوازدەم وەرگرتووە. باوکی لە چواردە ساڵی بۆ خوێندن دەینێرێتە بەریتانیا، لە زانکۆی کامبریدج مێژوو دەخوێنێت، ئەو زیاتر وەک نووسەر، لە شانۆ وەک ڕۆژنامەنووسی ئازاد کاری کردووە. بەدەر لە ڕۆمانەکانی چەند نووسینێکی هەیە، لە چەند فلیمێک ڕۆڵی بینیوە.

**ڕۆمانەکانی:**
ساڵی (١٩٧٥) یەکەم ڕۆمانی بەناوی (گریمووس) نووسی، ساڵی– (١٩٨١) ڕۆمانی (نیوەشەوی منداڵێک)ی نووسی، خەڵاتی بۆکەری پێبەخشرا، لێرەوە ناوبانگێکی جیهانی وەرگرت. ساڵی– (١٩٨٣)– ڕۆمانی (شەرم وشورەیی) بڵاوکردەوە. لە ساڵی–(١٩٨٨) ڕۆمانی (ئایەتی شەیتانی) بڵاوکردەوە، ئەم ڕۆمانەی بووە هۆی ئەوەی "ئایەتوڵڵا خومەینی) لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٢/١٤)دا، فەتوای کوشتنی دا، وڵاتی ئێران نرخێکیان دیاریکرد لەبەرامبەر سەری "سەلمان ڕووشدی"، لە ساڵی–

(٢٠١٢) ئەو پارەیە بەرز بۆوە بۆ-(٣،٣)- ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئەم فەتوایە نەبوون، بەهۆی ئەم فەتوایەوە هەڕەشەی توندڕەوەکان ژیانی "ڕووشدی" هەردەم لە مەترسیدایە، وایکردووە بە بەردەوامی لەژێر چاودێری پۆلیس بێت، شوێنی ژیانی بگۆڕێت، هەڕەشەکردن گەیشت بە دەزگە چاپەمەنییەکان و وەرگێڕەکانی بەرهەمەکانی "ڕووشدی".

لە ساڵی(١٩٩٠) هاڕوون و چیرۆکی دەریای بڵاوکردەوە.

لە ساڵی-(١٩٩٥) دواهەناسەی مۆرۆی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی (١٩٩٩) زەوی لەژێر پێکانیانی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی (٢٠٠١)- تووڕەیی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی-(٢٠٠٥) شالیماری گالتەچی(قەشمەر) بڵاوکردەوە.

لە ساڵی-(٢٠٠٩) جادووی فلۆرەنسای بڵاوکردەوە.

لە ساڵی-(٢٠١٠) لوکا و ئاگری ژیانی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی-(٢٠١٥) دووساڵ و هەشت مانگ و بیست و هەشت شەوی بڵاوکردەوە.

* ئەم کورتە ژیاننامەی سەلمان ڕووشدی لە ویکیپیدیای ئەڵمانی وەرگیراوە.

**ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگە-(٢٠١٥/١٠/١٣)-**

بە ئامادەبوونی "یۆرگن بۆس" بەڕێوەبەری پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت. "هاینریش رایت موولەر" سەرۆکی ڕێکخراوی کتێبفرۆشان و بازرگانی کتێبی ئەڵمانی. "پ.مۆنیکا گروتەرس" وەزیری دەوڵەت بۆ کلتوور و ڕاگەیاندن. "پیتەر فیلدمان" سەرۆکی شارەوانی فرانکفۆرت.

"فۆلکەر بوفی"- سەرۆک وەزیرانی هێسن. "گۆناڤان محەمەد" قسەکەری ئەدەبی وڵاتی میوان ئەندەنووسیا. "د.ئەنیس ڕاسید باسڤێدن"- وەزیری پەروەردە و پێگەیاندن و ڕۆشنبیریی ئەندەنووسیا. "ئێندها لاراس"- گۆرانیبێژ.

**وڵاتی ئەندەنووسیا میوانی شەرەفی ساڵی-(٢٠١٥) بوو:**

لەژێر دروشمی: ئێمە لێرەین، (١٧٠٠٠) دورگە لە خەیاڵ بەشدار بوو، چالاکییەکانی ئەم وڵاتە: بە ئامادەبوونی (٧٥) نووسەری ئەندەنووسی، (٥٠٠) سیمینار ئەنجامدراوە. (١٤٢) کتێبی هەمەجۆری ئەم وڵاتە لەلایەن (٧١) دەزگای چاپی ئەڵمانی وەرگێڕدرابوون بۆ سەر زمانی ئەڵمانی بۆ ئەمساڵ پێشاندران. نمایشی کلتووری ئەم وڵاتە لە هۆڵی پاڤلیۆن بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ وەک: کتێب، دەستنووسی کۆن، خواردن و خواردنەوە، هونەرەکان، مۆسیقا، سەما، شێوەکاری، کتێبی سەفەر، سیمینار...تاد. میوانی ساڵانی داهاتوو: هۆلەندا– فلاندەرلاند، ١٩ تا ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦. فەرەنسا-١١ تا ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧. جۆرجیا-١٠ تا ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨.

بەشداری کورد لە (٦٧)هەمین پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت-(٢٠١٥)

وەک هەر ساڵەکانی تر ئەم ساڵیش کورد توانی بەشداری لەخولی (٦٧)ی پێشانگەدا بکات، لەگەڵ ئەم بارودۆخە خراپە سیاسی و ئابوورییەی، کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە. بەشداربوونەکەش بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە زیاتر مەبەست لێی دانەبڕانی کوردە لەم کۆبونەوە کلتوورییە جیهانییەدا.

**بەشدار بووان:**

١– وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی یازدەم بەشداربوو. بە ڕێکخەر و هاوکاری: د.سەروەر عەبدوڵڵا،

یووسف مەنتک،- بەهمەن عەفید، عەبدولغنی کاکۆ لە ئەڵمانیا و شاندی وەزارەت و ئامادە بوونی وەزیری ڕۆشبیریی ولاوان "خالید دۆسکی".
بە بەشداری چاپەمەنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، لەژێر چەتری وەزارەت ئەم دەزگەیانەش بە بەرهەمەکانیان بەشداریان کردبوو: غەزەلنووس، ئایدیا، سەردەم، جەمال عیرفان، موکریان،- سپیریێز، سۆران لە بەرلین، ئەنیستیتوتی کەلەپووری کوردی.
٢- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامیا، نێزیک لە ڕێکخراوی پەکەکە.
٣- دەزگەکانی بەدرخان و تێنوس، کوردستان٢١، ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ماد، بەشداربوون و شوێنیان گرت، بەڵام بەهۆی پێنەدانی ڤیزا نوێنەرەکانیان نەیانتوانی بەشداری بکەن، شوێنەکانیان بە چۆڵی مایەوە.
٤. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ماد بەهۆی نوێنەریان لە ئەڵمانیا ، توانیان هەردوو ستاندی وەزارەت و ماد کە لە تەنیشت یەکتر بوون بکەن بەیەک ستاند و یەک دیکۆر و دیزانییان بۆ کرد. ئەوەش بەمەبەستی زیاتر گەورەیی قەبارەی بەشداری کورد و ئیدارەدانی کارەکان بەیەکەوە.
ڕۆژی(٢٠١٥/١٠/١٤ ): یەکەم ڕۆژی کردنەوەی پێشانگە بوو، ستاندی کوردستان بە ئامادەبوونی "خالید دۆسکی" وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ شاندی یاوەری ئامادەبوون بریتیبوون لە: نوێنەری ئەم دەزگایانەی لە سەرەوە ناومان هێنان، لەگەڵ چەندین کەسایەتی و نووسەر و شاعیر و مامۆستای زانکۆ، لەگەڵ ستافی ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و نوێنەری (دەزگەی ماد) لە ئەڵمانیا.
شاندێک بەمەبەستی پەیوندیکردن و سەردانیکردن و بەسەرکردنەوەی بەشەکانی پێشانگەی فرانکفۆرت، کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: ناز فەلەکەدین کاکەیی، ژاوین شالی، تەرزە جاف، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،

ڕەوەزی غەزەلنووس ، بەختیار سەعید، بە یاوەری نووسەری ئەم کتێبە یووسف مەنتک. سەردانی هۆڵی پاڤلیۆن، کە کلتووری هەمەڕەنگی وڵاتی میوان ئەندەنووسیا تیایدا نمایش کرابوو، کرد. لە پێشەکی وتاردا ئاماژەمان پێداوە. سەردانی هۆڵی سێ، کە دەزگە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیا بەرهەمەکانی خۆیان دانابوو، چەندێک لەم دەزگەیانە وەک نەریتێک لە ستاندی خۆیان ڕۆژانە چەندین سیمینار پێشکەش دەکەن، چەند دەزگەیەک بەسەرکرانەوە یەکێک لەوانە دەزگەی چاپی فیشەر، دی تسایت، دوودن، شتایدل، بەشی ساڵنامەکان، ڕۆژنامەی فرانکفۆرت شاو، فرانکفۆرت ئەلگماینە، کلتوور ستادیۆم، دەزگای هوبەر و لیتکام. دواتر سەردانی هۆلی چوار کرا، کە شوێنی هونەری شێوەکاری و مۆزەخانەو کتێبی کۆنی تێدا بوو، هەروەها سەردانی بەشی کتێبەکۆنەکان ئەنتیکیش کرا.

ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٠/١٥ ): شاندێک بە سەرپەرشتی وەزیری ڕۆشنبیریی "خالید دۆسکی"، بریتیبوون لە: جەعفەر جەوهەر، ئازاد دارتاش، ناز فەلەکەدین، سەرکەوت ئاپۆ، بە یاوەری نووسەری ئەم کتێبە یووسف مەنتک، سەردانی ستاندی وڵاتی فاتیکان کرا، لەلایەن "پ.جۆزیپ" بەڕێوەبەری چاپەمەنییەکانی فاتیکان زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرا، ناوبراو باسی ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستانی کرد، نیگەرانی خۆی دەربڕی چەندین تەوەرەی تر جێی قسە و باسی سەردانەکە بوون. بەشەکانی فاتیکان بەسەر کرانەوە، لەکۆتایی سەردانەکەدا کتێبێکی فاتیکانیان پێشکەش بە وەزیری ڕۆشنبیریی کرد. "پ.جۆزێپ"، داوەتی وەزیری ڕۆشنبیریی کرد بۆ فاتیکان گوتی: وەرن خۆشحاڵ دەبین سەردانمان بکەن، خزمەتتان دەکەین. هەمان ڕۆژ وەزیر و وەفدی یاوەری سەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی تاجیکستانیان کرد، بە گەرمی لەلایەن جێگری وەزیر پێشوازیان لیکرا و چەندین سەرنج و بیرورا ئالوگۆڕکران.

دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ، گرووپێک بریتی بوون لە: د.نەوزاد ئەسوەد، بەختیار سەعید، ڕەوەزی غەزەلنووس، تەرزە جاف، ژاوین شاڵی، ناز فەلەکەدین کاکەیی، بە یاوەری نووسەری ئەم کتێبە، سەردانی مۆزەخانەی گۆتنبێرگ کرا، دواتر مۆزەخانەی نەتەوەیی هۆڵەندی بەسەر کرایەوە. چەند ستاندێکی شێوکاری بەسەرکرانەوە، لە دوا چالاکییدا بەشداری سیمیناری نووسەری شیللی "ئیزابیل ئەلەندێ" کرا.
ڕێککەوتی(٢٠١٥/١٠/١٦) لەم ڕۆژەدا وەزیری ڕۆشنبیریی خەڵات کرا. بە یاوەری وەزیری ڕۆشنبیریی "خالید دۆسکی" و شاندێک پێکهاتبوون لە: ئازاد دارتاش، جەعفەر جەوهەر، نووسەری ئەم کتێبە یووسف مەنتک، سەردانی ئەم شوێنانە کران:
١- زانکۆی ئۆکسفۆرد، دوای ئەوە هات کە داوەتنامەیەکیان ئاراستەی ستاندی کوردستان کرد.
٢- سەنتەری پەرتووکخانەی جیهانی.
٣- مۆزەخانەی گۆتنبێرگ، کۆنترین چاپخانەی سەردەمی گۆتنبێرگ دانراوە، لاپەڕەیەکی ئینجیل لەبەر چاوی میوانان بە شێوازەکەی گۆتنبێرگ چاپ دەکرێت، چەندین کتێبی سەردەمی گۆتنبێرگ و دوای ئەوە کە چاپکراون ، نمایش کراون.
٤- مۆزەخانەی نەتەوەیی هۆڵەندی (RIJIK)- ئەمستەردام، گرنگی دەدات بە بەرهەمەکانی: هونەری شێوەکاری کۆنی هۆڵەندی، کاری دەستی، مێژوو. کتێبێک بەناوی (RIJIK) کە بەرهەمی شێوەکارانی هۆڵەندی سەدەی حەڤدەهەمی لەخۆگرتبوو، نمایش کرابوو بە قەبارەیەکی گەورە و وەزنی سی کیلۆ، چاپی ئەم کتێبە لە مانگی مارسی ٢٠١٦، تەواودەبێت لە ئیتاڵیا چاپ دەکرێت، بەرگی ئەم کتێبە هونەرییە بە دووجۆر نەخشێنرابوو، بە زێر و زیو، زیوەکەی نرخی (٦٥٠٠) یۆرۆیە، زێرەکەی نرخی (١٠٠،٠٠٠) یورۆیە، هەر کەسێک

خوازیاری کرین بێت، دەبێت بەرادانی بدات. مۆزەخانەی نەتەوەیی هۆلەندی سالآنە ٢،٢ ملیۆن کەس سەردانی دەکەن.
٥- سەردانی ستاندی ئەبوزەبی بۆ گەشتوگوزار و ڕۆشنبیریی.
٦- سەردانی ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هونەر و توراثی وڵاتی قەتەر.
٧- بەشداریکردن لە مەراسیمی کردنەوەی کتێبی شوێنە گشتییەکانی شار، لە دەزگای (محەمەد بن ڕاشد ئالمەکتووم)، لەکۆتایی مەراسیمەکەدا، خەڵاتی ئەو دەزگایە بە وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوانی هەرێمی کوردستان بەخشرا. (هاوکات پارساڵیش هەمان دەزگا ستاندی وەزارەتی خەڵات کرد، نووسەری ئەم کتێبە لە بری وەزیری ڕۆشنبیریی ولاوانی کوردستان وەریگرت). ئەم بەشداریکردنە دوای داوەتنامەیەک هات، کە دەزگای محەمەد بن ڕاشد ئاراستەی وەزیری ڕۆشنبیرییان کرد.
٨- هەر لەم ڕۆژەدا خاتوو "کۆرنێلا هێلە" بەرپرسی بەشی ئاسیای پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت، سەردانی ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و دەزگەی مادی کرد. خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە بەشداریکردنی کورد، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەر هاوکارییەک کە پێویست بێت لەکارەکانی داهاتوودا. سەبارەت بە دیکۆرەکە گوتی: دیکۆریکی زۆر جوانە، ئەوە جاری یەکەمە دیکۆرەکەتان بەم شێوە جوانە بێت، دەستتان خۆش. لە کۆتاییدا وەزیری ڕۆشنبیریی کتێبی (کوردستان وڵاتێکی بەبارمتە گیراو)ی نووسەری ئەڵمانی "هەنە لۆر کویشلەر"ی، پێشکەش بە خاتوو کۆرنێلا کرد.
ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٠/١٧) ڕۆژی شەممە هاووڵاتیانی کورد و میوانێکی زۆر لە شارەکانی ئەڵمانیا و وڵاتانی هۆڵەندا و سویسرا، دەزگاکانی تری بەشداربوو، سەردانی ستاندی کوردستانیان کرد. بۆ ئەم ڕۆژە ستافی کوردستان وەک هەمیشە لە پێشوازی میوانانداا بوون.

خاتوو "بەتینا" (بەڕێوەبەری کتێبخانەی ڤیتزلە) سەردانی کرد، لەلایەن وەزیر و ستافی ستاند بەگەرمی پێشوازی لێکرا، کۆمەڵێک کتێبی کوردی خواست بۆ کتێبخانەکەیان، وەکو پێویست هاوکاری کرا. هونەرمەند "مەزهەری خالقی" و "پرۆفیسۆر جەمال نەبەز" و چەندین کەسایەتی و نووسەری دیاری کورد ئامادەییان هەبوو.

خەڵاتی ڕێزلێنان:
مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی (ساڵی ٢٠١٥ی خانەی کوردستان لە ٦٧هەمین پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت)، بۆ چەندین دەزگەی بەشدار بوو، لەژێر چەتری وەزارەت، هەروەها بۆ کەسایەتی نووسەر لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان بەڕێوەچوو. خەڵاتەکان لەلایەن خوودی وەزیری ڕۆشنبیریی "خالید دۆسکی"ییەوە بەخشران بە دەزگەکانی: غەزەلنووس، ئایدیا، جەمال عیرفان، بنکەی ڕۆشنبیریی گەلاوێژ، سپیریێز، ئەنیستیتووتی کەلەپووری کوردی، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی/ ئەڵمانی لە مانهایم. نووسەر و کەسایەتی: شێرزاد حەسەن، یاسین بانیخێلانی، عەبدولغەنی کاکۆ، یووسف مەنتک، تەرزە جاف، ژاوین شاڵی، ئیسماعیل تەنیا، جەمال خەزنەدار، زیدۆ بابە شێخ، ئەسکەرێ بیوک.
ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٠/١٨-): وەک ڕۆژی پێشوو میوانان سەردانی ستاندەکەیان کرد، لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، د.نەوزاد ئەسوەد و د.سەمیر خۆرانی و من، بەشداری سیمیناری نووسەری ئەڵمان بەرەچەڵەک سووری "رەفیق ئەلشامی"مان کرد لە ستاندی قەنەفەی شین، کە ڕاستەوخۆ کەنالی (ZDF) ئەڵمانی هەر پێنج ڕۆژی پێشانگە سەرجەم سیمینارەکانی قەنەفەی شین پەخش دەکات. "ڕەفیق ئەلشامی" سەبارەت بە نوێترین ڕۆمانی خۆی بەناوی (سۆفیا) قسەی کرد. لەم ڕۆمانەدا ڕێک وێنەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی سووری و بنەماڵەی ئەسەد و کولەمەرگی ژیانی هاوڵاتیانی سووری باس دەکات. ئەم ڕۆماننووسە (٤٠) ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی، بە ئەڵمانی دەنووسێت، گوتی:

من پێمخۆش نەبووە ئاوارە ببم و لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا ببم بە پەنابەر، بەڵام ئەوە بەدەستی خۆم نەبوو، رژێمی بەعس و بنەماڵەی ئەسەد وایان کرد خێزانەکەمان ببن بە پەنابەر. دیوە دزێوەکانی رژێم و بنەماڵەی ئەسەد و کورەکەی بە وردی بۆ ئامادەبوان باسکرد، باسی دڕندەیی دەزگای سیخووڕی سووری کرد، کە چۆن پسپۆڕی رووسی راهێنانیان پێدەکەن. بە ئاشکرا گوتی: من دەترسم، خۆم دەپارێزم، تا ئێستاش بەرهەمەکانی من لە سووریا قەدەغەیە، لەم دەساڵەی دواییدا هێندەک کتێبم لە لوبنان بڵاوبۆتەوە . باسی ئەو وەزعەی ئێستای سووریا و شەر و ئاوارەبوونی خەڵکی کرد، هۆکاری سەرەکی بۆ رژێمی بەعس و دیکتاتۆریەتی ئەسەد گەراندەوە.
لە ستاندی کوردستان لە ئێوارەی دوارۆژی پێشانگەدا، دوای کات (٥)ی ئێوارە ئیدی ماڵئاواییمان لە یەکتر کرد. هێدی هێدی بەرە و ماڵ بووینەوە، هیوادارم توانیبیتمان خزمەتێکمان کردبێت و خشتێکمان بۆ دیواری کتێبخانە و کلتووری کوردی زیاد کردبێت.
**فۆتۆ: یووسف مەنتک**




بەخشینی خەڵاتی دەزگای محمد بن راشد ئال مەکتوم بە بەڕێز خالید دۆسکی وەزیری رۆشنبیری و لاوان
تشكيل الأماكن العامة


سەلمان روشدی ئیمزاکردنی کتێبەکەی


لەهۆڵی پاڤلیۆن - وڵاتی میوان
ژاوین
ناز
د. نەوزاد
بەختیار
یووسف
تەرزە
رەوەز



سەردانی مۆزەخانەو بەڕێوەبەرایەتی چاپ و ڕاگەیاندنی ڤاتیکان



ستافی ستاندی کوردستان و میوانان




وەرگرتنی خەڵاتی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

## *٦٨ هەمین پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت ١٩تا٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

**میوانی شەرەفی ساڵ-: هۆلەندا– فلاندەرلاند**

بە بەشداری زیاتر لە-(١٠٠) وڵات، بەشداری (٧١٠٠) خانەی کتێب لە تەواوی جیهاندا، پێشکەشکردنی زیاتر لە (٤٠٠٠)-سیمینار، بەشداری (١٠٠٠٠) ڕۆژنامەنووس بە پێی لیستی ناوی تۆمارکراوی ڕۆژنامەنووسان. لەماوەی پێنج ڕۆژی پێشانگەکەدا- (٢٧٥٠٠٠) میوان سەردانیان کرد. سێ ڕۆژی یەکەم- بۆ میوانانی تایبەت وەکوو بازرگانانی کتێب، دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، ڕۆژنامەنووسان و پێشکەشکردنی سیمیناری بەردەوام لەلایەن نووسەرانی بوارە جیاجیاکان.

لەم سێ ڕۆژەدا (١٤٢٠٠٠) میوان سەردانیان کرد، دوو ڕۆژی کۆتایی، کە دەکاتە ڕۆژانی شەممە و یەک شەممە هاوڵاتیان و دۆستانی کتێب سەردانی پێشانگە دەکەن، بەتایبەتیش ئەم دوو ڕۆژە پشووە، بۆ هاوڵاتیان دەرفەتێکی گونجاوە سەردانی پێشانگە بکەن.

وڵاتی میوان بە درووشی- (ئەو شتەی ئێمە دەیدەین) بەشداربوون. بە بەشداری (٧٢)- نووسەر و (٤٢٢) ناونیشانی نوێ.-(٧) ناونیشانی وەرگێردراوی ئەدەبی هۆلەندی، (١٣٢)- دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی بەرهەمی ئەدەبی هۆلەندیان وەرگێراوە و لە پرۆگرامی پێشانگە بەشدارن. نێزیکەی-(٨٥) بەرهەم لە زمانە زیندووەکانی جیهان وەردەگێڕن. لە هۆڵی پاڤیلیۆن وڵاتی میوان نمایشی: کتێب، هونەری وێنەکێشان، ڕۆمان، شیعر، نۆڤلێت، بەرهەمی منداڵان ، ئەدەبی گەنجان، دیکۆر، شانۆ،- ڤیستیڤاڵی فیلم،-دیالۆگ، سیمیناری ئەدەبی، ئەنجام دەدرێت، لە شوێنەکانی تری پێشانگەکەش بەردەوام بە چالاکی بەشدارن.

ڕۆژی سێشەم، ڕێکەوتی (١٨/١٠/-٢٠١٦)
کاتژمێر (١١)ی بەیانی لە کۆنگریس سێنتەر، کۆنفرانس پرێس بۆ ڕۆژنامەنووسان، بە ئامادەبوونی: سەرۆکی پێشانگەی کتێب/ یورگن بۆس، سەرۆکی ڕێکخراوی بۆرسەی بازرگانی کتێبی ئەڵمانی/ هاینریش رایت موولەر، شێوەکاری بەریتانی/ داڤید هۆکنی. هەریەک لەم بەڕێزانە وتەیەکیان بۆ ڕۆژنامەنووس و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە ژمارەیەکی بەرچاو ئامادە بوون، پێشەکەشکرد.
کاتژمێر-(٥)ی ئێوارە، لە هۆڵی هارمۆنی کۆنگریس سێنتەر، ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگەکە بەڕێوەچوو، بە ئامادە بوونی-(٢٢٠٠) میوان، لە نوێنەری وڵاتانی بەشداری پێشانگە لە ئاستی باڵوێز، وەزیر، دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەنووسان. دانیشتنیان بە پێی پلەی دیاریکراو لەسەر هەر کورسییەک. بە ئامادەبوونی: سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا– مارتن شوڵتز، لێپرسراوانی هەرێمی هێسن و پارێزگاری فرانکفۆرت– شاژن ماتێڵدە، شای بەلجیکا پاشا فیلیپ ویلیم ئەلیکساندەر.-
لە ستاندی کوردستان وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان/ "جەعفەر ئیبراهیم حاجی" بە یاوەری "سەرهەد غەفووری"، د.سەروەر عەبدوڵڵا، یووسف مەنتک ئامادە بوون. ئەم بەڕێزانە وتاریان پێشکەشکرد: سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا/ مارتن شوڵتز، وەزیری هەرێمی هێسن بۆ زانست و هونەر/ بۆریس ڕاین، پارێزگاری فرانکفۆرت/ پیتەر فێڵدمان، سەرۆکی پێشانگەی کتێب– یورگن بۆس، سەرۆکی ڕێکخراوی بۆرسەی بازرگانی کتێبی ئەڵمانی– هاینریش ڕایت موولەر، سەرۆکی هەرێمی فلاندەر– گیرت بۆرگیۆس، وەزیرەی هۆڵەندی بۆ پەروەردە و کلتوور و زانست– د. یێت بوسێماکر.
"مارتن شوڵتز" و "یورگن بۆس" لە وتارەکانیاندا زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە حکوومەتی تورکیا سەبارەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و

بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە ڕۆژنامەنووس و پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان و سەرکوتکردنی ئازادی ڕادەربرین گرت. هاوکات گوتی: داوا لە تورکیا دەکەم هەرچی زووە زیندانییە سیاسیەکان ئازاد بکات.
"یورگن بۆس" بەڕاشکاوی گوتی: سوپای تورکیا هێرش دەکاتە سەر شارە کوردییەکان، ژن و منداڵ دەکوژن، خانووەکان دەڕووخێنن، با واز لە سیاسەتی سەرکوتکردن و کوشتن بێنن دەسەڵاتدارانی تورکیا.
دوا برگەی ئاهەنگ لە وڵاتی میوان نووسەر خاتوو "شارلۆت ڤان دێن بارۆک" و نووسەر- "ئارنۆن گرون بێرگ" بە نمایشکردنی دیالۆگێک نموونەی دەقی هۆڵەندیان پێشکەشکرد.
ساڵی داهاتوو لە (٦٩)هەمین پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت لە-١١تا ١٥ی ئۆکتۆبەری-٢٠١٧- وڵاتی فرەنسا دەبێتە میوانی شەرەفی ساڵ.

**خەڵاتی ئاشتی بازرگانی کتێبی ئەڵمانی(٢٠١٦) -**

لە دوا ڕۆژی پێشانگەدا خەڵاتی ئاشتی بە ڕۆژنامەنووس و چاپەمەنیکار خاتوو "کارۆلین ئێمکە" لە پاوڵ کلێسەی فرانکفۆرت بە ئامادە بوونی (١٠٠٠) میوان و سەرۆکی ئەڵمانیا "یواکیم گاوک"، بەخشرا.

**بەشداری کوردستان:**

بەشداری کوردستان لە شوێنێکی بچووک بە ڕووبەری (١٢م٢)، بە هۆی کێشەی ڤیزاوە، شاندێک لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێم ڕۆژی سێیەم گەیشتن. بەشێکیشیان نەیانتوانی بەشدار بن. ئامادەبووان لە بەڕێزان: شێرزاد حەسەن، پ.زرار سدیق، هەڵۆ شێرکۆ بێکەس پێکهاتبوون. کارگێڕی ستاند لە لایەن بەڕێزان: د. سەروەر عەبدوڵڵا، عەبدولغەنی کاکۆ و یووسف مەنتکەوە دەکرا.
ستاندی کوردستان لە ڕووی کوالیتی کتێب و دیکۆرەوە هەژاری پێوە دیاربوو، لەگەڵ بوونی کەموکوڕیش گرنگە کورد لەم جۆرە چالاکییە

نێودەوڵەتیە کلتووریانەدا بەشداری هەبێت و دانەبڕێت. لەگەڵ هەژاریەکەشی ستاندی کوردستان جێی سەرنج و ڕوانین و سەردانی سەرجەم بەشدارانی پێشانگەی کتێب بوو. بە بایەخەوە لە ماوەی هەر پێنج ڕۆژی پێشانگەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشداران و میوانان، خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئەڵمانیا، لەسەر ئاستی جیا سەردانی ستاندی کوردستانیان دەکرد. دیارییەک کە لەستاندی کوردستان بەخشرا بە میوانان، جێی خۆشحاڵی و سەرنجی میوانە بیانییەکان بوو، کتێبی (کوردستان وڵاتێکی بەبارمتەگیراو) لە نووسینی- "د. هەنە لۆرە کویشلە"- بە زمانی ئەڵمانی و بە نێزیکەی (١٠٠٠) لاپەڕە چاپکراوە، کە دەیان نەخشە و وێنە و بەڵگەنامەی لەسەر کوردستان تێدایە. گرووپی ستاندی کوردستان ڕۆژانە سەردانی ستاندەکانی تر و بەشداری چالاکییەکانی پێشانگەی کتێب دەبوون.

ئەم ساڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (١٢)هەمین جار بەشداربوو. دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (بەدرخان) بۆ جاری پێنجەمە سەربەخۆ بەشدار دەبێت. دەزگەی (تێنووس) شوێنیان گرتبوو، بەڵام ئامادە نەبوون. دەزگەی (میزۆپۆتامیا) بۆ زیاتر لە بیست جارە بەشداری دەبن. ژنە کورد "ئاڵا بەرزنجی" بە کتێبی خواردنە کوردییەکان بە زمانی ئینگلیزی بەشدار بوو.

ئەم دەزگەیانەی لەژێر چەتری وەزارەتی ڕۆشنبیرییدا بەشدار بوون: کوردۆلۆجی، دەزگەی ئایدیا بۆ سێهەم جار، جەمال عیرفان بۆ دووەم جار، مەکتەبەی پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکەم جار، سۆران لە بەرلین بۆ سێهەم جار، چاپکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیریی لالش لە دهۆک بۆ دووەم جار، دەزگەکانی: باس و میدیا. تیڤییەکان: کوردستان٢٤، باباگوڕگوڕ، سیدۆنیا. چاپکراوەکانی کتێبی ئەنفال بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی پارێزگاری دهۆک، چاپکراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بۆ جاری یەکەم بەشدار بوون.

**چەپکێک لە چالاکییەکانی ستاندی کوردستان:**

ڕێکەوتی (١٩ی ئۆکتۆبەر) یەکەم ڕۆژی پێشانگە:
جێگری سەرۆکی پێشانگەی کتێب "تۆبیاس ڤۆس" سەردانی ستاندی کوردستانی کرد، لەلایەن کارگێڕی ستاند و نوێنەرانی کوردستان پێشوازی لێکرا، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ بەشداری کوردستان هیوای خواست بەردەوام بن و دانەبڕێن. بۆ دەمژمێرێک گفتوگۆ لەسەر پرسی کلتوور و چەندین پرسی دیکە کرا، لە کۆتاییدا سیمبولی پەرلەمانی کوردستان و کتێبی (کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو) بە زمانی ئەڵمانی لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان "جەعفەر ئیبراهیم حاجی" - پێشکەش بە بەڕێزیان کرا.
گروپێک لە ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی کوردستان پێک هاتبوون لە: جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، نوێنەرانی دەزگەکان، ئەندامانی ئیدارەی ستاند، سەردانی ستاندی وڵاتی فاتیکانیان کرد، لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی مۆزەخانە و چاپ و بڵاوکردنەوەی فاتیکان- "پرۆفیسۆر جۆزێ کۆستاو ستیڤانۆ پیرانگیلین" پێشوازیان لێکرا. لەلایەن شاندی کوردی سیمبۆڵی پەرلەمان و کتێبی (کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو)یان پێشکەش کردن، لایەنی فاتیکانیش دوا بەرهەمی چاپکراو کتێبی وێنەیی فاتیکان پێشکەش بە شاندی کوردستانی کرد.
هەمان گرووپی ستاندی کوردستانی لەلایەن دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (محەمەد بن ئەلراشد)، میوانداری کران لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پیشانگەکانی دوبەی "سەیف ئەلمەنسووری" و سەرپەرشتیار و سەرنووسەری گۆڤاری (ئەلبەیانی) دوبەی "حسەین دەروێش"- پێشوازی کران، لایەنی کوردستانی سیمبولی پەرلەمان و کتێبی (کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو)یان پێشکەش کردن، لایەنی

دەزگەی (محەمەد بن ئەلراشد) نوێترین کتێبی چاپکراویان لەسەر بیناسازی دوبەی پێشکەش بە گرووپی کوردستانی کرد.
هەروەها هەمان گرووپی کوردستانی بە یاوەری جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی وڵاتی میوانیان لە هۆڵی پاڤلیۆن کرد.
قونسوڵی عێراق و جێگرەکەی لە فرانکفۆرت، "ئیبراهیم یەتکین" و ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای لودڤیگسهافن لەسەر لیستی سەوزی ئەڵمانی، نووسەر و رۆژنامەنووس "قادر وەرتی" سەردانی ستاندی کوردستانیان کرد، کتێبی (کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو)ی پێشکەش کرا.
رۆماننوسی کورد "بەختیار عەلی" لە ستاندی یونیۆن ڤیرلاگ:
دەزگەی (یونیۆن ڤیرلاگ) رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی "بەختیار عەلی" بە زمانی ئەڵمانی چاپ کردووە، بە قەبارەی (٣٥٢) لاپەرە و بە تیراژی (١٠٠٠٠) دانە، بەپێی بەرنامەی دەزگەکە، نووسەر ئامادەیی بۆ ئیمزاکردنی کتێبەی بۆ خوێنەرانی هەبوو. بە یاوەری رۆماننوس "شێرزاد حەسەن" سەردانی نووسەرمان لەستاندی ناوبراو کرد، جێی خۆشحاڵی نووسەر بوو، دیارە هەمان رۆژ نووسەر "قادر وەرتی" و کچەکەی، کە خوێنەری رۆمانەکانی "بەختیار عەلی"یە هاتبوو بۆ ئیمزاکردن. ئەوەی جێی ئاماژەیە، ئەم رۆمانە بە پێی راپرسییەک، کە دەزگەی (لیت پرۆم) بۆ حەوت رۆمانی خەیاڵیی ئەفریقا- و ئاسیا-و ئەمریکای لاتینی-لە پایزی ٢٠١٦- ئەنجام دابوو، بە یەکەم رۆمان دەستنیشانکراوە.

رێکەوتی-(٢٠ی ئۆکتۆبەر) دووەم رۆژی پێشانگە:
ئەو بەرێزانەی سەردانی ستاندی کوردستانیان کرد و ئامادەییان هەبوو:
"هانس یورگن" سەرۆکی دەزگەی میدیایی (شنایدەر)، خاتوو "کۆرنێلا هێلە" سەرۆکی بەشی ئاسیا لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت، کتێبی

(کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو)یان پێشکەش کرا. "ئێدی هوپ شمید" بەرهەمهێنەری فلیمی-(یۆل)ی یەڵماز گۆنای، کتێبێکی ئامادە کردووە بۆ چاپ، باسی ژیانی خۆی و یەڵماز گۆنای دەکات، کە چەندین لایەنی شاراوەی تێدایە تا ئێستا نەزانراوە، وەک سەرەتای ناسینی گۆنای و چۆنییەتی دەربازکردنیی گۆنای لە زیندانی ئەسپارتە و خێزانەکەی و هەردوو منالەکەی و گەیاندنیان بۆ سویسرا و دەرهێنانی فلیمی یۆل و وەرگرتنی خەڵاتی کان. ئەم کتێبە لە مانگی یەنیوەری ساڵی ٢٠١٧ لە چاپ دەردەچێت. "ئێدی" بە دوای ئەوەدا دەگەرێت دەزگەیەک ئەم کتێبە بکات بە زمانی کوردی و تورکی و چاپی بکات. لە کۆتاییدا کتێبی (کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو) و چەندین کتێبی تری پێشکەشکرا.

هونەرمەندی کورد "سەعدوون یوونس"-و ڕۆماننووس "بەختیار عەلی" سەردانی ستاندی کوردستانیان کرد کتێبی (کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو)یان پێشکەشکرا. ئامادەبوونی گرووپی هونەرمەندانی کوردی ڕۆژهەڵات و شاری سەقز و موزیکسانی ئێرانی خاتوو "نازلی پەخشایی"، د. جەزا چنگیانی وەک سەربازێکی ونی ئەم چالاکییە، کە یەکەم کوردە بەشداری پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرتی کردووە.

میوانداریکردنی ستاندی کوردستانی لەلایەن ستاندی سربیا بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیریی ئەو وڵاتە. سەردانی دەزگە چاپەمەنییەکانی ئێران و ئامادە بوون لە سیمیناری کتێبی منداڵ لە ئێران. سیمیناری "فەرهاد حەسەنزادە. ئامادەبوون لە چەندین سیمیناری تر وەک: دەزگەی دی تسایت بۆ نووسەر "لیزا ترۆیانۆ"، نووسەر "تیلۆ کۆمما"، سەنتەری کلتوور بۆ نووسەر "کریستۆفەر کلۆبل"، ڕادیۆی ئەڵمانیا بۆ هەردوو نووسەر "ئەندریاس سپارت" و "کارل زیگ بێرگ"، دەزگەی میدیایی زدف-بۆ ڕۆژنامەوان "کارۆلین ئێمکە" براوەی خەڵاتی ئاشتی ساڵی (٢٠١٦)ی پێشانگەی کتێب.

ڕێکەوتی (٢١ی ئۆکتۆبەر) سێیەم ڕۆژی پێشانگە:
میوانەکانی ستاندی کوردستان: خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئەڵمانیا، میدیاکاری ئەڵمانی "ئایسێلا نۆبلەر"، ئیڤانگێلیشە کلێسەی عەرەبی لە ئەڵمانیا/شتوتگارت، د.حەنا یەشووع، وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا، پەرلەمانتاری کورد-"ئۆرهان میرئۆغڵۆ" نوێنەری شاری ماردین لە پەرلەمانی تورکیا، پرۆفیسۆری کورد لە زانکۆی ئێرفۆردی ئەڵمانیا دکتۆر "فەرهاد ئیبراهیم"، هاوکات گرووپی ستاند بە یاوەی "پ. فەرهاد" سەردانی چەندین ستاندی ئەمریکی و ئەڵمانی کرا وەک دەزگەی: ماسیمیلیان ئێدوکەیشن، ڤیلس پوبلیش...هتد. ئامادە بوون لە سیمیناری نووسەر "لیۆن دی ڤینتەر گرینیمۆ"، دیداری ڕۆژنامەوانی هاوڕێیەک لەگەڵ "ئیدی هوپ شمید" بەرهەمهێنەری فلیمی (یۆل)ی یەلماز گۆنای، من کاتی دیدارەکەم بۆ ڕێکخستن و وەرگێڕیان بووم.

لە پەراوێزی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت ئێوارەیەکی کلتووری بەڕێوەچوو:
ڕێکخراوی (میتینگ کلتوور) ئێوارەیەکی کلتووری ڕێکخست، چەندین تێکستی شیعری و پەرەگرافی ڕۆمان و ئەزموونی نووسین بە زمانەکان کوردی - ئەلمانی - ئینگلیزی - فرەنسی و کورتە فلیمێکی دیکۆمینتاری و مۆسیقای کوردی پێشکەشکران. ئێوارەکە لە دوو بڕگە پێکهاتبوو لە بڕگەی یەکەمدا بە زمانی کوردی و لە بڕگەی دووەمدا بە زمانە بیانییەکان، بە بەشداری:
١- د.سەروەر عەبدوڵڵا لە وتەیەکدا، بەخێر هاتنی میوانانی کرد.
٢- هەڵۆ شێرکۆ بێکەس، خوێندنەوەی شیعر بە زمانی کوردی، هاوکات خاتوو "دۆرۆتا" شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی بە زمانی ئینگلیزی دەخوێندەوە.
٣- شێرزاد حەسەن ئەزموونی نووسینم، بە زمانی ئینگلیزی.
٤- لاورا ماسیلیان - خوێندنەوەی شیعر بە زمانی ئینگلیزی - فرەنسی

٥– کامەران سوبحان، خوێندنەوەیەک بۆ شیعری یادەوەری پایسکیلێکی کەرکوکی هەڵۆ شێرکۆ بێکەس ـ بەزمانی کوردی
٦– سەعید ئەلساعدی ، بەشێک لە ڕۆمانێکی ڕۆماننووس "یاسین بانیخێلانی" بە زمانی ئینگلیزی.
٧– عەبدولغەنی کاکۆ، خوێندنەوەی شیعر بە زمانی کوردی ـ ئەڵمانی.
٨– یووسف مەنتک خوێندنەوەی شیعر بە زمانی کوردی ـ ئەڵمانی. –
٩– بەڕێوەبەرانی کۆڕ: کەژاڵ خان ـ سەعید ئەلساعدی.
هەموو ئەمانە لە هۆڵی هوتێل ڤیندهام گراند ـ فرانکفۆرت، ئێوارەی (٢٠١٦/١٠/٢١) کاتژمێر( ٦) بەڕیوەچوون.

**ڕێکەوتی (٢٢ی ئۆکتۆبەر) چوارەم ڕۆژی پێشانگە، ڕۆژی شەممە سیمیناری شیرزاد حەسەن:**

لەم ڕۆژەدا هەموو چین و توێژێکی هاوڵاتیان سەردانی بەشەکانی پێشانگە دەکەن. ژمارەیەکی زۆر لە کوردستانیان لە زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیا و وڵاتانی سویسرا و هۆڵەندا هاتبوون. سەردانی ستاندی کوردستانیان کرد، ئامادەبوونی نووسەران: یاسین بانیخێلانی، ڕەزا حەمە، حیسام بەرزنجی، شەوکەت حاجی سمایل خاوەنی فەرهەنگی مامۆستا، تارا شەوکەت پسپۆری پەروەردەی کۆمەڵایەتی، هونەرمەند فرمێسک مستەفا، هەڵۆ شێرکۆ بێکەس و چەندین کەسایەتی و چالاکوانی مەدەنی دیکە.
کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ نووسەری کورد "شێرزاد حەسەن" سیمینارێکی لە ستاندی کوردستان بەناوی (دیالۆگێکی کراوە، شکستی پەروەردە وەک نموونە) پێشکەشکرد. بەڕێوەبردنی "د.سەروەر عەبدوڵڵا"، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەر چاو لە میوانان، بە بەشداری ئامادەبووان لە گفتوگۆیەکی گەرمدا لەگەل نووسەر، کۆتایی هات.
ئامادەبوون لە سیمیناری سیاسەتمەدار و دۆستی گەلی کورد "خاتوو کلاودیا ڕۆت"– جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا بەناوی–(ئەڵمانیا

بەم جۆرە دەڕوات) لە کۆتاییدا هەردوو کتێی (کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو) و (ڕەچەڵەکی کورد)ی پێشکەشکران، خۆشحاڵ بوو بەم کتێبانە، سوپاس و سڵاوی خۆی بە ستاندی کوردستان گەیاند.
ئامادەبوون لە سیمیناری نووسەر خاتوو "پەتینا گاپە"، قسەکردن لەسەر دوا ڕۆمانی بەناوی: باوەڕت بەچی ژیان هەیە.

**ڕێکەوتی (٢٣ی ئۆکتۆبەر)، پێنجەم ڕۆژی پێشانگە:**
دوا ڕۆژی پێشانگە، هەروەک ڕۆژی پێشووتر هاوڵاتیانی کورد و بیانی سەردانی ستاندی کوردستانیان کرد. خەڵاتی خانەی کوردستان ساڵی (٢٠١٦)ی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشکەش بە چەندین نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەو دەزگەیانەی لەژێر چەتری وەزارەتی ڕۆشنبیرییدا بەشداربوون کرا.
ئامادەبوون لە سیمیناری نووسەری ئەڵمان "مارتن مۆسباخ". سەرپەرشتیاری ستاندی (محەمەد بن ڕاشد ئەلمەکتوم) و "حسەین دەروێش" سەرنووسەری گۆڤاری (ئەلبەیانی) دووبەی، سەردانی ستاندی کوردستانی کرد، لە لایەن ئیدارەی ستاند چەندین کتێبی کوردی و ئەڵبوومی وێنەیی سروشتی کوردستانی پێشکەشکران.

**نامەیەک بۆ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوان**
**بەڕێز: وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوان "خالید دۆسکی"**
**بابەت: پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت**

سەبارەت بە بەشداربوونی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت بە پێویستمزانی ئەم نووسراوەتان ئاراستە بکەم، بەمەبەستی کاراتربوونی ئاستی بەشداری وەزارەتی ڕۆشنبیریی و

دەزگەچاپەمەنییەکان و جۆری کتێبی کوردی لە ساڵانی داهاتوودا. هەروەکو بەرێزیشتان لە چەند ساڵی رابردوودا بەشداربوون و بایەخی ئەم پێشانگەیە دەزانن چەندە گرینگە بۆ رۆشنبیریی و چاپەمەنی کوردی لە بوارە جیاجیاکاندا. دەکرێ سەرەتاکانی بەشداریکردن لەپێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت بەئامانجی ئەوەبوویێت، کەبڵێین ئێمەش هەین، یان هەوڵێک بێت بەئاراستەی گۆرینی ئەو وێنەتەقلیدییەنەگەتیفەی، کە لە دەرەوەی خۆمان بۆمان دروستکراوەبڵێین کورد ئەو مرۆڤەیاخیبووەتفەنگ بەدەستەنییە،کەئێوەبە هەڵەناسیوتانە،بەڵکو گەلێکی مرۆڤدۆست، ژیاندۆست و ژینگەدۆستە، خاوەنی کلتوور و مێژووی خۆیەتی.

خودی پێشەنگەی کتێبی فرانکفۆرت رەخساندنی دەرفەتێکی زێرینی مەزنەبۆ بەیەکگەیاندنی کلتووری گەلان و گۆرینەوەی فیکر و دیدە جیاجیاکان، رەخساندنی بوارەبۆ گفتووگۆی شارستانێتییەکان، سەنتەری کۆکردنەوەی نووسەران و رووناکبیرانی گەل و نەتەوەجیاجیاکانە، کەلەوێدا دوا بەرهەم و بیروبۆچوونیان لەرێگەی کۆر و سیمیناری سەکۆی ئازادی ئەم پێشانگەیەدەگەیەنێتەهاوشێوە و هەوادار و خوێنەرانیان. لەوێدا باشترین بابەتی فیکر و زانست و کلتوور و سیاسەت دەکرێتەبابەتی گفتووگۆ.

هەروەها دەرفەتێکی بە بەهایەبۆ نووسەران و دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، بۆ واژۆکردنی چەندین پرۆتۆکۆل و گرێبەستی جیاجیا بۆ چاپ و وەرگێران و بەشداربوون لەپێشانگە و دەرفەتی هاوشێوەی پێشانگەی فرانکفۆرت. ئەم گردبوونەوەیەبەم شێوەیەگەورەیەدەرفەتێکی گەورەشەبۆ شارەزابوون و بەشداریکردن لە بازاری بازرگانی بەرهەمی چاپ و وەرگێراندا، هەوڵدانەبۆ گێرانەوەی بەهای کتێبو جەختکردنەوەلەسەر کتێب، وەک سەرچاوەی سەرەکی مەعریفە.

لەو پێشانگەیەدا سەدان پرۆتۆکۆلی بواری پیشەسازی کتێب واژۆدەکرێن و هەر وڵاتێکی بەشداربوو هەوڵی ئەوەدەدات لەو

دەرفەتەسوودی ئەوەوەربگرێت، کە ببێتەسەنتەری چاپ و بڵاوکردنەوەلەناوچەکەی خۆیاندا.
نەتەوەجیاجیاکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئەو پێشانگەیەرایەڵەی گۆڕینەوەی بیروڕا و لێکگەیشتنی بەردەوام لەباری چالاکدا بمێنێتەوە، هەر لایە و هەوڵی ئەوەدەدات، کەلەوڵاتەکەی خۆیدا زۆرترین خوێنەر بە بەرهەمەجیهانییەکان ئاشنا بکات، بەرهەمەناوخۆییەکان وەربگێڕێتبۆ زمانەبیانیەکانو بگەیەنێتەدەرەوە،خوێنەری بێگانەیان بۆ پەیدا دەکەن. هەر لەمپێشانگەیەدا بەرهەم و شاکارەدانسقەکانی نووسەران ڕێککەوتنی چاپ و وەرگێڕانیان لەگەڵ خاوەنەکانیان دەکرێت. پێشانگە دەرفەتێکە بۆ ئامانجی: سیاسی، ئابووری، پەیوەندیکردن.
کلتوور. ناساندنی کتێبی نووسەرانی کوردی باشوور (١٢)ساڵە بەدواییەک بەشداری ئەم پێشانگەیەدەکات، پێگەی جوگرافی خانەی کوردی لەناو پێشانگە هیچی لەوڵاتانی تر کەمتر نییە، خەباتکردن بۆ ئەو ئامانجانەی کە لەسەرەوەباسمانکردن، کەبەشداربووانی دی مەبەستیانەبەدەستی بێنن. بەمەبەستی بەشداربوون و باشتربوونی لە داهاتوودا سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەم چەند خاڵە ڕادەکێشم:
١- ئیدارەدانی ستاند کەسانی پسپۆڕ و شارەزای بواری چاپ و پێشانگە بێت، تاکرەوی نەکردن لە بریاردان و پێویستی ڕاوێژکردن. ستاندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان باڵیۆزی کلتوور و ڕۆشنبیریی کوردییە.
٢- بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری کوردستان، بودجەی دیاریکراو هەبێت.
٣- بەرنامەی پێشوەختە و دیاریکراو هەبێت، وەک: بەشداریکردن، پەیوەندیکردن و سەردان و بەسەرکردنەوەی بەشەکانی تری پێشانگە، ئەنجامدانی چالاکی.
٤- بەرهەمی بەشداربوو نوێترین کتێب و ناونیشان بێت لەبوارەکانی ڕۆشنبیریی، کلتووری، ئەدەبی، مێژوو، زمان، نەخشەی کوردستان،

ئەدەبی منداڵان، باشترین کتێبی ساڵ، چاپەمەنی دانسقە، بەرهەمی داهێنان، وەربگێردرێنە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان وەک: ئینگلیزی، فرەنسی، ئیسپانی، ئەڵمانی...تاد. ئەم خاڵە دەزگەکانی بەشداربوو رەچاوی بکەن، ئامانج ناساندن و تێکەڵبوون بە کلتوورەکانی تری جیهانە.
٥- وەفدی بەشداربوو، لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزای بواری چاپەمەنی و پێشانگە، نووسەر،- رۆژنامەنووس و میدیاکار، کتێب فرۆش بێت.
٦- سیمینار، چەند نووسەرێکی دیار و شارەزا لە ئەدەبی جیهانی و خودان بەرهەمی داهێنەر و نوێ بە زمانە زیندووەکان سیمینار پێشکەش بکەن.
٧- ئەو دەزگەیانەی لە دەرەوەی وەزارەت بەشدار دەبن بەمەبەستی خزمەتکردنی کلتوور، پشتیوانی بکرێن لە ڕووی مەعنەوی و کارگێڕییەوە.
٨- بواری پێشانگە و کتێب ببێتە دەرفەتێک بۆ وەبەرهێنان، هاوکاری و پشتیوانی کەسان و ئەو دەزگەیانە بکرێت، کە نییەتی وەبەرهێنانیان هەبێت لەم بوارەدا.
٩- گرێبەستکردن لەگەڵ دەزگەجیهانییەکانی تایبەت بە بواری وەرگێران، بۆ وەرگێرانی بەرهەمی دانسقەی کوردی بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان.
١٠- کڕینی هێندەک بەرهەمی دانسقەی جیهانی بۆ پەرتووکخانەکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی کوردستان.
١١- هەڵسەنگاندنی بەشداری ساڵانەی وەزارەت دوای تەواوبوونی پێشانگە، بەمەبەستی باشتر بوون لە ساڵانی داهاتوودا.
١٢- بەردەوامی بەشداربوون وەک ئەزموونێک خەمی سەرەکیی وەزارەت بێت، بۆ ساڵانی داهاتوو بە بەرنامە و بەرهەمی نوێ.
١٣- ستافێکی هەمیشەیی پێکبێت لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان لەو بەڕێزانەی کە شارەزان و پەیوەستن بەم بوارە لە یەکە ئیداریەکانی

فەرمانگە وستافی وەزارەت، چونکە زۆربەی دەزگە بەشداربوەکان بەم سیستەمە کار دەکەن. ئەوەش بۆ ئەوەی ئەم ستافە لە کەموکوریەکانی سالانە ئاگادار بن، هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن، بۆ باشتر کردنی پێشانگەی ساڵی داهاتوو.

**یووسف ئەحمەد مەنتک**

**٢٠١٥/١١/٢٢**

**ئەڵمانیا**

تێبینی/ هێندەک زانیاری سەرەتایی و مێژووی پێشانگە، وێنەی مێژوویی و ئارم وسیمبۆلەکان لە ماڵپەری بوخ مێسە وەرگیراوە، تەواوی زانیارییەکانی تریش خۆم لە ماپیرێس و مەیدانی و دیدار و بەشداری و ئامادە بوونم ڕۆژانە، وێنەکانیش خۆم گرتوومن.

**فۆتۆ: یووسف مەنتک**




ستافی ستاندی کوردستان


REGIONAL GOVERNMENT
MINISTRY OF CULTURE
میوانی باکوری کوردستان
شێرزاد حەسەن
زینعابدین
ئیبراهیم یەتکین
یووسف
قادر وەرتی


سەعدون یونس - بەختیار عەلی



بەخشینی خەڵاتی پەرلەمانی کوردستان بە جێگری سەرۆکی پیشانگەی کتێبی فرانکفۆرت




بەخشینی خەڵاتی پەرلەمانی کوردستان بە مۆزەخانەو
بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڤاتیکان




بەخشینی کتێبی کوردستان وڵاتی بارمتەگیراو بەدەزگای محمد بن راشد ئال مەکتوم
لەلایەن جەعفەر ئیمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان



بەخشینی کتێبی کوردستان وڵاتێکی بە بارمتە گیراو بەخاتوو
کلاودیا رۆت جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا



نێدی هۆپشمید بەرهەمهێنەری فلیمی یۆلی یەڵماز گۆنای



ستافی ستاندی کوردستان و میوانانی

# بەرهەمەکانی نووسەر

١– بەدرخانییەکـــان مالبـــاتێکی خەباتکـــار، ســـالی ٢٠٠٥ لەهەولێر لەسەر ئەرکی خۆم چاپکراوە.
٢– بیبلیۆگرافیای کوردستان لە چاپەمەنییەکانی ئەلمانیا و ولاتـــانی تـــری ئەورووپـــی، ســـالی ٢٠١١ لەلایەن وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیری بەرێـــوەبەرایەتی چـــاپ وبلاوکـــردنەوەی هەولێـــر چاپکراوە.
٣ – پەیڕەوی ناوخۆی ئالای شۆڕش ٢٠١٦.
٤ – ڕەچەڵەکـــی کـــورد، لە لایەن ئەکادیمیـــای بەدرخـــان چاپکراوە.

کتێبی ئامادە بۆ چاپ:
١ – مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی- بیبلیۆگرافیاو لێکۆلینەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی- ١٩٥٩-٢٠١٢، کتێبی یەکەم .
٢ – کورد لەپێشانگەی نێودەولەتی کتێبی فرانکفۆرت.
٣- دیوانی شیعری.